# نامەیەکی نەنێردراو

هەڵبژاردەیەك لە چیرۆکە بیانیەکان

وەرگێڕانی لەفارسییەوە

ئازاد نەجم

**وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان**

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە**

**بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر**

ناوی کتێب: نامەیەکی نەنێردراو

نووسەر: ئازاد نەجم

پیتچنین: وریا ئەحمەد — دانا قادر

نەخشەسازی ناوەرۆك: ئاری

نەخشەسازی بەرگ: بەرزین قاسم

چاپ: چاپخانەی ڕۆشنبیری

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٩٠٦) ساڵی (٢٠١٠)ی پێی دراوە.

*** مافی چاپکردنی پارێزراوە بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان و خاوەن کتێبەکە**

*** ئەم کتێبە و کتێبەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان لەسەر ئەم سایتە بخوێنەوە**

www.kurdchap.com

# پێڕست

دانپیانانی شەوی سەریساڵی نوێ..............................هێرمان سۆدێرمان
چرا..................................................ئارسکین کالدویل
زامی نادیار.............................................کارۆلی کیسفالۆدی
ماتیۆ فالکۆن.............................................. پراسپەر مرێمێ
چیرۆکی زستان.........................................ویلیام شکسپیر
ئاورێك لەڕابردوو........................................گی. دو. مۆپاسان
نامەیەکی نەنێردراو....................................ڤ ئۆسیپۆف
بێگانە ..................................................فرانسیس ئاستیگمۆلەر
میراتگری پەتریك......................................تۆماس هاردی
تاقە پیاوی ماڵێ.........................................  فرانك ئۆ کانەر
بزانە تەقە لەکێ دەکەی....................................هانس دۆمەنەگۆ
فیشەك.................................................  ئەلیکساندەر پۆشکین

## وتەیەك

خوێنــەری خۆشەویــست، ئــەم کۆمەڵــە چــیرۆکەی لەبەردەســتت دایــە، پێکهــاتوە لــە بەرهەمی نوسەرانێك کە مۆری مەزنایەتی ونەمری خۆیان ناوە بە تەوێڵی ڕۆژگارو دونیای ئەدەبیاتەوە.وەهۆکاری سەرەکی وەرگێڕانیشیان دەگەڕێتەوە بـۆ ئـەو کاریگەریـەی لـە سەر ناخی منیان جێهێشت. لەلایەکی تریشەوە هەستمکرد تـا ئەوجێیـەی ئاگـادارم ئـەم چیرۆکانە تا ئێستا نەکراون بە کوردی و خوێنەرانی کورد زمانی خۆمان لێیان بێبەشن.

هیوادارم توانیبێتم کارێکم کردبێ و ئەو پەیامەی چـیرۆکەکان هـەڵیان گرتـون، لـەم وەرگێڕانەدا ون نەبوبێ و ڕۆحی نەمری ئەو کەڵە نوسەرانەمان ئازار نەدابێت.

ئازاد نەجم

٢٠٠٨/١/١٦ ڕانیە

# دانپیانانی شەوی سەری ساڵی نوێ

هێرمان سۆدێرمان

خانمی خۆشەویست، زۆر سوپاس بۆ خوا کە بواری ئەوەی بۆ ڕەخساندم جارێکی تر بۆ گفتوگۆیەکی دۆستانە لەگەڵ تۆ دا دابنیشم. ئێستا، کە جەنجاڵی و سەرقاڵی جەژن کۆتایی پێهاتووەو جارێکی تر هەلی ئەوەت بۆ ڕەخساندم پێکەوە هێندێك قسە بکەین.

ئەی دادو هاوار لەدەست ڕۆژانی جەژنی کریسمس، ئەمن دڵنیام ئەم جەژنە لەلایەن شەیتانی چەپەڵەوە داهێنراوە بۆوەی ئێمەو کەسانی چەشنی ئێمە تەنیاو لانەوازی پێ ئازار بدات، پەرێشانی و ڕەنجەکانمان زیاتر بکات، شتێك کە لای خەڵکیی مایەی شادی و خۆشحاڵیە، بۆ ئێمە جگە لە ئازار، شتێکی تر نیە. ئەڵبەتە من ئەوە دەزانم کە هەر یەك لەئێمە، بەتەواوی واتا، تەنیا نین، لەوانەیە شادکردنی دڵی کەسانی تر، ئێمەش شاد بکات. ئەو شادیەی کە ڕازی ئەم جەژنە پیرۆزەی لە خۆی دا شاردۆتەوە. لە لایەکی تریشەوە ڕازیبوون بە بەشداریی لە شادی و خۆشی خەڵکیدا، بۆتە هۆکاری ئەوەی هەستی باوەڕ بەخۆبوون، لە ناخی خۆماندا بدۆزینەوە، وە بۆتە هۆکاری ئەو تاسەو ئارەزووەی کە بە بەراورد لەگەڵ دەردی دووری، کە من پێم باشە نێوی لێ بنێم دەردی هاوسەرگیری.

لێم دەپرسی بۆچی نەهاتووم گرێی ناخی خۆم لای تۆ بکەمەوە! تۆ بەو ڕۆحە پڕ لە سۆزەی خۆتەوە، کە بە هەمان ئەندازەی هاوڕەگەزەکانت سۆزو بەزەییان هەیە، دەتوانی ببیە خەمخۆر و پاڵپشتی خەڵکانی تر. نەهاتنم هۆکاری خۆی هەیە.بیرتە (شپیدڵ) لە کتێبە بەنێوبانگەکەی خۆی (باڵندەی تەنیا)دا چ دەڵێت؟

کتێبێك کە تۆ، ڕۆژێك دوای جەژنی کریسمس و بە ئاگادار بوون لەشێوازی بیرکردنەوەم، بۆت ناردم، ئەو دەڵێ: کەسی تەنیا، بەشێوەیەکی سروشتی، خوازیاری ئارامی و ئۆقرەیی نیە، تەنانەت ئەوساتانەی دڵتەنگ و ناکامیشە،لانی کەم هەوڵ دەدا چێژ لە ناکامی و غەمگینی خۆی وەرگرێ.

جگە لەو (باڵندەی تەنیا)یەی کە شپیدڵ باسی دەکا، تەنیاییەکی تریش هەیە کە پێی دەڵێن (دۆستایەتی بنەماڵەیی) ئەڵبەتە من مەبەستم لەوکەسە ماڵوێرانکەرانەیە کە

بەئاسـودەیی لەبەرامبـەر ئـاگری گـەرمی زۆپـای مـاڵێ دا پاڵدەدەنـەوەو خیانـەتیش لـە چاویان دەبارێ. تێدەگەی مەبەستم چیە؟ ئەو مامە دڵسۆزە، هاو پۆلی کۆنی باوکە، کـە لەحاڵێکـدا چەشـنی لانکـە منالـّە بـچوکەکەی لەسـەر چـۆکەکانی رادەژانـدو بابـەتی گۆڤارەکـانی بـۆ دایکـە دەخوێنـدەوە، لەهەمانکاتیـشدا هەوڵیـدەدا شـك و گومانـەکان بسڕێتەوە. من پیاوانێك دەناسم کە هەموو ژیـانی خۆیـان بـۆ خێزانێـك تـەرخان دەکـەن کەخۆشەویستی ئەویان دەستەبەرکردوە...

پیاوانێك کە بـێ هـیچ جـۆرە هـەواو ئارەزوویـەك لەگـەڵ ژنێکـی جوانـدا ژیـان بەسـەر دەبەن و لە ناخی دڵیانەوەش دەیپەرستن. دەڵێی گومانت لە قسەکانم هەیـە؟ لەوانەشـە تۆ لەسەر هەق بیت، بەلاّم دڵنیابە لەناخی پاکترین و بێگـەردترین دڵـەکانیش دا هـەواو ئارەزویەکی ئاژەلاّنە خۆی مەلاّس داوە...

بەلاّم جوان سەرنج بـدە قـسەکانم... ئـەم هـەواوئارەزووە لەوێـدا بـەزنجیر پەلبەسـت کراوە.

بۆ نموونە پێم خۆشە وتووێژی نێوان دووپیاوی پیری بەڕێزت بـۆ بگێڕمـەوە کـە پێـرێ شەوی سەری ساڵی نوێ، لە نێوان خۆیانـدا دەیـانکرد، چـۆنێتی بیـستنی ئـەم وتووێـژە بۆخۆی نهێنییەکەو داوا لە تۆش دەکـەم لای کـەس نەیـدرکێنی. کەوایـە ئێـستا مۆڵـەتم پێدەدەیت دەستپێبکەم؟

بـۆ ئـەوەی باشـتر رووداوەکـە لەمێـشکی خۆتـدا بەرجەسـتە بکـەیت، ژوورێـك بـە سایەبانێکی بەرزەوە بێنە بەرچاوی خۆت، کە بەشـێوازێکی کـۆن ڕازاوەتـەوە، ژوورەکـە بە ڕووناکایی چرایەك کە بەدیوارەوە هەڵواسـراوەو ئـاگرێکی کـزی ڕەنـگ سـەوزی هەیـە ڕونـاك بۆتــەوە، لــەو چــرایانەیە کــە بــەر لــە کــەڵك وەرگــرتن لــە نــەوت، باپیرانمــان بـەکاریانهێناون، ڕوناکاییـەکی شـکڵ چـوار گۆشـەیی لـەگڕی چـراکەوە دەدروشـێتەوەو دەڕژێتە سەر مێزێکی خـڕ کـە بەسەرچـەفێکی سـپی داپۆشـراوە، بەسـەر مێزەکەشـەوە هێندێك کەرەستە، کە بۆ دروستکردنی (پانچ)ی ساڵی نوێ دانراون، بەرچاو دەکەون.

دوو پیرەمێرد کە هەردووکیان لە نیوەسایەی چـرا گـر سـەوزەکە دانیـشتوون و نـاخی خۆیان بۆیـەکتر هەڵڕشـتووە، بـاس لـەڕۆژانی درێـژی ڕابردوویـان دەکـەن، پـشت کـۆم و لەرزۆك، بەچاوانێکەوە کە لەئـەنجامی پـیری دا تـینو سـۆمای خۆیـان لەدەسـتداوە، بـە

نیگایەکی خامۆشەوە لەبەرامبەر خۆیان ڕاماون. یەکێکیان، واتا خانەخوێکە، کاتی خۆی ئەفسەر بووە، مرۆڤ دەتوانێ ئەمە بەهۆی گرێی بۆینباخەکەی و سمێڵە ڕێك و قنجەکەی و برۆ سەربازیەکانیەوە هەست پێبکا، دانیشتووە و لەحاڵێکدا کە هەردوو دەستی وەك داردەست، توند بەکورسییە گەڕۆکەکەیەوە گرتووە، جگە لە شەویلاگەکانی، کە لەکاتی جاییندا لە هاتووچۆدان، جوڵەیەکی تری نیە. ئەوەی تر، ئەوەی کە لە نزیك ئەو لە سەر نیمکێتێك دانیشتووە، بالآیەکی بەرزی هەیەو لە سەرشانە باریکەکانیەوە سەرێکی خڕ بە ڕووخسارێکی بێرمەندانەوە قوت بۆتەوە، پایپێکی درێژی، کە لەحاڵی کوژانەوەدایە، بە دەستەوەیە و جارجار مژێکی بەکاوەخۆی لێ دەدا. لە نێو هەزاران چرچ و لۆچی ڕوخساری ژاکاویدا کە بەهۆی تۆپەڵە موویەکی سپی بەفر ئاساوە داپۆشراوە، زەردە خەنەیەکی لە باری پێوە دیارە، زەردەیەك کە تەنها ئاشتی و ئارامی دەتوانێ لە سەر ڕووخساری کەسێکی بە سالآچوودا بینەخشێنێ.

هەردوو بێ دەنگ ببون. لەگەڵ بێدەنگی تەواوی ژوورەکەدا، بۆنی ڕۆنی قرچاوە و بۆنی سروشتیی توتن و پایپ تێکەڵ ببوون، لە بەشە تاریکەکەی ژوورەکە، کاتژمێرە دیواریەکە، بە ئاوازی زەنگەکەی، کاتژمێر یانزەی ڕاگەیاند. کابرا سەر خڕەکەیان بە دەنگێکی هێدی و تێکەڵ بە لەرزینەوە گوتی: ئەو دروست لەم ساتانەدا دەستی بە دروستکردنی پانچ دەکرد. ئەوەی تر بە دەنگێکی توندەوە کە هێشتا حاڵەتی نەڕاندن و فەرمان دەرکردنی جارانی تێدا بەدیدەکرا دووبارەی کردەوە: بەڵێ دروست لەم ساتانەدا بوو.

یەکەم درێژەی دایە: هەرگیز نەمدەزانی ژیان بێ ئەو، هێندە سەخت و غەمناك دەبێت.

خانەخوێکەش لە کاتێکدا کە شەویلاکەکانی دەجولآن، سەری خۆی بە نیشانەی سەلماندن بۆ لەقاند. یەکەم درێژەی دایە: ئەو چل و چوار ساڵی ڕەبەق پانچی ساڵی نوێی بۆ ساز کردین. کۆنە ئەفسەرەکە گوتی: دروست ئەو ساتانە بوو کە گوازرامەوە بەرلین کە تۆ بوویتە ئاشنامان. ئەوەی تر گوتی: پار ئەم کاتانە پێکەوە چەند بە خۆشیی بە سەرمان برد، ئەو ئالەوێ، لە سەر موبیلەکە دانیشتبوو گۆرەوی بۆ (پال)ی چکۆلە دەچنی، بە قولی ڕۆچوبووە نێو کارەکەیەوە بیرمە دەیگوت دەبێ تا کاتژمێر

دوانـزه تـەواوی بکـەم، وە تەواویـشی کـرد، کاتـژمێر دوانـزە ئێمـەش پانـچی خۆمـان هەڵقوڕاندو بە ئارامییەوە دەربارەی مەرگ کەوتینە قسەکردن. ئەوە بو دوو مـانگ دواتـر ئەو جێی هێـشتین. وەك دەزانـی ئـەمن کتێبێکـی قـەبارە ئەسـتوورم دەربـارەی نـەمری خەیاڵ نوسیوە، کەتۆ هیچ کـات گرنگیـت پێنـەدا...وە ئێـستاش کـە تـۆ هاوسـەرەکەت مردووە، بۆ خۆشم زۆر گرینگی پێنادەم. ئیدی تەواوی خەیاڵی دونیا لای من شتێکی بێ واتایە.

ئەو پیاوەی کە ژنەکەی مردبوو واتا ئەفسەرەکە گوتی: بەڵێ، هاوسەرێکی بـاش بـوو، زۆر بە باشی چاودێری دەکردم سـەردەمانێك کـە دەبـا بـەیانیان کاتـژمێر پێـنج لەخـەو هەستابام و چووبامە یەکەی سەربازیەکەم، لەبەر من لەخەو ڕادەبـو تـا قـاوەم بـۆ سـاز بکات. ئەڵبەتە هێندێك هەڵەی هەبوو. بۆ نموونە ئەو سـاتانەی کـە لەگـەڵ تـۆدا دەچـوە نێو باسی ڕەفتارو ئاکارەوە...هەم.

ئەوەی تر لە حاڵێکدا کە لەبەر خۆیەوە پرتـەو بۆڵـەی دەهـات، هـەوڵی دەدا بـە سـەر لەرزینی دەم و لێوی خۆیدا زاڵبێت، گوتی: تۆش هەرگیز لە ناخی دڵی ئـەو نەگەیـشتیت و درکت پێنەکرد.

بـەڵام ئـەو سـەرنجەی کـە دابوویـە ڕوخـساری دۆسـتەکەی، میهرەبانانـە بـوو.دیـاربو تـاوانێکی شـاراوەو پـەنهان ڕۆحـی ئـەوی ئـازار دەدا، دوای ماوەیـەك بێـدەنگی گـوتی: فرانتیس! دەمەوێ شتێکت لا بـاس بکـەم... ڕووداوێـك... کـە سـەردەمانێکە ئـازارێکی زۆری پێوە دەچێژم و خەفەتی پێوە دەخۆم، نامـەوێ بـە شـاراوەیی لـەناخی خـۆمی دا بێڵمەوەو لەگەڵ خۆمدا بیبەمە گۆڕەوە.

خانەخوێکە لە حاڵێکدا کە دەستی بۆ پایپێکی درێژ، کە لە تەنیـشت کورسـیەکە بـوو، درێژ دەکرد، گوتی: زۆر باشە هەڵیرێژە با گوێم لێبێت.

: سەردەمانێك... ڕوداوێك... شتێك لەنێوان من و هاوسەرەکەتدا هەبوو.

کابرای خانەخوێ لە کاتێکـدا کـە خـەریك بـوو پایپەکـەی لـە دەسـت بـەردەبۆوە، بـە چاوانێکی دەرپەڕیوەوە لـە دۆسـتەکەی ڕوانـی: تکـات لێدەکـەم دکتـۆر واز لـەم گاڵتـەو گەپانە بێنە.

: نا فرانتیس، ئەمە ڕاستیەکی تاڵە...کە نزیکەی چل ساڵ دەبێ لە ناخی خۆمدا هەڵمگرتووە، بەڵام پێم وایە ئێستا باشترین دەرفەتە کە لەگەڵ تۆدا بیهێنمە گۆڕێ.

فرانتیس لە حاڵێکدا کە بەتووڕەییەوە هاواری دەکرد گوتی: مەبەستت ئەوەیە بڵێیت هاوسەرەکەم خیانەتی لێکردووم؟ دواتر لەحاڵێکدا کە قسەی دەکرد پاپیەکەی داگیرساند.

دۆستەکەی بە زەردەخەنەیەکی ئارام و غەمگینەوە وەڵامی دایەوە: خەجاڵەتی بکێشە فرانتیس...نا...ئەو وەك فریشتەکانی خودا پاك و بێگەرد بوو، ئەوە من و تۆین تاوانبارین، گوێم لێ بگرە، ئێستا کە چل و سێ ساڵ بە سەر ئەو سەردەمەدا تێپەڕیوە، ئەو کاتەی تۆ تازە بەپلەی ملازمەوە گوازرابوویتەوە بەرلین و منیش لە زانستگا دەمخوێند. خۆت بیرتە کە ئەوسا چەندە گورج و گۆڵ و سەرکێش بوویت. خانەخوێ لە حاڵێکدا کە دەستە پیرو لەرزۆکەکەی بۆ سمێڵی دەبرد، بە ئاماژەی سەر قسەکانی ئەوی سەلماند.

بەڵێ ئەوسا هونەرمەندێکی زۆر جوان هەبوو بە چاوانێکی ڕەش و گەورەو دەمێکی قنج و ددانی سپی و ڕێك... دێتەوە یادت...دەزانی مەبەستم کێیە؟

ئەفسەری پیر لەحاڵێکدا کە زەردەخەنەیەکی بێ گیانی بە ڕوخسارەوە بەدی دەکرا، وەڵامی دایەوە: بەڵێ لە بیرمە! نێوی ( بیانکا) بوو دەتوانم ئەوەشت پێ بڵێم بەو ددانە بچوکانەی زۆر باش گازی دەگرت.

: تۆ هاوسەرەکەت فریو دەدا! ئەو گومانی لێت هەبوو، بەڵام هیچی نەدەگوت لە ناخی لانەوازی خۆیدا خەفەتی دەخوارد. ئەو یەکەمین ژن بوو کە دوای مەرگی دایکم هاتە ژیانی منەوە. وەك ئەستێرەیەك لێم دەڕوانی، وەك کەسێك ئەستێرەیەك بپەرستێ، ڕۆژێکیان پێم بەجەرگی خۆمدا ناو هۆکاری ئەو نیگەرانیەم لێی پرسی، زەردە خەنەیەکی کردو گوتی ئێستاش هەست بە بێتوانایی دەکەم. ئایا بە بیرت دێ؟ ئەو دەمەی تازە (پاڵ)تان لە دایك ببوو. دواتر شەوی سەری ساڵی نوێی بە سەرداهات... چل و سێ ساڵ لە مەو بەرو شەوێکی لەم چەشنە. وەك جاران کاتژمێر هەشت وەژور کەوتم. ئەو سەرگەرمی چنین و دروومانی خۆی بوو، لە چاوەڕوانی هاتنەوەی تۆدا کتێبم بۆ دەخوێندەوە. چەندین کاتژمێر بەدوای یەکدا تێپەڕین و دەمبینی کە سات بە سات

نیگەرانتر دەبیٚ. لەرزێك هەردووكمانی داگرت، من دەمزانی تۆ لە كوێیت، زۆریش دەترسام لە باوەشی ئەو ژنەدا خەوت لێبكەوێت و كاتژمێری نیوە شەوی سەری ساڵت بیرچێتەوە. ئەو دەستی لە كارەكەی هەڵگرتبوو و منیش ئیدی نەمدەتوانی بەردەوامبم لەخوێندنەوە. بێدەنگیەكی ترسناك باڵی بەسەردا كێشا بووین. دواتر بینیم فرمێسك بەچاوانی دا هاتنە خواریٚ، بە ئارامی تك تك دەڕژانە سەر ئەو پارچەیەی لە سەر ڕانی بوو.زۆر نیگەران بوم، لەجێگای خۆم ڕاپەڕیم و یستم بێمە دەریٚ و بتهێنمەوە. نیازم هەبو بەزۆریش بیٚ،لە دڵخوازەكەت جیا بكەمەوە. بەڵام ئەویش بەخێرای لە جێگای خۆی بڵند بوو... هەر لەم شوێنەی كەئێستا من لێی دانیشتووم، لە كاتێكدا كە ترس سەرتاپای جەستەی داگرتبوو هاواری كرد: دەتەویٚ بۆ كویٚ بچیت؟ وەڵامم دایەوە: دەچم فرانتیس دێنمەوە. شاڵاوی بۆ هێنام و دەستەو دامێنم بوو بە دەنگێكی بەرز گوتی: بۆ خاتری خوا مەكە، لانیكەم تۆ بە تەنیا لێرە جێم مەهێڵە. خۆی گەیاندمیٚ هەردوو دەستی خستمە سەر شانم و ڕوخساری فرمێسكاوی خۆی بە سینگمەوە نوساند، هەموو لەشی دەلەرزی. تا ئەو ساتە، لە ژیانم دا هیچ ژنێك هێندەم لیٚ نزیك نەببۆوە، هێدی بوومەوە، دڵنەواییم كرد. هەستم كرد بەشێوەیەكی سروشتی پێویستی بە دڵنەوایی هەیە. لەو ساتەدا، لەناكاو تۆ هاتیتەوە، گۆناكانت سوور هەڵگەڕابوون، چاوەكانت گوزارشتیان لەحەزو شەهوەت دەكرد.ئاگات لەو هەڵچونەی نێوناخی من نەبوو، هەستت پێنەكرد. لەو شەوەوە گۆڕانم بەسەردا هات و ئەمەش دەیترساندم، كاتیٚ قۆڵە نەرمەكانی ئەو لە دەوری گەردنم بوون و هەستم بە بۆنی گوڵاوی قژی كرد، ئەو ئەستێرە درەخشانە لە ئاسمان هاتە خواریٚو لەشێوەی ژنێك خۆی نیشاندام و بەرامبەرم ڕاوەستا، ژنێكی نازدار، عیشق لە هەناسەكانی هەڵدەستا، زۆر خۆم پیس و خائین هاتە بەرچاو، بۆ ئەوەی بتوانم بەرێگایەك ویژدانم ئاسودە بكەم، بڕیارمدا هەرچۆنێك بوە دەبیٚ لە دڵخوازەكەت جیا بكەمەوە، بە خۆشبەختیەوە بڕێك پارەم لە بەردەستدا بوو، بەو بڕە پارەیە ڕازیم كرد لە خۆیت دوورخاتەوەو وازت لێبێنیٚ...

ئەفسەری پیر قسەكەی پیٚ بڕی و بەسەر سووڕمانەوە گوتی: هەی ناڕەسەن... ئەوە تۆ بوویت كە بوویتە هۆكاری ئەوەی (بیانكا) نامەی ماڵئاوایم بۆ بنێریٚ؟ نوسیبووی هەرچەندە بەو حاڵە نیگەرانە، بەڵام ناچارە وازم لیٚ بێنیٚ.

: بەڵێ من هۆکار بووم، بەلاّم گوێ بگرە... هێشتا قسەکانم تەواو نەکردوون، ئەمن وامدەزانی دەتوانم بەو پارەیە ئاشتی و ئارامی بکڕم، بەلاّم هیچ هەواڵێك لە ئاشتی و ئارامی نەبوو. بیرکردنەوەی سەرکێشانەم زۆر شێتانەتر دەگەیشتنە ترۆپکی خۆیان. خۆم لە نێو کارەکانمدا نقوم کرد... دروست ئەو کاتانە بوو کە سەرگەرمی نوسینی کتێبەکەم واتا (نەمری خەیاڵ) بووم، بەلاّم نەمتوانی ئارامی خۆم وەدەست بێنم. بەم شێوەیە ئەو ساڵەش تێپەڕی و جارێکی تر شەوی سەری سالی نوێ بەسەردا هاتەوە. جارێکی تریش، لێرە، لە تەنیشت یەکتردا دانیشتین، خۆم وخۆی! ئەمجارەیان تۆ لە ماڵەوە بوویتو لەژوورەکەی تردا نووستبووی، نانی ئێوارەی قومارخانە ماندووی کردبووی، بەرامبەری دانیشتبووم و چاوم بڕیبووە ڕووخساری زەرد هەڵگەڕاوی، ڕوداوەکەی ساڵی پارم بەتەواوی وردەکاریەکانیەوە هاتەوە یاد. ئەی خۆزگە جارێکی تر سەری ئەوم لەسەر سینەی خۆم هەست پێدەکرد، یەك جاری تر ماچم دەکرد... ئیدی هیچم نەدەویست...

بۆ ساتێك نیگای چاوەکانمان تێك ئالاّن، وامزانی پەی بەنیازی دڵم بردووە و لەنیگایدا وەلاّمێکی شاراوەو نەگوتراو هەیە. ئیدی توانای خۆڕاگرتنم نەما، نەمتوانی چیتر دان بەخۆدا بگرم، خۆم خستە سەر قاچی و ڕووخسارم لە باوەشیدا شاردەوە. لەوانەیە دوو چرکەیەك بوبێ کە بەم چەشنە بێجوڵە مامەوە، ئەویش دەستە پاك و بێگەردەکانی خۆی بەسۆزەوە بە سەرمدا دێناو بە دەنگێکی نەرم و دڵگیر، ئەم قسانەی دووبارە دەکردنەوە: هەستە پیاوی لێهاتوو... خۆڕاگربە دۆستی خۆشەویست... ئەو پیاوە لەژوورەکەی تر بەویەڕی بە دڵنیاییەوە لێی نوستوە، خیانەتی لێ مەکە. لەجێگای خۆم بڵند بوومەوەو بەسەرسوڕمانەوە لەدەورووبەری خۆمم ڕوانی،ئەویش کتێبێکی لەسەر مێزەکە هەڵگرت و دایە دەستم،منیش لەمەبەستەکەی حاڵی بووم، بێ ورتە کتێبەکەم کردەوەو دەستم کرد بە خوێندنەوە، نازانم ئەوەی خوێندمەوە چی بوو، وشەکان لەبەرچاومدا سەمایان دەکرد، بەلاّم زریانەکەی دەروونم خامۆش ببوو، کاتێك کاتژمێرەکە زەنگی دوانزەی شەوی ڕاگەیاند، تۆ بەڕووخسارێکی خەواڵووەوە بۆ مەراسیمی ساڵی نوێ وەژور کەوتی، ئەو ساتە گوناهەکانم لێ وەدوور کەوتبوون و ببوونە بەشێك لەڕابردوو.

لەو ڕۆژە بەدواوە ئـارامتر بوومـەوە، تێگەیـشتم کـە ئـەو وەڵامـی خۆشەویـستی مـنی نەدایـەوە، ئەمـەش وەك داخێـك بەسـەر دڵمـەوە مایـەوە کـە بۆچـی چـاوەڕوانیەکی لەوچەشنەم لێی هەبوو؟

چـەندین سـاڵ تێپـەڕین، منداڵـەکانتان گـەورە بـوون و زەماوەنـدیان کـرد، ئێمـەش هەرسێکمان پیر بووین، تۆ ئیدی وازت لەو چەشنە ژیانەی پێشووت هێنـا، ئیـدی ژیانـت بە فەرامۆشی سپاردو خۆت بۆ ژنێك تەرخان کرد، هەمان ئـەو کـارەی کـە مـن دەمکـرد، هەرگیز نەمدەتوانی عیشق و خۆشەویستی ئەو لە دڵ دەرکەم.

بەڵام ئیدی ئەم خۆشەویستییە شکڵێکی تری بەخۆوە گـرت، هـەواو ئـارەزوی دنیـایی جێگـەی خۆیـان دایـە پەیوەندییـەکی ڕۆحـی. ئەوکاتانـەی دەتبیـست باسـی ڕەفتـارو ئاکارمان دەکرد تۆ گاڵتەت پێدەکردین. بەڵام ئەگەر لە نزیکەوە ئاگاداری ڕۆحمـان بـای، ئێرەییت پێ دەبردین. ئێستاش کە ئەو مردووە، لەوانەیە بەر لەوەی سەری ساڵێکی تر ببینین، ئێمەش بمرین و بچینە لای ئەو. بۆیەپێم وایە ئێـستاکە باشـترین دەرفەتـە پێـت بڵێم : بمبەخشە فرانتیس ڕۆژێك لە ڕۆژان گوناهێکم بەرامبەر تۆ کردووە، تکایـە لـێم ببورە.

دەستی خۆی بەرەو لای دۆستەکەی درێژ کرد، بەڵام دۆستەکەی لە حاڵێکدا کە لەبـەر خۆیەوە بڵمە بڵمی دەهات،گوتی: تۆ چ دەڵێی! ئەوە کەی تاوانـە تـا شـایانی لێبـووردن بێت. ئـەوەی تـۆ ئێـستا بـۆت گێڕامـەوە، ئـەمن لەمێـژبو دەمزانـی. بۆخـۆی چـل سـاڵ لەمەوبەر ئەمەی لا درکاندم، ئێستا تێگەیـشتیت لەبەرچـی وەدوی ژنـانی تـر دەکـەوتم؟ تاسەرەنجام پیر بووم و بڕستم لێبڕا...لەبەرئـەوەی ئـەو هەرئەوکاتـە پێیگـوتم کـە تـۆ یەکەمینو دواهەمین خۆشەویستی ژیانی ئەویت.

دۆستەکەشـی تاسـاوو بـێ ورتـە... لـەوی دەڕوانـی، دەنگـی هێواشـی کاتژمێرەکـە دوانزەی شەوی ڕاگیاند.

سەرچاوە: نگاهی بە گزشتە/ ترجمە/پرویز ختایی/نشر سهند چاپ نخست1370

# چرا

ئارسکین کالدویل

داروده‌سته‌ی منداڵه قوتابییه‌کانی شار سه‌ر له‌ئێواریێ به‌به‌رجاده‌که‌دا تێپه‌ڕین، یه‌کێك له‌شه‌وانی نیمچه گه‌رمی کۆتایی وه‌رزی پایز بوو، منداڵه بزێوو هاروهاجه‌کان، دوور له‌چاوی پاسه‌وانانی شار کردبوویانه هاتو هاوارو جه‌ژنی سه‌رکه‌وتنی خۆیان له‌یاری فوتبۆڵ دا ده‌گێڕا. هه‌رکه گه‌یشتنه ئاستی ماڵی خانم (ویلیکنز)، که خانوویه‌کی بچوکی یه‌ك نهۆمی ره‌نگ نه‌کراو بوو، ڕاوه‌ستانو ده‌ستیان کرد به‌به‌رد بارانکردنیو ده دوانزه کوچکه به‌ردیان هاویشته حه‌وشێ. خانم ویلیکنزی وه‌نێو ساڵان که‌وتوو، تا لای ده‌رکێ رۆیشتو هاواری کردو هه‌ڵیڕوانیه ده‌رێ، منداڵه‌کان چه‌ند ساتێك به‌بێده‌نگی سه‌یریان کردو پاشان یه‌کێکیان به‌ده‌نگێکی گڕو به‌رز هاواری (چارلی) کرد.

خانم ویلیکنز ورده ورده گه‌ڕایه‌وه ژووریێو ئه‌و چرایه‌ی که هه‌میشه له‌پشتی په‌نجه‌ره‌که به‌داگیرساوی دایده‌نا، له‌گه‌ڵ خۆی هێناو گه‌ڕایه‌وه حه‌وشێ، منداڵه‌کان له ده‌رێڕا ده‌یانبینی که چۆن خانم ویلیکنز به‌چرایه‌که‌وه له ده‌وروبه‌ری ماڵێ، به‌دوای چارلیدا ده‌گه‌ڕێتو چۆن چراکه‌ی ده‌ستی بڵند راده‌گرێت تا به‌رپێی خۆی باشتر ببینێتو به‌رنه‌بێته‌وه. دوای ئه‌وه‌ی تاوێکی باش له‌ده‌وروبه‌ری ماڵێ گه‌ڕا، ڕاوه‌ستا به‌ڵکو گوێی له‌ده‌نگێك بێت... دوایه چه‌ند جار بانگی کرد: چارلی! هۆ چارلی! کوڕی خۆم له‌کوێی؟

شنه‌بایه‌ك هه‌ڵیکرده نێو حه‌وشه‌که‌و چراکه‌ی ده‌ستی خانم ویلیکنز وه‌پته‌پت که‌وت و سه‌ری لوله‌که‌ی دوکه‌ڵی گرت.

منداڵه بزێوه‌کان ڕۆیشتبوون، دوورکه‌وتبوونه‌وه، له‌به‌رچاوان ونببوون، ده‌نگیشیان وه‌به‌ر گوێیان نه‌ده‌که‌وت.

ده‌ستی خانم ویلیکنز وه‌له‌رزه که‌وت، به‌ڵام به‌ده‌سته‌که‌ی تر فریای ئه‌وه که‌وت بلوری چراکه بگرێتو نه‌هێڵێت به‌ربێته‌وه‌و بشکێت. جارێکی تر به سه‌رنج و وردبینییه‌کی زیاتره‌وه نێوحه‌وشه‌و پێش ماڵێو نێو باخچه‌ی ته‌نیشت ماڵه‌که‌یو ته‌نانه‌ت سه‌رجاده‌ش به‌دوای چارلیدا گه‌ڕا، به‌ڵام شوێنه‌وارێکی له چارلی وه‌ده‌ست نه‌که‌وت، سه‌ره‌نجام گه‌ڕایه‌وه ماڵێ و ده‌رگای داخستو چراکه‌ی له‌سه‌ر مێزی پشت په‌نجه‌ره‌که

دانـا، دواتـر بلـوره دوكـەڵ گرتووەكـەی سـرپەوە لەسـەر كورسـییەك دانیـشتو شـاڵە پەشمینەكەی بەسەر شانیدا دا، بەڵام ئۆقرەی نەدەگرت ئـارامی نـەبوو هەمیـشە لەگـەڵ خۆیدا قسەی دەكردو تاو ناتاوێك سەرێكی لای پەنجەرەكەی دەدا و گوێی هەڵدەخست.

لەماوەی نۆ ساڵی ڕابردوودا، هەموو دراوسێكانی ویستبوویان بەهەزار و یـەك زمـان لـە خانم ویلیكنز بگەیەنن كە ئیدی چارلی ناگەڕێتەوە، بەڵام نـەخێر! چـارلی كـوڕی وی بـوو بـڕوای پێبـو كـە درەنـگ یـا زوو ڕۆژێـك هـەردێت بگەڕێتـەوە. جگـە لـەم بۆچـوونانەی خۆی،كەس نەیتوانیبو شـتێكی تـری پـێ بسەلمێنێت. هەفتـەی پێـشوو دیسان یـەكێك لەدراوسێكان پێی گوتبوو: خانم ویلیكنز كوڕەكـەت نـەماوە، ئیـدی هـەرگیز ناگەڕێتـەوە ماڵێ،بێسود چاوەڕوانیی مەكە. خانم ویلیكنزیش وەك هەمیشە سەرێكی ناباوەڕانـەی بـۆ لەقاندبوو هیچی نەگوتبوو. نەیدەتوانی باوەڕ بەقسەی دراوسێكانی بكات، چارلی لەڕۆژی لەدایكبوونیەوە تەواوی بوونو نەبوونی ئەو بوو، بـاوەڕی وابـوو چـارلی هەمیـشە زینـدوو دەبێت و هەرگیز نامرێت.

یـانزە سـاڵ لەمەوبـەر چـارلی ویلیكنـز لـەماڵێرا بـەنیازی كـار وەدەركـەوتبوو، لەكارخانەیـەكی لاستیكسازی لـە (ئـاكرون) كـاری پەیـدا كردبـوو، دووسـاڵ دوای ئـەوە سەرۆكی كەلأنتەری شاری (ئاكرون) بەیاننامەیەكی بلأوكردەوە، كە تێیدا هاتبو: (چـارلی ویلیكنـز لەكارخانەیـەكی لاستیكـسازی كەوتۆتـە نێـو هـەویری مـەوادی كیمیاییـەوەو بەرلەوەی بتوانن كارێك بۆ ڕزگاربوونی بكەن لەو تێكەڵەیەدا گیانی لەدەستداوەو شتێكی ئەوتۆ لەپاشماوەی لاشەكەی نەماوەتەوە تا بۆ دایكی بنێرنەوە).

هەر ئەم هۆیەش بوو كە خانم ویلیكنز هەرگیز باوەڕی نەدەكرد چارلی كوڕی مردبێت. دراوسێكانی پێیان دەگـوت: خـانم ویلیكنـز كوڕەكـەت نـەماوە ئیـدی چـاوەڕوانی مەبـە. ئەویش لە وەڵامدا پێی دەگوتن: (كاتێك چارلی لێرە ڕۆیشت تەمـەنی بیـست سـاڵ بـوو، ئەگەر ئەمشەو بگەڕێتەوە دروست بۆتە سی و یـەك سـاڵ، لەوانەیـە تـا ئێـستا دروسـت وەك باوكی پیاوێكی باڵابەرزو تێكسمراو بێت، ئەوكاتەی بەنیازی كار چـوو بـۆ (ئـاكرون) پیـاوێكی كامـڵ نـەبوو، بـەڵام ئێـستا بۆخـۆی پیـاوێكی تـەواوە، دڵنیـام هـەركاتێكیش بێتـەوە، هێنـدە ناگۆڕێـت كـە نەیناسمـەوە، تەنانـەت گـەر زۆریـش گۆڕابێـت، هـەر دەیناسمەوە).

خـانم ویلیکنـز لەتەنیـشت پەنجەرەکـە لەسـەر کورسـییەك دانیـشتبوو دەسـتی بەردابوونەوە سەر ڕانیو وەك هەمیشە گوێ قولاّغ بوو، چـاوەڕێی هاتنـەوەی کوڕەکـەی دەکرد جارجار چەند ساتێك چاوی لەسەریەك دادەنان و لەترسـی ئـەوەی نـەبادا خـەوی لێبکەوێت،چاوی دەکردنەوە. بەدڵە کوتەوە لەو تاریکییەدا چـاوی لـەتارمایی کوڕەکـەی دەگێڕاو بەخۆی دەگوت: کوڕی من ئەوە دەزانێت کە دەبێت بگەڕێتـەوە، ئەگـەر هـەموو خەڵکی جیهان بـێنو بڵـێن کوڕەکـەت ناگەڕێتـەوە باوەڕیـان پێناکـەم، چـارلی لەتـەواوی ژیانیدا هەرگیز درۆی لەگەڵدا نەکردووم، کە لێرە ڕۆیشت پێیگـووتم هـەلم بـۆ هەڵکـەوێت دێمەوە، چـۆن نایەتـەوە ! تەنانـەت ئەوکاتـەی کەمنـداڵ بـوو بـە کەوچـکێکەوە بـەدوای چۆلەکاندا غاری دەدا، هەرکاتێك بانگم دەکرد و لێم دەپرسی هەمیشە ڕاستی دەگـوت و هەرگیز درۆی لەگەڵدا نەدەکردم، لەکاتی قسەکردنیشدا سەیری نێو چاوەکانی دەکـردم، چارلی کوڕێکی ڕاستگۆیە.

سەعاتە دیوارییەکە کە بەسەرووی ڕۆپا بوخارییەکەوە هەڵواسرابوو چەند جاران لێیـدا سـەیرێکی کاتژمێرەکـەی کـردو پاشـان ڕووی بەشـێوەیەك وەرگێـڕا کـەدەرەوەی لـێ دیاربێت، درەنگ نەبوو، چونکە ڕاهاتبوو تا سەعات یانزەو بگرە تادوای نیوەی شـەویش هەر بێدارو و چاو لەڕێی گەڕانەوەی کوڕەکەی بێت.

ئۆتۆمبیلێك لەسەرخۆ بەجادەی پێش ماڵێدا دەهات خـانم ویلیکنـز کـە ئـەم دەنگـەی بیست کەوتە گومانەوە، بەلاّم ئۆتۆمبیلەکە درێژەی بەڕێگای خۆیداو لەئاستی ماڵی خانم ویلیکنز تێپەڕی و ڕانەوەستا. خانم ویلیکنـز بـەخۆی گـوت: هەرچـۆنێك بـێ چـارلی هـەر دێتەوە، چ بەئۆتۆمبیل، چ بەپێیان.. دەزانم هەردێتـەوە، چـونکە خـۆی گـوتی دێمـەوە، نازانم بۆ ئەم خەڵکە هەمیشە هەر دەڵێن نایەتەوە ؟

لـەناکاو وایزانـی دەنگێکـی بیـستووە، بـێ ئاگـا لـەوەی کـە هـەرخۆی دەسـتی بەکورسییەکەدا دەهێناو دەنگێکی وەك جیڕەجـیڕی لێبـەرز دەبـۆوە، بـەلاّم وەك ئـەوە وابوو لەدوورەوە بکەوێتـە بـەرگوێ، دروسـت وەك جیڕەجـیڕی دەرکـی حەوشـەی پـێش ماڵێ.

بەر لەوەی بـیری لێ بکاتـەوە دەنگـی تەقەیـەك هـات، کـە بـەدەنگی تەقـەی دەرگـای حەوشە دەچوو سەری سوڕمابوو نەیـدەزانی چ بکـا، هـەروا دانیـشتبوو هـەموو ئەنـدامی

لەشــی دەلــەرزی، جــارێکی تــر دەنگــی تەقــەی دەرگــای هاتــەوە بــەرگوێ، ئــەمجارە بەخۆشـییەوە هەسـتاو هـاواری کـرد: چـارلییە. زۆر بەئەسـتەم تـوانی بـەر بـە ڕێژنـەی فرمێسکەکانی بگرێت، پاشان بەرەو گۆشـەیەکی ژوورەکـە بـزوت، کـە هەمیـشە لیباسـە خاوێنـەکانی لـەوێ لـە سـندوقێکدا هەڵـدەگرتن، بـە شـپرزەییەوە دەرکـی سـندوقەکەی کردەوەو فرمێسکی بەچاویدا دەهاتنە خوارێ‌و نەیدەهێشت دەوروبەری خـۆی بەباشـی ببینێ، کوێرانە دەجولاً. ویستی لیباسەکانی ماڵی دانێت‌و لیباسـە خاوێنـەکانی لەبـەرکا، دروست لەوساتەدا دەنگی تەقەی سێیەمی دەرگاکەی هاتەوە بەرگوێیان، ئەمجار دڵنیـا بوو کە دەنگی تەقەی دەرگایە، دەنگەکەی بـۆ جـاری سـێیەم بیـستبوو نـەدەکرا بـاوەڕ نەکا. هەرچۆنێکی بوو توانی لیباسە تازەو خاوێنەکانی بپۆشێت، کەوشی مـاڵێی دانـان‌و یەکێك لەسۆلەکانی لەپێکرد، بەلاّم تاکێکی دیارنەبوو، بەلاّم ئیدی کاتی ئـەوەی نـەمابوو بەدوایدا بگەڕێت. لەکاتێکدا کە بەدەستێکی تەوقەیەکی لەسەری دەدا بەدەسـتەکەی تـر هەوڵی دەدا دوگمەی لیباسە خاوێنەکانی دابخا، هاواری کـرد: هـاتم هـاتم.. چـارلی ئـەوە هاتم کوڕی خۆمم.

دوگمـەی لیباسـەکانی داخـست، بـەلاّم هێـشتا سـۆلەکەی نـەدۆزیبۆوە، دەیزانـی هـەر لەژوورێی داناوە بـەلاّم پێـی نەدەزانییـەوە، بێئاگـا لـەوەی کـە سـۆلە تەڕەکـەی لەسـەر زەوی ژوورەکە کەوتبوو، بەلاّم لەشـپرزەیی خۆیـدا نەیدەدۆزیـەوە. سـەرەنجام هاتیـەوە وەنیە چارلی؟ دەمزانی دەگەڕێیەوە مەگەر بۆخۆت نەتگوت دێمەوە؟

بەژوورێـدا گـەڕا... ڕاوەسـتا، چـراکەی هـەڵگرت و لـەژێر کورسـی و تەختەکـەدا بـۆ سـۆلەکەی دەگـەڕا. ئـاخ چـارلی دەمزانـی دەگەڕێیـەوە ئـەدی! سـەرەنجام سـۆلەکەی دیتەوەو لەپێی کردو چراکەی هەڵگرت‌و بەخێرایی بەرەو دەرگاکە وەڕێکەوت: چارلی!... کــوڕم! دەمزانــی دەگەڕێتــەوە چــاك دەمزانــی. کــە گەیــشتە دەرگاکــە بەدەســتە لەرزۆکەکانی کوێرانە کلۆمی دەرگاکەی دیتـەوەو چـراکەی لەسـەر زەوی ژوورەکـە دانـاو هەوڵیدا بەهەردوو دەستی کلۆمی دەرگاکە بترازێنێ، گوتی: ئێستا لێرەی چارلی؟

— لێرەم... دایە.

— ئاخ.. چارلی چەند خۆشحاڵم.

— بۆ دەرگاکەم لێناکەیتەوە دایە؟

دایکی هاواری کرد: ئاخ چارلی!... کوڕی خۆم!

هەرچۆنێك بوو کلۆمی دەرگاکەی ترازاندو کردیەوەو چراکەی هەلگرتو هەنگاوی هەلێنانو هاواری کرد: لەکوێی چارلی؟ چووە دەرەوە بۆناو حەوشەکەو لەناکاو یەکێك لەگۆشەیەك هاتە دەرێو گوتی: لێرەم دایە.

کەسێك کە کلاوەکەی تا سەرچاوان هێنابۆ خوارێ، لێی نزیك بۆوەو گوتی: نامناسیتەوە دایە؟ پیرەژن کە لەخۆشییان دەلەرزی گوتی: چارلی خۆم، ئەوە ئەتۆی کوڕی خۆم؟

کوڕیژگە هاتە پێشیێو دروست لەژێر تیشکی چراکەی دەستی خانم ویلیکنزدا ڕاوەستا.

ڕووخساری خانم ویلیکنز لە نیگەرانیی ئەم بارە چاوەڕواننەکراوەدا وێك هاتەوەو خەریکبوو برمێتە سەرزەوی. بەغەمێکی کۆنەوە کە لەئاوازی دەنگیڕا هەستپێدەکرا گوتی: بەلام تۆ چارلی من نیت!

منداڵەکان کە هەموو لەو دەورووبەرەو لەبن دیواری حەوشەکەدا خۆیان مەلاس دابوو بەبیستنی ئەم قسەیە دەستیانکرد بەپێکەنین.

لەسەر جادە منداڵێکیان کەنێوی (بن سیرز) بوو گوتبووی: منداڵینە سەیرکەن چۆن خۆم لەو پیرەژنە دەگۆڕمو سەری دەخەمەسەر. منداڵەکان بەشێوەیەك لەو دەورووبەرە خۆیان شاردبۆوە کە دەیانتوانی هەموو شتێك بەئاسانی ببینن‌و ببیستن.

خانم ویلیکنز لەحالێکدا کە فرمێسك بەچاویدا دەهاتنە خوارێ گوتی: بەلام تۆ چارلی من نیت! من کوڕی خۆم دەناسمەوە.

(بن سیرز) بەخێرایی کلاوەکەی لەسەرسەری خۆی فڕێداو لەحەوشەکە چوودەرێ و لەگەلێ منداڵەکانی تردا ڕۆیشتو لەچاوان ونبوون.

دوای ڕۆیشتنی منداڵە وردکەکان خانم ویلیکنز ماوەیەکی زۆر هەروا چرا بەدەست لەنێو حەوشێدا ڕاوەستا، بەخۆی گوت: بۆ تۆ نەبووی چارلی؟ دەنگی نەدەبیسترا گوتی: ئاخ چارلی تۆ نەبووی! .زۆر چاوەڕوانت بووم چارلی! بۆ تۆ نەبووی؟

دوای ماوەیەك چۆوە ژووری و دەرگای داخستو لیباسە تازەکانی دانان و قەدی کردنەوەو لەسندوقەکەی هاویشتنەوە.

دیسان چراکەی لەسەر لێواری پەنجەرەکە دانا، بیری کردەوە کە چراکە لەشوێنی تایبەتیی خۆی دابنێت تا ڕۆشنتر بێتو دوکەڵ نەکات، کاتێك دڵنیا بوو تیشکی چراکەی درەخشانەو بێ دوکەڵە، گەڕایەوەو بەرەو تەختی نوستنەکەی بەڕێکەوت، کە گەیشتە ناوەڕاستی ژوورەکە قاچی خزی و کەوتە سەرزەوی، نەیزانی بۆ هەڵخلیسکا، بەلاّم پێیوابوو لەبەر لوسی زەویەکە بووە. لەوساتەشدا یەکەمین بیرێك کە بەمێشکیدا هات ئەوەبوو ئەگەر چارلی هاتەوە دەبێت پێی بڵێت: لەم جێگایە لابدات. نەکا بەربێتەوە، ئەمجار دەرگاکەی بەڕوودا بکاتەوە.

سەرچاوە: گۆڤاری ایران جوان، ژمارە (١٤٤).

تێبینی/ ئەم چیرۆکەپێشتر لە ژمارە (٣٦٣) ی پاشکۆی ئەدەبو هونەری کوردستانی نوێ دا بلاّوبۆتەوە.

# زامی نادیار

کارۆلی کیسفالۆدی

ڕۆژێکیان بەیانی زوو بەرلەوەی دکتۆری شکستبەندی بەناوبانگ لەنێو جێگا هەستیێ، زانی نەخۆشێك مکوڕە لە سەر ئەوەی کە دەیەویێ بیبینێ و دەڵێ کە هێندە حاڵی خراپە تەنانەت یەك خولەکیش ناتوانێ دان بە خۆدا بگرێ و دەیەوێ دەسبەجێ دکتۆر ببینێ. دکتۆری شکستبەند بەخێرایی لیباسەکانی لەبەر کردوو خزمەتکارەکەی ئاگادار کردەوە ڕێنمایی نەخۆشەکە بکات.

پێدەچوو نەخۆشەکە یەکێك بێت لە کەسانی خۆشگوزەران و چینی دەوڵەمەندان، ڕەنگی پەڕیو و تێکچونی ڕەفتار و ڕوخساری، نیشاندەری ئازارێکی زۆر بوو، دەستی ڕاستی بە ملیەوە بەسترابوو هەوڵی دەدا بە سەر خۆی دا زاڵ بێت،بەلاَم جارجار ئازار بە ڕوخساریەوە دەردەکەوت.

— تکا دەکەم فەرموو دانیشە، چیت بۆ بکەم؟

— دکتۆر هەفتەیەك دەبێ نەمتوانیوە بنووم. کێشەیەك لە دەستی ڕاستم دا هەیە، من نازانم چیە. بۆی هەیە شێرپەنجە، یان نەخۆشییەکی تری ترسناك بێت، سەرەتا ئازاری زۆر نەبوو، بەلاَم بەم دواییانە، ئارامیی لێ هەڵگرتوم، زۆر ئازاری هەیە، سات بە سات زیاتر دەبێ، چیتر لە تواناما نەماوە، هاتوومە شار ڕاوێژت پێ بکەم.

ئەگەر بڕیار بێت تا کاتژمێرێکی تر بەم ئازارەوە بژیم، شێت دەبم، تکات لێ دەکەم بیسوتێنە، یان بیبڕەو و دەری بێنە، بە هەر حاڵ کارێکم بۆبکە.

دکتۆری شکستبەند بە گوتنی ئەوەی کە لەوانەیە پێویست بە نەشتەرگەری نەکات، ویستی هێندێك دڵی نەخۆشەکە بداتەوە.

نەخۆشەکە بە پێداگرییەوە گوتی: نا... نا... دەبێ نەشتەرگەریم بۆ بکەیت من بەو مەبەستە هاتووم جێگای ئازارەکەم بۆ ببڕیت، جگە لەمە، هیچ شتێکی تر دادم نادا. بە زەحمەتێکی زۆر توانی دەستی لە ژێر لەفافەکە بێنێتە دەرێ و درێژەی دایە: داوای لێبوردن دەکەم، سەرت سوڕنەمێنێ کە دەبینی هیچ شوێنەوارێك بە دەستمەوە دیار نیە، ئەمە زامێکی زۆر نا ئاسایە.

دکتـۆر جـارێکی تـر نەخۆشـەکەی دڵنیـا کـردەوە کـە لەگـەڵ ئـەو شـتە نائاسـاییانەدا ڕاهاتووەو سەرسام نابێت.

دوای ئەوەی کە سەیری دەستی کرد، بە سەر سوڕمانێکی زۆرەوە دەستی بەردا، هیچ شتێکی نائاسایی نەبینی، وەك هەموو دەستێکی تر، زۆر ئاسایی بو، تەنانەت ڕەنگیـشی زۆر سروشتی بوو، بەڵام دیار بوو ئـەو پیـاوە زۆری ئـازار هـەبوو، کـاتێ دکتـۆر دەسـتی بەردا، خێرا بە دەستی چەپی توند دەستی ڕاستی خۆی گرت، بەکردەوە سەلماندی، کە ئازارێکی زۆری هەیە.

— کام جێگایە ئازاری هەیە؟ ئەویش ئامـاژەی بـە جێگایـەکی بـچوك دا کـە کـەوتبووە نێوان دوو دەمارەوە، کـاتێ دکتـۆر ویـستی بـە سـەری پەنجـەی دەسـتی لێ بـدات، ئـەو بەخێرایی دەستی کێشایەوە.

— ئێرە ئازاریی هەیە؟

— بەڵێ زۆر ئازاری هەیە!

— هەست بە فشاری دەستی من دەکەیت؟

کابرا نەیتوانی وەڵام بداتەوە، بەڵام چەند دڵۆپە فرمێسکێك کـە بـە چـاوانیدا دەهاتنـە خوارێ، گوزارشتیان لە ئازارێکی زۆر دەکرد.

— زۆر نائاسایە، هیچ شتێك دیار نیە!

— منیش هەروا دکتۆر! بەڵام ئازارەکە هەر بەردەوامـە، مـردنم لا خۆشـترە نـەك ژیـان بەم ئازارەوە.

دکتــۆر جــارێکی تــر زۆر بــە وردی ســەیری دەســتی کــرد، دەســتی خــستە ژێــر مکرۆسکۆبەوە، ئەندازەی پلەی گەرمی دەستی گـرت، سـەرەنجام سـەری بـاداو گـوتی: پێست کێشەی نیە، دەمارەکـان زۆر سروشـتین، بـچوکترین هـەوکردن و ئەسـتور بـوونی پێوە دیار نیە، وەك هەموو دەستێك، زۆر سروشتیە.

— دکتۆر هەست دەکەم ئێرە تۆزێك سوور هەڵگەڕاوە.

— کوێ؟

کابرا بازنەیەکی بە ئەندازەی یەك دانە پارەی ئاسـن لـە سـەر دەسـتی خـۆی نیـشانی دکتۆر دا و گوتی: ئێرە دکتۆر.

دکتۆر سەرنجێکی لێداو کەوتە بیرکردنەوە، کە لەوانەیە لەگەڵ شێتێك دا تێکەوتبێ. بۆیە گوتی: تکات لێ دەکەم چەند ڕۆژێك لەشاردا بمێنەوە، بەڵێنت پێ دەدەم هاوکاریت بکەم.

– بەڵام دکتۆر ئەمن ناتوانم یەك خولەك چیە ئارام بگرم. پێت وایە ئاوەزم لە دەست داوە؟ یان دوچاری خەیاڵات بووم؟ ئەم برینە نا دیارە بە شێوەیەکی ترسناك ئازارم دەدا، داوات لێ دەکەم ئەو بەشەی پێستی دەستم تا سەر ئێسك ببڕیت و دەری بێنی.

– کاکی بەڕێز من کاری وا ناکەم.

– لە بەر چی؟

– لەبەر ئەوەی کە دەستی تۆ کەم و کوڕی نیە و وەك دەستی من ساغ و سەلیمە.

– هەست دەکەم بە شێتم دەزانیت! یان واهەست دەکەی دەمەوێ فریوت بدەم؟

نەخۆشەکە لە حاڵێکدا کە ئەم قسانەی دەکرد، لە نێو کیسەباخەڵەکەی دا ئەسکەناسێکی هەزارفلۆرینی دەرهێناو خستیە سەر مێزەکە.

– سەیرکە کاکی دکتۆر، ئەمن بەڕاستیمە، ئەم ئازارەم هێندە لەلا گرینگە کە هەزار (فلۆرین) ی بۆتەرخان بکەم، تکات لێ دەکەم کەرەستەی نەشتەرگەریەکەت ئامادەبکە.

– ئەگەر پارەی هەموو دنیام بدەیتێ، نەشتەر لە سەر ئەندامێکی کارای جەستە، ناخەمە کار.

– لەبەرچی؟

– لە بەر ئەوەی ئەم کارە دوورە لە ڕەوشت و نەریتی پیشەکەی من، وە لە لایەکی ترەوە هەمووان تۆ بە گەمژە دەزانن ومنیش تاوانبار دەکەن بەوەی کە کەڵکم لە لاوازی تۆ وەرگرتووە، یان دەڵێن هەستی بەوە نەکردووە کە هیچ برینێك لە گۆڕێ نەبووە.

– زۆر باشە قوربان، کەوایە ئێستا داوای هاوکاریەکی بچوکت لێ دەکەم، من بۆ خۆم ئەم نەشتەرگەریە دەکەم، تەنیا شتێك کە لەتۆم دەوێت، ئەوەیە دوای ئەوەی کە نەشتەرگەریەکەم کرد تۆ برینەکەم بۆ (پانسمان) بکەیت.

دکتۆر سەری سوڕماو زانی کابرا بەڕاستیەتی.

کابرا چاکەتەکەی داناو قۆڵی کراسەکەی هەڵکردو چەقۆیەکی بچوکی لە گیرفانی هێنا دەرێ. بەرلەوەی دکتۆر بتوانێ پێشی پێ بگرێ، چەقۆی لە دەستی خۆی خستە کار.

دکتۆر لەترسی ئەوەی نەکا یەکێك لە دەمارەکانی دەستی خۆی ببڕێ هاواری کرد: ڕاوەستە، ئێستا کە هەر سووری لە سەر ئەم کارە، ڕاوەستە خۆم بۆت نەشتەرگەری دەکەم.

دکتۆر کەرەستەی نەشتەرگەری ئامادە کرد، کاتێ ویستی دەست بەکار بێت داوای لە نەخۆشەکە کرد ڕووی خۆی وەرگێڕێ، چونکە زۆر کەس هەن، بە بینینی خوێنی خۆیان دەشڵە ژێن.

نەخۆشەکە گوتی: پێویست بەوە ناکات ڕوی خۆم وەرگێڕم، چون دەبێ ڕێنماییت بکەم تا کوێ و تا چەند بیبڕیت.

ئەو بێ هیچ دژکردەوەو کاردانەوەیەك توانی لە ژێر تیغی دکتۆرەکەدا خۆی ڕاگرێ. توانی بە ڕێنماییە بەسودەکانی خۆی، یارمەتی دکتۆرەکە بدات. تەنانەت نەیهێشت یەك تۆز دەستی بلەرزێ، وە کاتێکیش کە زوێڵە گۆشتەکە هێنرایە دەرێ لە کانگای دڵیەوە ئاهێکی ئاسودەیی هەڵکێشا.

دکتۆر پرسی: ئایا هەست بە ئازار دەکەیت؟

نەخۆش بە بزەیەکەوە وەڵامی دایەوە: نا... هەرگیز... دەڵێی ڕەگی ئازارەکە بڕدراوە، ئازار و ژانێك کە لە جێگای برینەکە هەستی پێ دەکەم، وەك شنە بایەکی فێنکە، کە دوای کەشێکی گەرم و سوتێنەر، هەڵبکا، لێگەڕێ، کێشە نیە با خوێن زیاتر بڕژێ چونکە ئارامی زیاترم پێ دەبەخشێ.

دوای ئەوەی برینەکە پانسمان کراو بەسترا، نەخۆشەکە زۆر خۆشحاڵ و ڕازی دەهاتە بەر چاوان. بە تەواوی گۆڕا بوو بە دەستی چەپ دەستی دکتۆری گوشی و سوپاسی کرد: زۆر سوپاست دەکەم.

دوای نەشتەرگەریەکە دکتۆر چەند جارێك نەخۆشەکەی لەو میوانخانەیەی لێی جێگیر ببوو بەسەرکردەوەو دواتر هەستی کرد کە کەسێکی پایە بەرزە.

لە ناخی خۆیدا هەستی بەرێز کرد بەرامبەر بەو. ئەو کەسێکی تێگەیشتوو ڕۆشنبیروو ئەندامی یەکێك لە باشترین بنەماڵەکانی ناوچەکە بوو.

کاتێ زامەکە بە تەواوی بەرەو ساڕێژ بونەوە دەچوو، کابرا بەرەو ماڵەکەی خۆی کە هەر لە دەورووبەری شار بوو، ڕۆیشتەوە.

سێ هەفتە دواتر نەخۆشەکە جارێکی تر هاتەوە لای دکتۆرەکە. دەستی دیسان بە ملیەوە هەڵواسی بوو، هەمان جێگا و هەمان ئازاری کوشندە. ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو ئارەقەیەکی سارد بەڕوخسارییەوە بریسکەی دەدا. خۆی خستە سەر موبێلێك و بێ ئەوەی یەك قسە بکا، دەستی خۆی بەرامبەر چاوی دکتۆر ڕاگرت.

– ئای خودایە، چیە؟ چی ڕویداوە؟

ئەو بە ناڵەیەکەوە وەڵامی دایەوە: تۆ بە ئەندازەی پێویست بە قوڵی نەتبڕی، ئازارەکەی لە جاری پێشوو زیاترە ئیدی کارم تەواوە، نەمدەویست جارێکی تر ببمە هۆی شێواندنی ئارامی و ئاسودەییتان، بۆیە هەوڵم دا، دان بەخۆمدا بگرم، بەڵام ئیدی لەمە زیاتر خۆ ڕاناگرم دەبێ جارێکی تر نەشتەرگەریم بۆ بکەیتەوە.

دکتۆر بەوردی سەرنجی جێگای نەشتەرگەریەکەی دا، ئەو جێگایەی کە ئەو نەشتەرگەری بۆ کردبوو بە تەوای چاك ببۆوە، پێستێکی تازەی هێنابۆوە، هیچ کام لە دەمارەکانی زەبریان پێنەگەیشتبوو، (نەبز) یشی سروشتی بوو، هەرچەندە تا داینەگرتبوو، بەڵام هەموو ئەندامی لەشی دەلەرزی.

دکتۆر گوتی: لەوەتای دکتۆرم شتی لەم چەشنەم نەبینیوەو نەبیستووە.

ئیدی چار نەمابوو، تەنیا ڕێگە چارە ئەوە بوو جارێکی تر نەشتەرگەری بۆ بکاتەوە، هەموو کار و بارەکان وەك جاری پێشوو بە ڕێکوپێکی تێپەڕین، نەشتەر گەری ئەنجام درا و ئازار کۆتایی پێهات، گەرچی نەخۆشەکە ئارام و هێدی ببۆوە، بەڵام ئەمجارەیان بزە نەیگرت.

کاتێ ماڵئاوایی لە دکتۆر کرد، حاڵەتێکی نائارام و غەمگینی هەبوو. لە کاتێکدا دەیویست ئەوێ جێبێڵێ ڕووی لە دکتۆر کردو گوتی:

ئەگەر مانگێکی تر هاتمەوە لات، هیوادارم سەرت سوڕنەمێنێ.

– نابێ بیر لەوە بکەیتەوە.

ئەو بە دڵنیایەوە وەڵامی دایەوە: چۆن دەزانم خودا هەقە ئاواش دەزانم کە...

دواتر دکتۆر ئەم بابەتەی لەگەڵ چەندین کەس لە هاوکارانی خۆی هێنا گۆڕێ، هەر یەك لەوان بۆچوونی جیاوازیان هەبوو، بەڵام یەك کەسیشیان نەیانتوانی وەڵامێکی گونجاوو جێگەی باوەڕی بدەنەوە.

مانگێك تێپەڕی، بەلاّم نەخۆشەکە هیچ هەواڵی نەبو، چەند هەفتەیەکی تر بەسەردا ڕۆیشت، لە ناکاو ڕۆژێك، لە بری خۆی، نامەیەك گەیشتە دەستی دکتۆر، ئەویش بەو خەیاڵەی کەئیدی ئازاری دەستی کابرا چاك بۆتەوەو سەری هەڵنەداوەتەوە، نامەکەی کردەوە.

دکتۆری خۆشەویست! نامەوێ لەبارەی نەخۆشیەکەی خۆمەوە چیتر تۆ لە شك و گوماندا بهێڵمەوە، وە بۆ خۆشم هیچ گرنگییەك لەوەدا نابینم ڕازێك لەگەڵ خۆمدا بەرمە نێو گۆڕەوە. دەمەوێ باسی ئەو ئازارە ترسناکەی خۆمت بۆ بکەم، کە تا ئێستا سێ جاری تر سەری هەڵداوەتەوە، بەلاّم ئیدی نیازم نیە چیتر لەگەڵی دا بکەومە بەرامبەرکێ. ئێستاش بەدانانی پارچەیەك پشکۆ وەکو ژار بڕ لە دژی ئەم ئاگرە دۆزەخییە لەسەر شوێنی ئازارەکە، توانیومە نامەت بۆ بنوسم.

شەش مانگ لەمەو بەر من مرۆڤێکی زۆر خۆش بەخت بووم، دەوڵەمەند و ڕازی لە ژیان، هەموو ئەو شتانەی کە دەکرێ پیاوێکی سی و پێنج ساڵە شادو بەختەوەر بکەن، لە بەر دەستم دابون. ساڵێك لەمەوبەر زەماوەندم کرد، زەماوەندێك کە لە خۆشەویستییەوە سەرچاوەی گرتبوو.

هاوسەرم کچێکی لاو، زۆر جوان، میهرەبان و ڕۆشنبیر بوو، هاوڕێیەتی لەگەڵ کۆنتێسێك دا هەبوو کە لە نزیك ئێمە دەژیا. عاشقی من بوو، لەناخی دڵەوە بەرامبەر من دڵسۆز بوو، تا شەش مانگ ژیانمان بەخۆشی تێپەڕی، هەر ڕۆژ خۆشتر لە ڕۆژی پێشوو، کاتێ کە دەچوومە شار ئەو بە پێیان ماوەیەکی درێژی دەبڕی و بە پیرمەوە دەهات. لێم وەدوور نەدەکەوت، تەنانەت لای هاوڕێ و دۆستە دێرینەکانیشی لە چەند کاتژمێرێك زیاتر نەدەماوە. ئەو خۆشەویستییە بە تینەی بۆ من، ببووە هۆی تورەیی هاوڕێ و دۆستانی. هیچ کات لەگەڵ پیاوێکی تردا سەمای نەدەکرد، ئەگەر پیاوێکی لە خەوندا دیبا وەك ئەوەی تاوانێکی گەورەی کردبێ، بۆی دەگێڕامەوە. وەك منالێك خۆشەویست و میهرەبان بوو.

نازانم چ شتێك بوە هۆی ئەوەی بەم چەشنە بیربکەمەوە کە ئەم هەڵسوکەوتانەی، جگە لە ڕووکەش شتێکی تر نین، مرۆڤ بە ئەندازەیەکی زۆر سەر کوێر و بێ هەستە ئەگینا چۆن لەو پەڕی خۆش گوزەرانی و شادی دا بە دوای بەدبەختی دا دەگەڕێ؟

ئـامێرێکی بـچوکی درووـمـانی لــه مــاڵێ هــەبوو، هەمیــشە چــەکمەجەکەی بــەکلیل دادەخست، وردە وردە لەمە کەوتمە گومانەوە و ئازاری دەدام، زۆر جار سەرنجم دەدایە هەگیز کلیلەکەی لەسەر جێ نەدەهێشت و هەمیشە داخـراو بـوو، بـەردەوام چـاودێری دەکرد.

خودایـە چ شـتێکی لـەنێو ئـەو چـەکمەجەیەدا هـەڵگرتوە؟ کـە بـەم شـێوەیە لـە منـی دەشارێتەوە؟... شێتی کردبووم، ئیدی باوەڕم بـە مـاچ و باوەشـی میهرەبـان و چـاوانی بێتاوانی نەمابوو، وام دەزانی بەم ڕەفتارانەی دەیەوێ خۆیم لێ بێنێتـە پێـشەوەو فریـوم بدا.

ڕۆژێکیان کۆنتێس هات بۆلای تا ئەو ڕۆژە پێکـەوە لـە قـەڵادا بـە سـەر بـەرن، منـیش بەڵێنمدا کە دواتر بچم بۆ لایان، هێشتا گالیسکەکە لـە حەوشـەی مـاڵێ دەرنەچـووبوو، کـەمن کەوتمـە کردنـەوەی چـەکمەجەی مەکینـەی درووـمانەکـە. سـەرەنجام یـەکێك لـە کلیلـەکان کـە تـاقیم دەکردنـەوە، چـەکمەجەکەی کـردەوەو دوای ژێـرو ژوور کردنـی کۆمەڵێك پێداویستی ژنانە، لە نێو بەستەیەکی ئاوریشمی دا کۆمـەڵێك نامـەم دۆزیـەوە، بەیەك سەرنج دەکرا هەسـت بکـەی ئـەم نامانـە لـە چ بابـەتێکن، بـەڵێ، ئەمانـە نامـەی عاشقانە بوون، کە بە قەیتانێکی نێو چەوان پێکەوە بەسترابوونەوە.

هیچ بیرم لەوە نەکردەوە ئەم کارەی من شەرەفمەندانە نیە، تەنگەتاو بووم بۆ زانینـی نهێنییەکانی سەردەمی کچێنی هاوسەرەکەم، هەرچەند ئەمە کارێکی دوور لـە ڕەوشـت و بەزاندنی سنوری کەسایەتی ئەوە! نازانم چ شتێك بـووە هۆکـاری ئـەوەی تـا درێـژە بـە کارەکەم بدەم. گوتم لەوانەیە ئـەم نامانـە پەیوەنـدیان بـەم دوایـیانـەوە هـەبێت... دوای زەماوەندەکەمان.

قەیتانەکەم کردەوەو نامەکانم یەك بە دوای یەکدا خوێندنەوە.

ترسناکترین ساتەکانی ژیانم بوو. نامەکان خائینانەو لە توانای بەخشین بـەدەر بـوون، لەو چەشنانەی لە دژی پیاوێك ئەنجام دەدرێـن، ئەونامانـە لەلایـەن یـەکێك لـە نـزیکترین دۆســـتەکانی منـــەوە نوســـرابوون، گوزارشـــتیان لـــە ناســـکترینو قـــوڵترین عیـــشق دەکرد،هاوسەرەکەمی هاندەدا زۆر ڕازگر بێت، باسی لە پیـاوانی گێـل و گەمـژە دەکـرد، هاوسەرەکەمی فێر دەکرد چیبکات بۆوەی پیاوەکەی هەروا بێئاگا بێت. تەواوی نامەکان

لـه دوای زەماوەندەکەمانـەوە نوسـرابوون، لـە حالێکـدا کـە مـن وام دەزانـی پیـاوێکی خۆشبەختم! ناتوانم باسی بکەم لە چ بارێك دا بـووم، تـا دوایـن دڵـۆپ خـوێنم ژەهـراوی ببوو، نامەکانم بەستنەوەو لە حەشـارگەکەی خۆیـانم دانانـەوەو دووبـارە چـەکمەجەکەم داخستەوە. دەمزانی ئەگەر نەچمە قەڵا، ڕۆژ ئاواش بـێ، سـەرم لێ دەداتـەوە. هـەرواش دەرچوو.هاتەوەو بـەگورجی خـۆی لـە گالیـسکەکە فرێـداو بـەرەو لای مـن هـات کـە لـە هەیوانەکەدا ڕاوەستا بووم. بە خۆشەویستییەکی زۆرەوە لە باوەشی گـرتم و ڕایموسـیم، من خۆم بە شێوەیەك نیشان دا وەك ئەوەی هیچ شتێك ڕوی نەدا بێ.

وەك جاران پێکەوە قسەمانکرد و دواتر نانمان خوارد و پاشان بۆ نوسـتن هـەر یەکـەو بەرەو ژووره تایبەتیەکەی خۆمان ڕۆیشتین. ئەو ساتە من نەخشەی خۆم بۆ بـەکاربردنی کردەوەیەکی تۆڵە سەندنەوە داڕشتبوو. تا کـاتێ شـەو چـوومە ژوورەکـەی چـاوم بڕییـە ڕوخساری جوان و میهرەبانی کـە لـە خـەودا بـوو. بـە خـۆمم گـوت دەبـێ مـرۆڤ چـەندە فریوکار و بەدبەخت بێ تا بەم چەشنە بەئاشـکرا تـاوان بکـات. ژەهـراوی بـوون تـەواوی بوونی داگرتبووم. هەموو دەمارەکانی جەستەمی داگرتبوو. دەستی ڕاستم خـستە بینـی و بە تەواوی هێزو توانام گوشـیم. بـۆ یـەك چـرکە سـات چـاوەکانی هـەڵێنان و بـە سـەر سـوڕمانەوە چـاوی تێـبڕیم، دواتـر چـاوەکانی لێـك نـان و گیـانی دەرچـوو. هـیچ دژ کردەوەیەکی بۆ بـەرگری کـردن لـە خـۆی نیـشان نـەدا، وەك ئـەوەی بیـەوێ بنـوێ، بـە ئارامی گیانی سپارد، تەنانەت ئەو ساتەیش کە کوشتم، هیچ بەرگری لەخۆی نەکرد.

دڵۆپە خوێنێك لە دەمیەوە هاتە خوارێ و بە پشتە دەستی من کەوت... خۆت دەزانی مەبەستم کوێیە. ئەمن بەیانی دڵۆپە خوێنەکەم بینی کە ئیدی وشك ببۆوە.

بە مەراسیمێکی کورت بەخاکمان سپارد من لە نزیك ئاوایی لە شوێنی تایبـەتی خـۆم دەژیـام. لـەوێ بەرپرسـێکی یاسـایی لێ نـەبوو تـا بکەوێتـە دوای مردنەکـەی و لێـی بپێچێتەوە، لە لایەکی ترەوە کەس نەیدەتوانی فکرێکی خراپ لەبارەی منەوە بکاتـەوەو گومانم لێ بکات. لە لایەکی ترەوە هاوسـەرەکەم خـزم و کەسـێکی نزیکـی نـەبوو، لەبـەر ئەمـە پرسـیارێك نەهاتـە گـۆڕێ تـا شـایانی وەڵام دانـەوە بـێ. خۆشـم دوای مەڕاسـیمی ناشتنی بە ئەنقەست چەند ئاگاداریەکم بەم لاو لادا نارد تا هەواڵی مـەرگیی ڕابگەیـەنن، بۆ ئەوەی خۆم لە دەست کۆمەڵە کەسێکی ناپەسەند ڕەها بکەم.

هەستم بە هیچ ئازارێکی دەروونی نەدەکرد، من دڵ ڕەقانە ڕەفتارم کرد، بەڵام ئەو شایانی ئەوە بوو، پێی نیگەران نەبوومو بەئاسانی دەمتوانی لە بیری خۆمی بەرمەوە، منیش وەك زۆربەی پیاو کوژەکان زۆر بە خوێن ساردیەوە کارەکەمم ئەنجام دابوو.

ئەو ڕۆژە کاتێ گەڕامەوە کۆنتێس تازە گەیشتبوو، هەر وەك من دەمویست درەنگ هاتبوو، نەیتوانی بوو لەکاتی خۆیدا خۆی بگەیەنێتە مەراسیمی ناشتنەکە. لە ژێر فشارێکی دەروونی زۆردا بوو. دیار بو ئەو هەواڵە ترسناك و چاوەڕوان نەکراوە گێژو سەرسامی کردبوو، لە حاڵێکدا کە دەیویست دڵم بداتەوە قسەی نا ئاسایی دەکردن، کە من تێیان نەدەگەیشتم، یان باش گوێم لێ نەدەگرت.

لەڕاستیدا من پێویستیم بە دڵدانەوەی کەس نەبوو. دواتر زۆر دۆستانە دەستی گرتم و گوتی کە متمانە بەمن دەکاو دەیەوێ ڕازێکم لا بدرکێنێ، هیوای خواست لەو نێوەدا بەهەڵە تێنەگەم و پەلە نەکەم.

دواتر پێی گوتم زۆری متمانە بەژنەکەم هەبوەو ماوەیەك لەمەوبەر بەستەیەك نامەی کە لەبەرهێندێك هۆکارنەیتوانیوە لەماڵی خۆیاندا هەڵیان بگرێت، داوەتە هاوسەرەکەم، وە هەروەها گوتی ئەمە ئەو پەڕی خۆشەویستییە ئەگەر بێتو نامەکانی بدەمەوە.

کاتێك گوێم لەم قسانەبو، هەستم بە تەزوویەکی سارد کرد لە بڕبڕەی پشتم دا، هەرچۆنێك بو ئارامی خۆمم وە دەستهێنایەوەو پرسیم: ئەو نامانە چ بوون؟

لەم پرسیارەی من لەرزی و گوتی: ژنەکەی تۆ باوەڕپێکراوترین و بە وەفاترین ژنێك بوو، لە ژیانم دا بینیبێتم، لەگەڵ ئەوەشدا، هەرگیز ئەو پرسیارەی لێنەکردم کە ناوەڕۆکی نامەکان چین، بەڵێنیشی پێدام هەرگیز سەیریان نەکات.

– نامەکانتی لە کوێ هەڵگرتبوون؟

– لەنێو چەکمەجەی مەکینەی دروومانەکەدا دانابوون و قفڵی کردبوو، نامەکان بە قەیتانێك پێکەوە بەسترابوونەوە بە ئاسانی دەیدۆزیتەوە نزیکەی سی نامە دەبن.

ئەوم لەگەڵ خۆم دا بردە ئەو ژوورەی مەکینەی دروومانەکەی لێبوو، دەرگای چەکمەجەکەم کردەوە و بەستە نامەکەم دەرێناو دامە دەستی.

– ئایا ئەمانە نامەکانی تۆن؟

به شادیەوە لە دەستی وەرگرتم و لە ترسان سەرم بڵند نەکرد نەکا لە چاوانم دا شتێك بخوێنێتەوە. ئەویش بێ دواکەوتن لێی دا ڕۆیشت.

دروست یەك هەفتە دوای بەخاك سپاردنی هاوسەرەکەم، لەو جێگایەی دەستم، کە لەو شەوە ترسناکەدا دڵۆپـە خـوێنێکی بەسـەردا ڕژا، هەسـتم بـە ئـازارێکی زۆر کـرد. ئیـدی پاشماوەکەی بۆخۆت دەیزانـی. دەزانم ئـەم ئـازارە جگـە لـە وەبیرهێنانـەوە و پـەیامێك شتێکی تر نیە، بەڵام ناتوانم خـۆمی لێ ڕزگـار بکـەم، ئەمـە سـزاو ئـازاری پەلـە کردنـە، پەلەکردنێك کەمن لە کوشتنی هاوسەری بێ تاوانو خۆشەویستمدا کردم، ئیدی لەمەودوا لەمە زیاتر نامەوێ بەرامبەرکێ لەگەڵ ئەم ئازارەدا بکەم. دەڕۆم بـۆلای هاوسـەرەکەم و داوای لێبوردنی لێ دەکەم. دڵنیام دەمبەخشێ، وە منی خۆشدەوێ، وەك ئـەو سـاتانەی لە ژیاندا بوو.

دکتۆر! زۆر سوپاس لەو هەموو هاوکاریەی بە منت کرد.

سەرچاوە: نگاهی به گزشته و چند داستان دیگر/ ترجمه: پرویز ختایی/ نشر سهند.

# ماتیۆ فاڵکۆن

پراسپەر مرێمێ

کاتێك گەشتیارێك بیەوێ لە باکوری ڕۆژئاواوە "پۆرتۆ چیۆ" جێ بێڵێو ڕێگای خۆی بەرەو دوورگەکە درێژە پێبدا، هەست دەکات کە زەوی، زۆر بە خێرایی بەرز دەبێتەوە. لە دوای سێ کاتژمێر ڕێگا برین، بەسەر ڕێگە پڕ چاڵو چۆڵو پێچاوپێچەکەدا کە بە هۆی تاشە بەردە گەورەکانەوە وای لێهاتووە، خۆی لەمەرزی "ماکویس"ی گەورەدا دەبینێتەوە. ماکویس قەڵەمڕەوی شوانەکانی کۆرسیکان وجێگای کەسانێکە کە کێشەو گیروگرفتی یاساییان هەیە.

پیاوێکی خەڵکی کۆرسیکان بۆ ئەوەی خۆی لە دەست کێشەو مەینەتییەکانی وەبەرهێنانی کێڵگەکەی ڕزگار بکات، هەڵدەستێ بەشێك لە زەوی جەنگەڵ ئاگر دەدا. ئێستا ئیدی ئەگەر بڵێسەی ئاگر زیاد لە ڕادەی پێویستیش تەشەنە بکات، ئەو هەرچۆنێك بێت دڵنیایە لەبەرهەمی ئەو خاکەی کە بۆتە خۆڵەمێشو بە درەختە سوتاوەکان داپۆشراوە، بەشی سەرەوەی بەرهەمەکەی خۆی کۆدەکاتەوە. چڵە گەنمەکانیش کە دوورینەوەیان کارێکی بێ ئەنجامە، هەر ئاوا بەجێدێڵێ.

بەهاری دواتر ئەو ڕەگانەی زیانیان پێنەگەیشتوەو لە زەویدا ماونەتەوە دووبارە دەڕوێنەوەو چڵەکانیان چڕۆ دەکەنو لەماوەی چەند ساڵێکدا حەوت تا هەشت پێ بەرز دەبنەوە، بەم بێشەلانە چڕو تێکچڕژاوە دەڵێن ماکویس.

ماکویس بەجۆرەها دارو دەوەنو گژو گیا، کە لە ئەنجامی هەوەسبازی سروشتدا بە شێوەیەك تێکچڕژاوە، کە مرۆڤ ناتوانێ بێ تەورداس، ڕێگای خۆی بەنێویدا بکاتەوە، لەهێندێك جێگاش بە شێوەیەك چڕو تێکچڕژاوە کە کەم گیان لەبەر هەیە بتوانێ بەنێویدا گوزەر بکا.

ئەگەر کەسێکت کوشتووە، بێ دواکەوتن خۆت بگەیەنە ماکویسی پۆرتۆ چیۆ، بە گوللەو باروتو تفەنگێکی باشەوە، لەوێ ترست نەبێ، بەلام بالا پۆشێکی قاوەیی کلاودارت بیر نەچێ، کە هەم لێفەو هەم دۆشەکیشتە.

شوانەکان شێرو پەنیرو شابەرووت دەدەنێ، ئیدی نابێ هیچ ترسێکت لە یاساو کەس‌و کاری کوژراوەکە هەبێ، تەنها ئەو کاتانە نەبێ کە ناچاریت بۆ کارێکی گرنگ رووبکەیتەوە شار.

ئەو ساڵەی کە من لە کۆرسیکا بووم "ماتیو فالکۆن" ماڵەکەی لە فرسەخ‌و نیوێکی ماکویس بوو، ئەو کاتە بە پیاوێکی دەوڵەمەند دەهاتە ئەژمار وخانە دانانە دەژیا، بۆخۆی کارێکی نەدەکرد، تەنیا بە داهاتی مێگەلەکەی دەژیا، مێگەلەکەی پیاوانی رەشماڵ نشین بۆ لەوەراندن دەیان بردنە کەژو کێوەکان. ئەو کاتەی من بینیم دوو ساڵ تێپەڕیبو بەسەر ئەو رووداوەی کە ئێستا دەمەوێ بۆتانی بگێڕمەوە.

پیاوێکی پەنجا ساڵ یان برێك زیاتر دەهاتە بەر چاوان، بیهێنە بەرچاوی خۆت بچوك ئەندام، مووەکانی تیژ، رەش وەك خەڵوز، کەللەیەکی هەڵۆییانە، لێوانی باریك‌و چاوانی گەورەو بێ ئارام، رووخساریشی دەتکوت پێستی دەباغی کراوە. لێهاتوویی ئەو لە نیشان شکێنیدا تەنانەت لە ناوچەکەی خۆشیاندا کە نیشان شکێنی باشی لێبوون بێ هاوتا بوو. بۆ نموونە ئەو هەرگیز مەرێکی بە تاپڕ نەدەکوشت بەڵکو لە دووری سەدو بیست هەنگاوەوە و بەبەتەنیا فیشەکێك کە ئەویش لە کەللەی یان شانی دەدا، دەپێکا. بەشەویش زۆر بە ئاسوودەیی دەیتوانی کەڵك لە تفەنگەکەی وەربگرێت. رووداوێکیان لەبارەی لێهاتوویی ئەوەوە بۆ باس کردم، لەوانەیە بۆ زۆر لەو کەسانەی کە گەشتی کۆرسیکایان نەکردبێت، جێگای باوەڕ نەبێ. مۆمێکی داگیرساو لە دووری هەشتا پێ لە پشتی پارچە کاغەزێکی روون بە ئەندازەی قاپێك دادەنێن‌و ئەویش نیشانەی لێدەگرت، لەو کاتەدا مۆمەکەیان دەکوژاندەوەو ئەویش بەو تاریکیە تەقەی لێدەکردو لە چوار فیشەك سیانیان بەر پارچە کاغەزەکە دەکەوتن. بە ئەنجامدانی ئەم کارە ئەستەمانە ماتیۆ فالکۆن توانیبووی ناوبانگێکی گەورە وەدەست بێنێ، دەیانگوت کە هەمان شێوە دۆستێکی باشە، دەتوانێت دوژمنێکی مەترسیداریش بێ. جارێ ئەو، بە بەخشندەیی‌و هاوئاهەنگی لەگەڵ دەورووبەرو لەناوچەی پۆرتۆ چیۆ لەگەڵ هەمووواندا بە ئاشتی‌و ئارامی دەژیا، دەیانگوت لە (کورتە) ئەو جێگایەی کە لەگەڵ هاوسەرەکەیدا زەماوەندی کرد زۆر بە ئەستەم توانیبووی لە دەست دوژمنێکی مەترسیدارو سەر سەخت گیانی خۆی دەرباز بکات دوژمنێك کە پێدەچوو لە شەڕو عیشقدا مرۆڤێکی ترسناك بێت. رۆژێك

کە لە ماڵەوە لە بەرانبەر ئاوێنەیەك کە لە بەردەم پەنجەرەکەدا هەڵواسرابوو ریشی خۆی دەتاشی، لە دەنگی فیشەکێك سەری سوڕما هەڵبەتە ئەو فیشەکەیان بۆ ئەو تێگرتبوو. دواتر کێشەکە بڕایەوەو ماتیۆ زەماوەندی کرد. هاوسەرەکەی واتا (جیۆسپا) سەرەتا سێ کچی بوون — کە ماتیۆیان زۆر تورە کرد دواتر کوڕێکی بوو کە نێویان لێنابوو (فورتونا) ئەم منداڵە تاقانەیە ببووە جێگای ئومێدی خێزانەکە، باوکی زۆر ئارەزووی دەکرد ناوی ئەو بە بڵندی ڕاگرێ. کچەکان مێردیان کردبوو، دەیتوانی لە کاتی پێویستدا بە نێزەو کارابینەوە زاواکانی لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە. فۆرتونا تەمەنی دە ساڵ بوو، بەلاَم چاوەڕوانی ئایندەیەکی باشی لێدەکرا.

ڕۆژێکی پاییزی، بەیانی زوو ماتیۆ لەگەڵ هاوسەرەکەی بۆ بەسەرکردنەوەی یەکێك لە مێگەلەکانیان وەڕێکەوتن، فورتونای چکۆلە دەیویست لەگەڵیاندا بچێ، بەلاَم ڕێگاکە دوور بوو لەلایەکی ترەوە واپێویستی دەکرد یەکێك لەماڵێ بمێنێتەوەو چاودێری ماڵەوە بێت. ئەمە ڕای باوکی بوو، بەلاَم بە زوویی ڕوون بۆوە کە لەو کارەی پەشیمان دەبێتەوە.

چەندین کاتژمێر بەسەر ڕۆیشتنیاندا تێپەڕی بوو، فۆرتونای چکۆلە لەبەر تیشکی خۆردا بە ئارامی ڕاکشابوو سەرنجی ئەو شاخانەی دەداو لە بیری ئەوەدا بوو کە یەکشەممەی داهاتوو دەبێ بچێتە شارو نانی نیوەڕۆ لەگەڵ مامیدا بخوات. لە ناکاو دەنگی دەسترێژێك هەودای بیرکردنەوەی پساند، لە جێگەکەی بڵند بوو ڕووی بەرەو لای دەنگەکە وەرسوڕاند، دەنگی تەقەی تری وەبەر گوێیان کەوت، کە تا دەهات نزیکتر دەبۆوە، سەرەنجام لەو جادەیەی کە بەرەو ماڵی ماتیۆ دەهات پیاوێك وەدەر کەوت، کلاَوێکی نووك تیژی شاخەوانەکانی لەسەر بوو، ریشی درێژوو جلو بەرگی دڕابوون، بەیارمەتی تفەنگەکەیی و زۆر بەئەستەم دەیتوانی بەرەو خوارێ بێت، دیاربوو گوللە بەر ڕانی کەوتبوو. ئەم پیاوە یاخییەك بوو کە جارجار، شەوانە بۆ کڕینی باروت دەچوٚ شارو لە ڕێگادا کەوتبووە داوی دەستەیەکی بچووکی پیادەی کورسیکانەوە، دوای بەرگرییەکی جەسوورانە، کە تەواو لێی نزیك ببوونەوە، بەلاَم بەتەقە کردنی بەردەوام توانیبووی خۆی دووربخاتەوەو پاشەکشە بکات، بەلاَم برینەکەی قاچی ڕێگر بوو لەوەی کە لەکاتی خۆیدا خۆی بگەیەنێتەوە ماکویس، هەربۆیەش تا دەهات سەربازەکان زیاتر

تەنگیان پێهەڵدەچنی و لێی وەنزیك دەكەوتن. لە فورتونا نزیك بۆوەو گوتی: تۆ كوڕی ماتیۆ فالكۆنی؟ من جیانتۆ ساپیرۆم، یەخـە زەردەكـان دوام كـەوتوون، لـە جێگایـەك بم شارەوە، لەمە زیاتر ناتوانم بڕۆم.

– ئەگەر بێ مۆڵەتی باوكم بتشارمەوە چیم پێدەڵێ؟

– پیرۆزباییت لێدەكات.

– تۆ بەچی دەزانی كە ئەم كارەی منی پێ باش دەبێت؟

– خێرابە، بمشارەوە، خەریكن دەگەنە ئێرە.

– ڕاوەستە تا باوكم دێتەوە.

– چۆن دەتوانم چاوەڕوان بم، نـەفرەت لـە...، تـا پێـنج خولـەكی تـر دەگەنـە ئێـرە، خێرابە بمشارەوە، وەلاّهی دەتكوژم.

فۆرتونـا زۆر بـە خوێنـساردیەوە وەلاّمـی دایـەوە: تفەنگەكـەت فیـشەكی تێـدا نییـەو ڕەختەكەی بەرپشتیشت بەتاڵن.

– بەلاّم خۆ خەنجەرم پێیە.

– بەلاّم ناتوانی بە خێرایی دوام بكەوی؟ لە هەمان كاتدا لە جێی خۆی دەرپەڕیو لـە یاخییەكە وەدوور كەوت.

– ئەگەر لێگەڕێی من لەبەردەم ماڵەكەی ئێـوەدا بگـرن، دیـارە كـوڕی مـاتیۆ فـالكۆن نیت.

كوڕە جوڵەیەكی كردو گوتی: ئەگـەر بتـشارمەوە چـیم دەدەیـتێ؟ پیـاوە یاخییەكـە دەستی بردە نێو كیسەچەرمێك كە بەكەمەریدا شۆڕ ببـۆوە پێـنج فرانكیـەكی، كـە دیـار بوو بۆ كڕینی كەرەستەی پێویست پاشەكەوتی كردبـوو، دەرهێنـا، فۆرتونـا بـە بینینـی پارە زیوەكە بزەی هاتێ، لەدەستی جیانتۆی وەرگـرتو گـوتی: هـیچ مەترسـەو، ئیـدی بێ دوا كەوتن چاڵێكی گەورەی لە نێو كۆمەڵە كایەك كـە لـە نزیـك ماڵیـان بـوو، دروسـت كردو جیانتۆ چووە ناوی‌و ئەویش بە شـێوەیەك داپۆشـی، بێئـەوەی ببینـرێ دەیتـوانی هەناسە بدات. فورتونا بەخێرایی پشیلەیەكی بە بێچووەكانییەوە، خستە سـەر كایەكـە، دواتر شوێنەواری پەڵە خوێنەكانی سەر جادەكـەی زۆر بـە وریـایی‌و لێزانیـەوە بـە خـۆڵ داپۆشی. دوای ئەنجامدانی ئەم كارانە جارێكی تر زۆر بە ئاسوودەیی ڕاكشاو خـۆی دایـە

بەر خۆر چەند خولەك دواتر شـەش كـەس، بـە یونیفـۆڕمی قـاوەیی  یەخـە زەردەوە بـە فەرمانـدەری سەردەسـتەیەك، لـە بـەردەم مـاڵی مـاتیو فـاڵكۆن قـووت بوونـەوە. ئـەم سەردەستەیە یـەكێك لـە خزمـە دوورەكـانی مـاتیو فـاڵكون بـوو، پەیوەنـدی خزمایـەتی لەكورسیكا بە بەراورد بە شوێنەكانی تر بەهێزترە، نێوی "تیۆدۆر گامبـا" بـوو، پیاوێـك بـوو زۆر شـێل گـیرو سـەر سـەخت، كـە یاخییـەكان زۆر لێـی دەترسـان. تـا ئەودەمـە توانیبووی چەند كەسێكیان لێ بخاتە داوەوە.

لە حاڵێكدا كە لە فورتونا نزیك دەبۆوە گوتی: ڕۆژباش ئـامۆزا چـكۆلە، چـەند گـەورە بووی، ئەرێ كەست نەدیوە بێرەدا تێپەڕێ؟

منداڵەكە بە سادەیی وەڵامی دایەوە: ئۆو ئامۆزا ئەمن هێشتا باڵام بە ئەنـدازەی تـۆی لێنەهاتووە.

– بە زوویی وای لێدی، ئەرێ بەڕاست پیاوێكت نەدی بێرەدا بڕوا؟ ئەگەر دیوتـە پـێم بڵێ.

– باشە ئەگەر دیتبێتم ؟

– ئەرێ، پیاوێك بە كڵاوێكی نوك تیژ لە قەدیفەی ڕەشو كوڵە بـاڵێكی زەردو سـووری گوڵدۆزی كراوەوە.

– پیاوێك بە كڵاوێكی نوك تیژو قەدیفەی ڕەشو كوڵە باڵێكی زەردو سووری گوڵـدۆزی كراوەوە؟

– ئا ئا، زوو وەڵامم دەوە، پرسیارەكانی من دووبارە مەكەرەوە.

– ئەمڕۆ بەیانی كەشیش "پەیرۆ" بە ئەسپێكەوە بە بەردەم ماڵی ئێمەدا تێپەڕی و لە تەندروستی پاپای پرسیو منیش وەڵامم دایەوە....

– ئاخ نارەسەنی چكۆلە، دەتەوێ فریوم بدەی؟ زووبە پێم بڵـێ جیـانتۆ لـە كـام لاوە ڕۆیشت؟ ئێمە بە دوای ئەودا دەگەڕێین، من دڵنیام كە هاتە ئێرە.

– بەچی دیارە؟

– بەچی دیارە؟ بەوەی دڵنیام كە تۆ دیوتە.

– ئایا مرۆڤی خەوتوو دەتوانێت تێپەڕینی كەسێك ببینێ؟

– ڕێوی فێڵباز! تۆ نەخەوتبووی، دەنگی تەقەكان لەخەویان كردی.

– باشـه ئـامۆزا تـۆ پێـت وایـه دەنگـی تفەنگـەکانتان هێنـدە گـەورەی! بـەلاّم خـۆ کارابینەکەی باوکم لە تفەنگەکانی ئێوە باشترە.

– نەفرەتی خوات لێبێ هەرزەی هەڵـوەر، ئـەمن دڵنیـام کـە جیـانتۆت دیـوە، بـۆی هەیـە حەشاریـشت دابـێ. وەرن هاورێیـان بـا بـچینە ژووری بـزانین ئـەوەی دەمانـەوێ لێرەیە یان نا.

فورتونا بە تەوسەوە پرسی: ئەدی ئەوسا باوکم چ دەڵێ؟ کاتێ بزانێ کەسێك چۆتە ژوورەوە بەبێ ئەوەی خۆی لەماڵ بێ؟ ئەوسا دەڵێ چی؟ سەردەستە لە حاڵێکدا گوێی لە فورتونا گرتبوو گوتی: ئای ڕێوی! ناچارم دەکەی ئاوازی دەنگت بگـۆڕم، بـۆی هەیـە دوای ئەوەی کە بە پانایی شمشێرەکەم بیست شـەللاقم لێدای ئەوسـا بەناچـاری بێیتـە قسە.

فورتونا درێژەی دایەو بە لاقرتێوە گوتی: بەلاّم بیرت نەچێ کوڕی ماتیۆ فالکۆنم.

یەکێ لە سەربازەکان بە سرتە گوتی: سەردەستە ئاگاداربە تووشی کێشەی ماتیۆمـان مەکە!

زۆر ڕوون بوو کە گامبا خۆی دۆڕاندووە. بە چپە لەگەڵ ئـەو سـەربازەی کـە ماڵەکـەی پــشکنیبوو قــسەی دەکــرد. ئــەم کــارە زۆری نەخایانــد، مــاڵی کەســێکی کورســیکان پێکهاتووە لە ژوورێکی چوار گۆشەو مێزێكو چەند نیمکەتو سـندوقی پێداویـستییەکانی ماڵو هێندێك شتی تر.

لەم نێوەدا فورتونا سەرگەرمی نەوازشی پـشیلەکەی بـوو، کـە دەیبینـی سەردەسـتەو سەربازەکانی گێژو چەواشە کردووە چێژی وەردەگرتو کـەیفی بـەخۆی دەهـات. یـەکێك لە پیاوەکان لە کۆمەڵە کایەکە وە نزیك کەوت و سەیری پشیلەکەی کرد، دواترلەحاڵێکدا شـانەکانی بردبوونـە سـەرێ، بـێ ئـیرادە سـەرنێزەیەکی چـەقاندە نێـو کایەکـە، هـیچ جوڵەیەك نەبینراو لـە ڕووخـساری کوڕیژگەشـدا بـچوکترین گۆڕانکـاری بەرچـاو نەکـەوت. سەردەستەو سەربازەکان نـەفرەتیان لـە بـەختی خۆیـان دەکـرد، ئـەوان ئیـدی سـەیری دەشتاییەکەیان دەکردو لەو فکرە دابوون لە کوێوە هاتبوون، لە وێوە بگەڕێنەوە. بـەلاّم کاتێك سەردەستە هەڕەشەکانی خۆی لەسەر کوڕە بێ ئاکام بینی ویستی دوایین هـەوڵو کۆششی خۆی بە شێوەی نەرمو هێدی لەگەڵدا بخاتـە کـار بـەم هۆیـەوە گـوتی: ئـامۆزا

چکۆله تۆ منداڵێکی زۆر زیرەکی، زۆر بەزوویی دەتوانی خۆت بەڕێوە بەری، بەڵام نـازانم ئێستا ئەم یارییە شەیتانییە چییە لەگەڵ مندا دەستت پێکردووە، ئەگـەر زانیبـام نابمـە هۆکاری لەبەین بردنی ڕەنجی ئامۆزاکەم، سوێند بە خوا لەگەڵ خۆمـدا دەمـبردی، بـەڵام دڵنیابە کاتێك ئامۆزاکەم هاتە شارو سەری لێداین، ئەم کێشمە کێشەی بۆ باس بکەم کـە ئـەو هـەموو درۆیـەت لەگەڵـدا کـردوم؟ هێنـدەت لێـدەدا، تـا خـوێن لـە جەسـتەت هەڵدەچۆڕێ.

– بەم قسانە مەمترسێنە.

– دەیبینی، بەڵام ئارام بگرە، ئەگەر کوڕێکی باشبیت شتێکی جوانت دەدەمێ.

– ئامۆزا گوێ بگرە ! ئامۆژگارییەکت دەکەم: ئەگەر لەمـە زیـاتر دوا بکـەوی، جیـانتۆ خۆی دەگەیەنێتە ماکویس، ئەوسا پیاوێکی زۆر لەتۆ وریا تری دەوێ کە بتوانێ بیگرێ.

سەردەستە کاتژمێرێکی زیوی لـە گیرفـانی هێنایـە دەرێ، کـە نرخەکـەی نزیکـەی دە کراون بـوو، فورتونـا بـە بینـینی کاتژمێرەکـە، چـاوەکانی درەوشـانەوەو سەردەسـتەش لەحاڵێکدا کە زنجیرەکەی بەدەستەوە گرتبـوو هەسـتی بەمـە کـردو گـوتی: ئـەی فێڵبـاز ناتەوێ کاتژمێرێکی لەم جۆرەت هەبێتو وەك تاوس بە کۆڵانەکانی پۆرتۆچـیۆدا پیاسـە بکەی؟ خەڵکی لێت دەپرسن: کاتژمێر چەندە؟ تۆش وەڵام دەدەیتـەوە: سـەیرکە بزانـە چەندە !

– کاتێك گەورە بووم مامم کاتژمێرێکم دەداتێ.

– هەڵبەتە ! بـەڵام، منداڵـە چـکۆلەی مامـت کاتـژمێرێکی هەیـە، هەڵبەتـە وەك ئەمـە جوان نییە، بەڵام....

کوڕیژگە ئاهێکی هەڵکێشا.

– باشە قسە بکە ئامۆزا چکۆلە، ئەم کاتژمێرەت دەوێ؟

فورتونـا لـە حاڵێکـدا سـەرنجی کاتژمێرەکـەی دەدا شـێوەی لـە پـشیلەیەك دەچـوو مریشکێکیان لەبەردەم دانابێت، بـەڵام ئـەو تـەنیا مـافی ئـەوەی هـەبێ یـاری پـێ بکـاتو چـنگو ددانـی لێنەخاتـە کـار. وەخـتو ناوەخـت ڕووی وەردەچـەرخاند تـا وەسوەسـە نـەبێت، دەمو لێـوی دەلـستەوە وەك ئـەوەی بـە خاوەنەکـەی بڵـێ: ئەمـە یارییـەکی

زاڵمانەیە. گەرچی سەردەستە بەڵێنی کاتژمێرەکەی بەڕاستی بوو، بەلاَم فورتونا دەستی بۆ گرتنی درێژ نەکردوو بە پێکەنینێکی تاڵەوە گوتی: باشە بۆ دەستم لیٚ هەڵناگری؟

– خوای گەورە! من هەقم چییە بەسەرتەوە. ئەوەندە بەسە کەپێم بڵێی جیانتۆ لە کوێیە، ئەوسا ئەم کاتژمێرە دەبێتە ماڵی تۆ.

فورتونا لە حاڵێکدا کە چاوە ڕەشەکانی بڕی بونە چاوانی سەردەستە، دەیویست بزانیٚ ئایا ئەوەی کە دەیڵیٚ بە ڕاستییەتی؟. سەردەستە بە دەنگی بەرز گوتی: ئەگەر ئەم کاتژمێرەم نەدایتیٚ ئەوا نیشانەکانم پارچە پارچە دەکەم، ئەم هاوڕێیانەش شاهیدن کەمن هەرگیز پاشە قولی کەس نادەمو لە بەڵێنی خۆم پاشگەز نابمەوە. بە دەم ئەم قسانەوە هێدی هێدی لە منداڵەکە نزیك دەبۆوەو تا بە تەواوی کاتژمێرەکە بە ڕووخساری ڕەنگ پەڕیوی منداڵەکەوە نووسا. ڕوون بوو کە لە ناخی خۆیدا لە نێوان چۆك دادان لەبەردەم تەماح و هەستی میوان دۆستیدا لە کێشمە کێشدایە، سینەی پڕ لە شۆڕ و شەوق ببوو، لە خۆشییان خەریك بوو دەخنکا، لەم ساتەدا کاتژمێرەکە بە دەستی سەردەستەوە لە ڕوومەتی فورتونا دەخشاو نەوازشی دەکرد، سەرەنجام دەستی ڕاست وردە وردە بەرەو کاتژمێرەکە درێژکرا، بە نووکی پەنجەکانی هەستی بە کاتژمێرەکە کرد، ساتێك دواتر کاتژمێرەکە بە هەموو قورسایی خۆیەوە لە دەستی ئەو دابوو، لە حاڵێکدا کە سەردەستە هێشتا زنجیرەی کاتژمێرەکەی بە دەستەوە مابوو. ڕووی کاتژمێرەکە شین بوو قاپەکەشیان تازە جەلایی کردبوو دەدرەوشایەوە. لەبەر خۆرەتاوەکە وەك ئاگر بڵێسەی دەدا، سەرەنجام وەسوەسە سەرکەوت، فورتونا دەستی چەپی خۆی بردە سەریٚو لەسەروی شانیەوە بە پەنجە ئاماژەی بۆ کۆمەڵە کایەکە کرد کە لەبەردەمیدا ڕاوەستابوون. سەردەستە یەکسەر لە ئاماژەکەی تێگەیشتو زنجیری کاتژمێرەکەی بەردا، ئیدی فورتونا خۆی بەتاکە خاوەنی کاتژمێرەکە دەزانی، بەخێرایی لە جێگەی خۆی بڵند بوو چەشنی بزنێکی چاپووك بە ئەندازەی دە پیٚ لە کۆمەڵە کایەکە وەدوور کەوت، سەربازەکان دەست بەجیٚ کەوتنە لادانی کایەکە، کۆمەڵە کایەکە جوڵەیەکی کردو پیاوێکی خوێناوی نێزە بەدەست، هاتە دەریٚ. هەوڵیدا قاچی بەرزکا، بەلاَم ماسولکە وشکبووەکانی قاچی مۆڵەتیان پێنەدا و کەوتە سەرزەوی. سەردەستە بیٚ دواکەوتن نێزەکەی لەدەست دەرهێناو ئەویش بیٚ ئەوەی بەرگری بکات خۆی

بەدەستەوە دا. جیانتۆ لە حاڵێکدا کە دەستو قاچیان شەتەك دابوو لەسەر زەوی ڕاکشابوو، ڕووی خۆی بەرەو لای فورتونا وەرچەرخاند کە دەیویست لێ نزیك بێتەوە بە ئاوازێك کە زیاتر سوکایەتی پێوەدیار بوو نەك ڕقو قین گوتی: دایە...

منداڵەکە بە بیستنی ئەم وشەیە وەك ئەوەی کە ئیدی شایستەی ئەوە نەبێت ئەم کاتژمێرەی هەبێت ڕووەو یاخییەکە فڕییدا. کابرای یاخی بەم ڕەفتارەی ئەو هیچ کاردانەوەیەکی نیشان نەدا، زۆر بە خوێنساردییەوە ڕوویکردە سەردەستەو گوتی: گامبای خۆشەویست، دەبینی کەتوانای ئەوەم نیە بەڕێدا بڕۆم، بەم حاڵەوە ناچار دەبی تاشار لەکۆڵم کەیت.

سەردەستەی دڵڕەق وەڵامی دایەوە: ئەتۆ ئێستاش لە ئاسکێك خێراتر ڕادەکەی. لەلایەکی تریشەوە بە دەستگیر کردنت هێندە خۆشحاڵم ئامادەم بێ ئەوەی هەست بە ماندوو بوون بکەم، یەك فرسەخ لە کۆڵت کەم. بەڵام ئێمە بە باڵاپۆشەکەتو چەند لقە دارێك، چاردەستەیەکت بۆ دروست دەکەینو لە کێڵگەی "کرسپۆلی"یش ئەسپێك پەیدا دەکەین.

دەستگیرکراو گوتی: زۆرباشە، بەڵام هێندێك گیا بکەنەسەر چاردەستییەکە تا ئاسوودەتر بم.

لە حاڵێکدا چەند سەرباز سەرگەرمی دروستکردنی چاردەستەکە بوون. هێندێکی تریشان برینەکەی جیانتۆیان "پانسمان" دەکرد. لەم نێوەدا بوو کە ماتیۆو ژنەکەی لەپێچی جادەکەی کە بەرەو ماکویس دەچوو، وەدەر کەوتن. ژنە لەژێرکیسەیەکی پڕلە شابەڕوودا زۆر بە ئەستەمو بەلەرزە لەرز هەنگاوی هەڵدێنا، بەڵام مێردەکەی لە حاڵێکدا کە تفەنگێك بەدەستیەوە و یەکیتریش بە شانیەوە، ئاسودەو ئازاد هەنگاوی دەنا. بە سوکایەتی سەرشانی خۆی دەزانی جگە لە تفەنگ شتێکی تر هەڵبگرێ. بە بینینی سەربازەکان یەکەم شت کە بە مێشکی ماتیۆدا هات ئەوەبوو ئەوان بۆ دەستگیر کردنی ئەو هاتوون.

بەڵام لەبەرچی؟ ئایا کارێکی نایاسایی کردووە؟ نەخێر! ناوو ناوبانگی باش بوو، هەموان بە کەسێکی باشیان دەزانی، بەڵام هەرچییەك بێت کەسێکی کورسیکانو کێو نشینێك بوو، زۆرکەم ڕێدەکەوێ بتەوێ لە ڕابردوی کەسێکی کورسیکانو کێو نشین،

بکۆڵیتـەوە ڕابردوویـەکی پـاکی هـەبێتو تـاوانێکی نـەکردبێ، لەوێنـەی کوشـتنو چـەقۆ کێـشی. بـەڵام مـاتیۆ ویـژدانی لـەوانیتر ئاسـودەتر بـوو، دەسـاڵیش دەبـوو ڕووی کارابینەکەی نەکردبووە کەس. ئەو هەمیشە گوێ قولاغو وریای خۆی بوو بۆ ئـەوەی کـە لە کاتی پێویستدا بتوانێ بەرگری لە خۆی بکا. دواتر ڕووی کردە ژنەکەیو گوتی: "ئەو کیسەیە فرێدەو ئاگادار بە" ژنەش دەست بەجێ بەقسەی کرد، ماتیۆ ئەو تفەنگەی کە بە شانییەوە بوو دایە ژنەکەیو زامنی تفەنگەکەی دەستی کردەوەو لەسەرخۆ بـەرەو مـاڵ هات، ئەو بە نێو درەختەکانی قەراخ جـادەدا دەهـاتو ئامـادەبوو بـە بینـینی بـچوکترین نیـشانەی دژایـەتی، خـۆی بداتـە پـاڵ درەختێـکو تەقـەیان لێبکـات، هاوسـەرەکەی لـە حاڵێکدا کە تفەنگو فیشەکە زیادەکانی ئەوی هەڵگرتبوو، لەدوای ئـەوەوە ڕێـی دەکـرد، ئەرکی کابانی باش ئەوەیە کە لەکاتی جەنگ دا کارابینی مێردەکەی پڕکاتەوە.

لەلایـەکی تـرەوە سەردەسـتە بـەم ڕەفتـارەی مـاتیۆ نیگـەران بـوو، لـە حاڵێکـدا کـە پـەنجەی لەسەر پەلەپیتکەی کارابینەکەی بردە سـەرێ بـیری دەکـردەوە: ئەگـەر مـاتیۆ هەرچەشـنە پەیوەندییـەکی بـە جیـانتۆوە هـەبێت یـان دۆسـتی بێـت و بیـەوێ بـەرگری لێبکات ئەوا بەزوویی فیشەکی هەردوو تفەنگەکـەی لـە مـن دەدا، هەڵبەتـە ئەگـەر بێـتو خزمایەتییەکەمان بەهەند نەگرێو...

بەدەم ئەم بیرکردنەوانەوە، بوێرانە هەنگاوێکی بەرەو پێشەوە نا... دەیویست بەتەنێ بچێتە لای ماتیۆو بە وێنـەی ئاشـنایەکی چـەندین سـاڵە، کێشەکەی بـۆ ڕوون بکاتـەوە، بەڵام ئەم ماوە کورتەی نێوان خۆییو ماتیۆی زۆر بەدوورو درێـژ دەزانـی. هـاواری کـرد: سڵاو دۆستی دێرینە، تەندروستیت چۆنە خۆشەویستم؟ منم گامبای ئامۆزات.

ماتیۆ بێ ئەوەی وەڵام بداتەوە ڕاوەستا. گامباش بەدەم قسەکردنەوە بەرەو لای ئـەو دەڕۆییو ئـەویش لولـەی تفەنگەکـەی ئەوەنـدە بـەرز کـردەوە تـا ڕێـك بەرانبـەر سـنگی سەردەستە ڕایگرت. سەردەستە لە حاڵێکدا کە دەستی بەرەو ئەو درێژ دەکـرد درێـژەی دایە: ڕۆژ باش هاوڕێ.

— لێرەوە تێپەڕیم، ڕاوەستام تا حاڵی تۆو ئـامۆزا چـکۆلە (پیـا) بپرسـم ئـەمڕۆ زۆر بەڕێـدا ڕۆیـشتووم، بـەڵام چـار چییە؟ لـە جیـاتی ئـەوە ئێـستا هەڵاتوویـەکی ناسـراوم

دەستگیر کردووە کە خەلاتێکی بەنرخیان بۆ دەستگیر کردنی دیاری کردووە، جیانتۆ سایپرۆم دەستگیر کردووە.

جیۆسپا بە دەنگێکی بەرز گوتی: خودایە شوکر هەفتەی ڕابردوو بزنێکی شیردەری ئێمەی دزی. ئەم قسانە دڵی گامبایان خۆشکرد. ماتیۆ گوتی: بێچارەیە... زۆر برسی بوو.

سەردەستە درێژەی دایە: ئەو نەفرەتییە وەك شێر بەرگری دەکردو یەکێك لە سەربازەکانی ئێمەی کوشت، بەمەش وازی نەهێنا قۆڵی پشکێنەر شاردنی شکاند، هەڵبەتە ئەمەیان زۆر گرنگ نییە ئەو فەرەنسییە.

دوای ئەوەش بەشێوەیەك خۆی حەشاردابوو شەیتانیش نەیدەتوانی بیدۆزێتەوە، بەبێ یارمەتی ئامۆزا چکۆلە فورتونا هەرگیز نەماندەتوانی بیگرین.

ماتیۆ هاواری کرد: فورتوناتو!

جیۆ سپا دووبارەی کردەوە: فورتوناتو!

– بەڵێ،جیانتۆ لە ژێرکۆمەڵە کایەکە خۆی شاردبۆوە، بەلام ئامۆزا چکۆلە جێگاکەی پێ نیشان داین. دەبێت ئەمە بە مامە پشکێنەرەکەی بڵێم تا دیارییەکی باشی بەهۆی ئەو زەحمەتەی کێشاویەتی بۆ بنێرێ. ناوی تۆو ئەو لە ڕاپۆرتەکەمدا دەنووسم و دەیدەمە پشکێنەری گشتی.

– ماتیۆ لەبەر خۆیەوە گوتی: "نەفرەت... "

لەم کاتەدا ئەوانی تریش هاتن بۆ لایان. جیانتۆ لەسەر چاردەستەکە ڕاکشابوو، ئامادەی ڕۆیشتن بوو، کاتێ چاوی بە ماتیۆو گامبا کەوت کەخەریکبون پێکەوە دەهاتن،پێکەنینێکی سەیرو تەوساوی کرد، لەحاڵێکدا کە سەری بەرەو لای ماڵی ماتیۆ وەردەچەرخاند تفێکی ڕۆکردو گوتی: ماڵی خائینێك.

تەنیا کەسێك کە ئارەزووی مردنی کردبا دەیتوانی لەبەرامبەر ماتیۆ فالکۆندا وشەی خائین بەکار بهێنێ. وەشاندنی یەك خەنجەر کەپێویستی نەدەکرد بیکەیتە دوان، دەیتوانی وەلامی سوکایەتییەکی لەم چەشنە بداتەوە. گەرچی ماتیۆ هیچ کاردانەوەیەکی نیشان نەدا، بەلام بە وێنەی کەسێك کە گێژو وڕ بووبێ، دەستی بەنێو چاوانی خۆیەوە گرت.

کـاتێ بـاوکی فورتونـاتو چـۆوە ژووری، ئـەو لەماڵـەوە بـوو بەپــەرداخێك شــیرەوە هاتەدەرێو لەحاڵێکدا کە سەری بەردابۆوە، دایە دەستی یاخیەکە.

یاخییەکە بەدەنگێکی بەرز هاواری کرد: لێم دوورکەوە. پاشان لەحاڵێکدا کەبەرەو لای یـەکێك لـە سـەربازەکان وەردەسـوورِا گـوتی: هـاورِێ، هێنـدێك ئـاوم دەیـە بیخۆمـەوە. سەربازەکە مەتارەکەی خۆی خستە نێو دەستی یاخیەکـەو ئـەویش لەدەسـتی کەسـێك، کەچەند خولەکێك لەمەوبەر فیشەکیان بەیەکترەوە دەنا، ئـاوی خـواردەوە. دواتـر داوای کرد دەستەکانی، کە لەپشتەوە بەستبوویان، لە پێشەوەو لەسەر سینگی، بۆی ببەستن. بۆیە گوتی: پێمخۆشە بە ئاسوودەیی ڕاکشێم.

ئەوەی کە داوای کردبوو بۆیان جێ بەجێ کرد. دواتر سەردەستە فەرمانیدا وەرِێکەون خواحافیزی لە ماتیۆ کرد، بەلاّم بێ وەلاّم مایەوە، بەخێرایی بە دەشتەکەدا سـەرەو ژێـر بوونەوە.

ماتیۆ بەقسە هات: شتێکی باش!.

بەرِووکەش ئارام دیار بوو، بەلاّم کەسێك کە ئەوی ناسیبا، دەیزانی کە زۆر ترسـناکە. کورِیژگەکە دەگریا هەنگاوێك هاتەپێـشەوە بـۆوەی لەبەرامبـەر باوکیـدا چـۆك دابـدا: ئـۆ باوکە... ماتیۆ بە نەرِەیەك قـسەکانی پێـبرِی: لـێم نزیـك مەبـەوە. فورتونـاتوی چـکۆلە، بێجوڵە ڕاوەستاو چەند هەنگاو نێوانی هەبوو لەگەڵ باوکیدا. زۆر بەلەسەرخۆیی دەگریـا. جیۆسپا لێی چوٚپێشێ، تازە زنجیری کاتژمێرەکەی گیرفانی فورتوناتوی دیبوو کە هاتبوٚ دەرێ بە تورِەییەوە پرسی: کێ ئەو کاتژمێرەی دایە تۆ؟

— ئامۆزاکەم، سەردەستە.

مـاتیۆ کاتژمێرەکـەی ڕاکێـشاو کوتـای بـە تاشـە بەردێکـداو وردو خاشـی کـرد. دواتـر پرسی: ژنەکە! ئەم منداڵە لەمنە؟

گۆناکانی جیۆسپا وەك پشکۆ سوور هەڵگەرِان: ماتیۆ ئەوە دەڵێی چی؟ ئایا دەزانـی لەگەڵ کێ ئەم قسانە دەکەی؟

— زۆرباشە، کەوایە ئەمە یەکەم منداڵی ڕەسەنە کە خیانەت دەکات. کاتێ کە نیگـای توندی ماتیۆ لەسەر ڕووخساری فورتوناتوی چکۆلە گیرسـانەوە، لـە قـوڵپی گریـانی دا.

ماتیۆ قۆناغی تفەنگەکەی کێشا بە زەویدا دواتر کردییە شانیو بەرەو ماکویس ملی ڕێگای گرت و داوای لە فورتوناتو کرد دوای بکەوێ.

جیۆسپا بە خێرایی خۆی گەیاندە ماتیۆو توند قۆڵی گرت، لەکاتێکدا کەچاوە ڕەشەکانی بڕیبوونە چاوانی مێردەکەی تا لەمەبەستەکەی بگات، بە دەنگێکی لەرزۆکەوە گوتی: ئەوە کوڕی تۆیە.

– لێم گەڕێ، منیش باوکی ئەوم.

جیۆسپا منداڵەکەی گرتە باوەش، لەحاڵێکدا گریان خەریك بوو قوڵپی دەدا چۆوە ژوورێ. لەبەرامبەر وێنەی مریەمی پیرۆز، کەلە ژوورێ هەڵواسرابوو، چۆکی داداو بە نیازێکی پاکەوە کەوتە نزا کردن.

لەونێوەدا، فالکۆن دوای بڕینی نزیکەی دووسەد پێ بە درێژایی جادەکە چووە سەر بەرزاییەك و لەوێوە شۆڕ بۆوە خوارێ، بە قۆناغی تفەنگەکەی زەوییەکەی تاقی کردەوە نەرمو هەڵکەندنی ئاسان بوو. ئێرە بۆ جێ بەجێ کردنی نەخشەکەی زۆر لەبار بوو.

– فورتوناتو برۆ نزیك ئەو تاشە بەردەو لەوێ ڕاوەستە.

فورتوناتو قسەکەی باوکی جێ بەجێ کرد، دواتر چۆکی دادا.

– نزای خۆت بکە.

– ئۆف بابە... بابە توخوا مەمکوژە.

ماتیۆ بە دەنگێکی ترسناك دووبارەی کردەوە: نزای خۆت بکە.

کوڕیژگەکە لە کاتێکدا کە هۆڕ هۆڕ دەگریا و زمانی دەیگرت، دەستی کرد بە خوێندنی نزای (پاترۆ کردۆ) لە کۆتایی هەر نزایەکدا باوکی دەیگوت: ئامین.

– بەس ئەوەندە نزایە دەزانی؟

– ئۆف بابە! (ئۆ ماریا) و موناجاتی (لیتانی)ش کە مامم فێری کردم، دەزانم.

– ئەوە نا زۆر درێژە، دەی قەیناکا.

منداڵەکە لە حاڵێکدا کە دەنگی بە ئاستەم دەبیسترا، موناجاتی لیتانی تەواو کرد.

– تەواو بووی؟

– ئاخ بابە، بەزەییت پێمدا بێ، بمبەخشە، ئیدی هەرگیز کاری وا ناکەم، داوا لە مامم دەکەم لەجیانتۆ خۆشبێ.

ئەو هێشتا قسەی دەکرد کە ماتیۆ تفەنگەکەی بەرز کردەوە. لە کاتێکدا کە سێرەی لێگرتبو، گوتی: هیوادارم خوا لە تاوانەکانت خۆشبێ.

کوڕیژگە بە نائومێدییەوە هەوڵیدەدا لەجێگاکەی خۆی هەستێ وچۆکی باوکی بگرێ، بەڵام تازە درەنگ بوو ماتیۆ تەقەی لێکرد و فورتوناتو کەوتە سەر زەوی.

ماتیۆ بێ ئەوەی سەیری بکات، گەڕایەوە ماڵێ تا کەرەسەی پێویست بۆ هەڵکەندنی گۆڕەکەی بێنێ. چەند هەنگاوێك نەڕۆیشتبو کە ڕووبەڕووی جیۆسپا بۆوە، دیاربو لە دەنگی تەقەکە ترسابوو، بەپەلە خۆی گەیاندبووە ئەوێ.

جیۆسپا بە هاوارێکی بەرزەوە پرسی: چیت کرد؟

— جێ بەجێ کردنی دادپەروەری.

— کوا کوڕەکەم؟

— ئەوە لەوێیە، دەچم گۆڕی بۆ هەڵدەکەنم، وەك مەسیحییەك مرد، دەبێ مەراسیمی نوێژی بۆ ئەنجام بدەم، بنێرە بە دوای (تیۆدۆر بیانچی) زاوامانـدا بابێت لەگەڵ ئێمەدا بژی.

ناوی ئەم چیرۆکە وەرگێڕی فارسی کردبوی بە (اجرای عدالت) بەڵام من ناوە راستەقینەکەی خۆی (ماتیۆ فالکۆن)م دانایەوە.

سەرچاوە: کۆمەڵە چیرۆکی نگاهی به گزشته و چند داستان دیگر.

# چیرۆکی زستان

ویلیـــــــام شکـــــــسپیر

له ڕۆژگاری زوودا (لیـانتیز)ی شـای (سیـسلی) لەگـەڵ هاوسـەرە جـوان و مهرەبانەکـەی (هەرماینی) ژیانی دەبردەسەر. هیچ ئارەزوییەکی نـەبو جگـە لـە بینینـی (بۆلیکسنیز)ی شای (بوهیمـا) کـە دۆسـت و هاویـاریی سـەردەمی منـداڵیی بـوون، لیـانتیزو بولیکسنیز پێکـەوە گـەورە ببـون وپێکـەوە خوێنـدبوویان لـەپاش مـەرگی باوکیـان هەریەکـە و بـە فەرمانڕەوایی ناوچەکەی خۆی ڕادەگەیی. چەندین سـاڵ بەسـەر ئـەو سـەردەمەدا دا تـێ پەڕی بوو، ئەوان یـەکتریان نەدیبو،ئەڵبەتـە جارجـار نامـەو دیاریـان بـۆ یـەکتر دەنـارد. سەرەنجام بە دوای داواکاریـە بـێ ئـەژمارەکانی لیـانتیز، بولیکسنیز بـەمیوانی هـات بـۆ دەرباری سیسلی، تا لەگەڵ هاوڕێ و دۆستە دێرینەکەی خۆی دیـدار تـازە کاتـەوە. ئـەم دیدارە بۆ لیانتیز زۆر شادی هێنەر بوو. هەر بەو مەبەستەش داوای لـە شـاژن هـەرماینی کرد بۆ پێشوازی لە دۆستی دێرینەی لـە هـیچ هـەوڵ و کۆشـشێك درێغـی نـەکات. ئـەوان چەندین کاتژمێر دەربـارەی ڕۆژانـی ڕابردویـان قـسەیان کـرد و یادگاریـەکانی سـەردەمی خوێندن و یاریەکانی سەردەمی لاویەتیان وەبیر هێنایەوە. هەرماینیش بە شـادیەوە لـەم بـاس و گفتوگۆیانــەدا بەشــداری دەکــرد. دوای ماوەیــەك مانەوە،بولیکــسنیز بڕیــاری گەڕانەوەیدا. لیانتیز داوای لێکرد گەڕانەوەکەی دوا بخات، بەڵام بولیکسنیز ڕازی نـەبوو بمێنێتــەوە، بــەڵام کاتێــك هــەرماینیش هاوکـات لەگــەڵ لیــانتیزی هاوســەری داوای لــە پولیکسنیز کرد بمێنێتەوە، قسەکانی کاریگەریان لەسەر داناو ناچـار مایـەوە. مانـەوەی بولیکسنیز کاریگەریەکی خراپـی لـە سـەر لیـانتیز دانـاو وای لێهـات بـەداوی ئێرەییـەکی نەخوازراو گرفتار بێت و گومان لە ڕەوشت وئاکاری دۆستەکەی و نادڵنیـاییو گومـان لـە هاوسەرەکەی خۆی پەیدا بکات. دوای ئەمە هەرماینی هـەرکارێکی بـۆ پێـشوازیکردن لـە بولیکـسنیز ئـەنجام دابـا، گەرچـی بـۆ دڵخۆشـی مێردەکـەی بـوو، بـەڵام ڕق و ئێرەیـی (لیانتیز) یان زیـاتر دەکـرد. تـا سـەرەنجام لیـانتیز لەدۆسـتێکی ڕاسـتەقینەو مێردێکـی میهرەبانەوە گۆڕا بۆ شتێکی نا مرۆڤانەو چەپەڵ. تەنانەت کار گەیشتە ئـەوەی بـەدوای (گـامیلۆ) ی دانـارد کـە یـەکێك بـوو لـە لۆردەکـانی دەربـار، دەربـارەی بـێ وەفـایی

هاوسەرەکەی خۆی قسەی لەگەڵ کردو فەرمانیشی پێدا کە بولیکسنیز دەرمان خوارد بکات.

گامیلۆ پیاوێکی شەریف بوو دەیزانی کە قسەو بۆچوونەکانی شا دوورن لە ڕاستیەوە هەر بۆیەش لە جێگای دەرمانداو کردنی بولیکسنیز.هەستا فەرمانی شای پێ ڕاگەیاند و یارمەتی دا بۆوەی لە (سیسلی) ڕابکات. بەم جۆرە بولیکسنیز بە یارمەتیو هاوڕێگایی گامیلۆ توانی بگاتەوە بوهیمای ناوچەی ژێر دەسەلاتی خۆی. هەر لەو کاتەوە گامیلۆ لە دەربارى ئەودا مایەوەو بووە یەکێك لە هاوڕێ نزیك وخۆشەویستەکانی. ڕاکردنی بولیکسنیز ئێرەییو ڕقی شایان زیاتر کردو چوو بۆ ژووری شاژن،لەوکاتەدا شاژن لەگەڵ منداڵە بچوکەکەی (مامیلیاس) سەرگەرمی قسەکردن بوو، لیانتیز بەتوڕەییەوە منداڵەکەی جیا کردەوەو هەرماینی ڕەوانەی زیندان کرد. مامیلیاس لە ڕق و توڕەیی باوکی زۆر ترسا، کاتێك هەستی کرد دایکیان لێ جیا کردەوە وخستیانە زیندانەوە، وردە وردە لە خەوو خواردن بێ مەیل بوو. ئیدی بێمەیلی لە خواردن و بێ توانایی تا سنوری مەرگیان برد. دوای زیندانی کردنی شاژن، شا فەرمانی بە (کیلومنز) و (دایون) دا _کە دوو لۆردی دەربار بوون _ بچنە (دلفوس) تا لەوێ لەپەرستگەی (ئەپۆلۆ) لە (ئۆراکل) بپرسن: ئایا شاژن لە گەڵیدا وەفادار بووە یان نا؟ دوای تێپەڕینی ماوەیەك شاژن لە زینداندا منداڵێکی هێنایە دنیاوە،دایکی بێ چارە نیگایەکی کۆرپەکەی کرد و گوتی: زیندانی بێچارەو بچوکم منیش بە ئەندازەی تۆ گوناهکارم. هەرماینی دۆستێکی چاكو میهرەبانی هەبوو بەنێوی (پۆلینا) کە هاوسەری لۆرد (ئەنتیگۆنۆس) بوو، کاتێ بیستی شا ژن هەرماینی لە زینداندا منداڵێکی هێناوەتە دنیا، چوو بۆ زیندان و بە (ئێمیلیا) ی چاودێریکاری هەرماینی گوت: ئەگەر متمانەم پێ دەکەی منداڵەکەم بدەرێ دەیبەم بۆلای لیانتیزی باوکیو ئازایانە بەرگری لێ دەکەم، بەڵکو بە بینینی ئەم منداڵە ساوایە دڵی نەرم دەبێ.ئێمیلیا گوتی: خودایە لە ڕێی میهرەبانیتا شا ژنی ئێمە بپارێزە. پاشان دەسبەجێ چوو بۆ لای شا ژنو مەسەلەکەی بۆ ڕوونکردەوە شاژن هەرماینیش بەشادیەوە پێشنیارەکەی پۆلینای پەسند کرد.پۆلینا منداڵەکەی هەڵگرتو بەرەو دەربار وەڕێکەوت زۆر بەخۆپارێزیەوە چووە دەربار. ئەڵبەتە مێردەکەی واتە ئەنتیگۆنۆس زۆر هەوڵیدا کە پۆلینا نەچێتە ژووری، بەڵام بێهودە بوو. لەوێ منداڵەکەی

خستە بەر پێی باوکیو چەند قسەیەکی بۆ بەرگری لە هەرماینی کردو داوای لێ کرد کە بەزەیی بە هاوسەری بێ تاوان و منداڵە ساواکەی خۆیدا بێتەوە. قسەکانی پۆلینا، هیچ کاریگەریەکیان لەسەر لیانتیز دانەنا و فەرمانی بە ئەنتیگۆنۆس دا پۆلینا بکاتە دەرەوە.

کاتێك پۆلینا دەرباری جێهێشت، منداڵەکەی هەروا لەبەر پێی باوکی دا جێهێشت بەو نیازەی کە بەڵکو لە تەنیایدا چاوێکی تێ ببڕێ و بەزەیی بە بێ تاوانی ئەودا بێتەوە. بەڵام ئەو زۆر هەڵەبوو، چونکە هەر دوای ڕۆیشتنی ئەو لە دەربار باوکە بێبەزەییەکەی فەرمانی دا بە ئەنتیگۆنۆس کە بیباتە کەناری دەریا و لێی گەڕێ تا دەمرێ.

شا کە لە تاوانباری هەرماینی گومانی نەبوو، چاوەڕوانی نەکرد تا کیلۆمنزو دایون لەدلفوس دەگەڕێنەوە، بەر لەوەی شاژن لەبێهێزی دوای منداڵ بوونو خەمی لەدەسچوونی کۆرپەکەی ڕزگاری بێ، ئەوی لەبەرامبەر دادگایەکی پێکهاتوو لەڕەسەنزادەو لۆردەکان دا ڕاگرت. کاتێك کە لۆرد و ڕەسەنزادەکان کۆبوونەوە، دایکی غەمگین لە بەرامبەریان دا ڕاوەستا وچاوەڕوانی دەستپێکردنی دادگا بوو کە لەو ساتەدا کیلۆمنزو دایون لە دلفوس گەڕانەوە. لیانتیز فەرمانیدا کە بۆچوونی ئۆراکلێ بە دەنگێکی بەرز ڕابگەیەنن.

: ((هەرماینی بێتاوانە، بۆلیکسنیز جێگای سەرزەنشت نیە، گامیلۆ خزمەتکارێکی ڕاستە، لیانتیز پادشایەکی بێبەزەیی و بەخیلە، ئەگەر ئەوەی پێی هەستاوە وازی لێ نەهێنێ بێ میراتگر دەمێنێتەوە)).

شا باوەڕی بە قسەکانی ئۆراکلێ نەکرد گوتی دۆستانی شاژن ئەم درۆیانەیان سازکردوەو فەرمانیدا دادگا دەست بەکاربێ، هێشتا قسەکانی تەواو نەببوون هەواڵیان بۆ هێنا :پرێنس مامیلیاس لەخەفەتی بیستنی هەواڵی دادگایی کردنی دایکی لەناکاو گیانی سپاردوە. کاتێك هەرماینی هەواڵی مەرگی کوڕەکەی بیست بورایەوە، لیانتیزیش بە بیستنی ئەم هەواڵە بەزەیی بەدڵیدا هاتو فەرمانیدا بەپۆلینا کە شا ژن لەگەڵ خۆیدا بباتو چاودێری بکات، ماوەیەك دواتر پۆلینا گەڕایەوەو هەواڵی مەرگی شاژنی بە پادشا ڕاگەیاند و گوتی نەهامەتیو دڵ ڕەقی و بێبەزەییو باوەڕ نەکردنی تۆو خەمی منداڵەکانی تێکیان شکاندو کوشتیان، ئەمەش بێتاوانی ئەوو ڕاستی قسەکانی ئۆراکڵیان سەلماند، گەر دەتەوێ دوای خۆت جێگرو میراتگرێکت هەبێ، دەبێ بە دوای

چارەنووسی کچە بێ سەروشوێن بووەکەت دا بگەڕێیت. بەم فکر کردنەوە غەمگینانـەوە لیانتیز چەندین ساڵ لە خەمو پەشیمانیی دا ژیا

* * *

ئەو کەشتیەی کە ئەنتیگۆنۆس شـازادە چـکۆلەی لێ بـارکردبوو، دووچـاری تۆفـانێکی بەهێزبوو سەرەنجام لە کەنارێکی بوهیما لەنگەری گرت. ئەنتیگۆنۆس شـازادە چـکۆلەی کە لیباسو خشڵی بەنرخی دەبەردابوون لە کەناردا بەجێیهێشتو پارچـە کاغـەزێکی بـە لیباسەکانیەوە لکاند کە لێی نوسـرابوو: (نـاوی پردنیایـە). پاشـان لـەوێ دوورکەوتـەوە هەڵبەتـە ئـەنتیگۆنۆس ئیـدی هـەرگیز نەگەڕایـەوە سیـسلی، تابـە لیـانتیز بڵـێ کـە منداڵەکـەی لـە کـوێ فڕێـداوە، چـونکە لـەکاتی گەڕانەوەیـدا ورچـێك شـاڵاوی بۆهێنـاو کوشتی.

شوانێکی میهرەبان منداڵەکەی هەڵگرتەوە و بردی بۆلای هاوسەرەکەی و هـەردووکیان بە عەشـقێکی زۆرەوە منداڵەکـەیان پـەروەردە دەکـرد شـوانەی هـەژار بـۆ ئـەوەی زێـڕو خشڵی منداڵەکە بشارێتەوە شوێنی ژیانی خۆی گۆڕیو بە فرۆشتنی بەشێك لە خشڵەکە، مێگەلە مەڕێکی کڕیو دەوڵەمەند بوو (پردنیا) شی وەك کۆرپەی خۆی بەخێودەکرد.

پردنیـای بـچوك تـا دەهـات وردە وردە کـچێکی جـوان و دلگـیری لێ دروسـت دەبـوو. خەسڵەتی سروشتی لە دایکیەوە بە میرات بردبوو، هێند بـەڕێووجێ بـوو کـە کـەم کـەس باوەڕی دەکرد لە دەرباری باوکی گەورە نەبوبێ.

* * *

(بۆلیکسنیس) کـوڕێکی هـەبوو بـە نێـوی (فلاریـزل) رۆژێـك ئـەم کـوڕە بـەهۆی ڕاو و شکارەوە لە ماڵی شوانە نزیك بۆوە. پردنیای بینیو ئاشـقی جـوانی و ڕەفتـارو شـکۆی

کـچە بـوو. زۆر زوو بـە شـێوەیەکی نەناسـراوو بـەناوێکی تـرەوە لەگـەڵ مـاڵی شـوانەدا هاتووچۆی پەیدا کرد،

ونبوونی فلاریزل لەدەربار، بۆلیکسنیزی باوکی خستە نیگەرانیـەوەو چـەند کەسـێکی ڕاسـپارد تاچـاودێری کوڕەکـەی بکـەن سـەرەنجام تێگەیـشت کوڕەکـەی عاشـقی کـچە شوانێك بووە، ناردی بەدوای گامیلۆ دا، هەمان ئەو گامیلۆیەی کە کاتی خـۆی ئـەوی لـە بەرامبەر ڕق وتوڕەیی لیانتیزدا پاراست،داوای لێ کرد پێکەوە بەرەو مـاڵی شـوانە بـچن. هەردووکیان بەجلو بەرگێکی ترەوە خۆیان کرد بـەماڵی شـوانەدا، دروسـت لـەو سـاتەدا ئەوان جەژنیان دەگێڕا. بەهۆی ئـەوەی کـە غەریبـە بـوون، پێـشوازیان لێ کـردنو داوای بەشـداریان لـە جەژنەکـەدا لێکـردن، هـەموان شـادو خۆشـحاڵ بـوون، سـەر مێزەکـان پڕلەخواردنو خواردنەوە بوون. بەڵام بەپێچەوانەی ئـەم کـەشو هـەوا شـادو دڵڕفێنـەوە فلاریزل و پردنیا بەئارامی لە گۆشـەیەك دانیـشتبوونو بەتـەواوی سـەرگەرمی گفتوگـۆی نێوان خۆیان بوون.شا بۆ بیستنی قسەکانیان لێیان وەنزیك کەوت لەئاوازی دەنگی قسە سادەو پڕلەخۆشەویستییەکانی پردنیا سەری سوڕماو بە گامیلۆی گوت: ئەوە جـوانترین کـچە مـسکێنێکە کـە تـا ئێـستا لـەژیانم دا دیبێـتم، ئـەم ماڵـە شـایانی شـکۆی ڕەفتـارو گوفتاری ئەونیـە. پاشـان ڕووی کـردە شـوانەکەو گـوتی: ئـەوە کێیـە لەگـەڵ کـچەکەتدا سـەرگەرمی قـسەن؟ شـوانە وەڵامـی دایـەوە کـە ئەمـە نێـوی (دریکلـیس) ە دەڵـێ کچەکەمانی خۆشدەوێ، بەڵام ئەستەمە بزانین کە کامیان یـەکتریان زیـاتر خۆشـدەوەێ. بـەڵام بـە هـەرحاڵ ئەگـەر ئـەم لاوە بتـوانێ دڵـی کـچەکەی مـن وەدەسـت بێنـێ. ئـەوا سەروەتو سامانێکی باوەڕ نەکراوی بۆ بـەدیاری دێنـێ. پیرەمێـرد مەبەسـتی لـەو زێـڕو خشڵانە بوو کـە بـۆ ڕۆژی بـوکێنی پردنیـا هـەڵیگرتبوون. بۆلیکسنیز ڕوو بـە کوڕەکـەی گوتی: لاو دیاری،دڵت پڕ لە شتێکە کە بیروهۆشتی لەم جەژنـە بێبـەش کـردووە، کاتێـك من لاو بووم زۆرم دیاری بۆ خۆشەویستەکەم دەبرد، بەڵام دیارە تۆ هیچت بۆ نەکڕیوە.

فلاریزل کـە نەیـدەزانی لەگـەڵ بـاوکی خۆیـدا قـسەدەکا وەڵامـی داوە: ئـەم دیاریانـە شایانی ئەو نین، ئەوەی ئەوچاوەڕوانی دەکا، هەموویانم لە دڵمدا بۆ دابین کردوە. دواتـر ڕووی لەپردنیا کردو گوتی: گوێ بگرە پردنیـا لای ئـەم پیرەمێـردە بـەڕێزە کەپێدەچـێ بۆخۆشی ڕۆژێك لەڕۆژان عاشق بووبێت، سوێند دەخۆم هەر دەبێ زەماوەند بکـەین. شـا

له قسه‌كانی كوڕه‌كه‌ی ئاگری گرت، زۆر سه‌ركۆنه‌ی كوڕه‌كه‌ی كرد كه‌ نیازیه‌تی له‌گه‌ڵ كچه‌ شوانێكدا زه‌ماوه‌ند بكات. وه‌زۆری بێ ڕێزی به‌ پردنیاش كردو ڕوو به‌ شوانه‌كه‌ش گوتی: ئه‌گه‌ر ئه‌م جاره‌ ڕێ بدا كوڕه‌كه‌ی بێته‌ ئێره‌ ئه‌وا ده‌یكوژێت. شا مالی شوانه‌كه‌ی له‌ ڕق‌و توڕه‌ییه‌كی بێ سنوردا جێهێشت‌و فه‌رمانی به‌ گامیلۆ و فلاریزلدا وه‌دوای كه‌ون دوای ڕۆیشتنی شا، پردنیا كه‌ له‌و قسانه‌ی شا زۆری ڕق هه‌ستابوو، ڕووی له‌ (پرێنس فلاریزل) كردو گوتی: گه‌ر چی كۆشكی ئاره‌زووه‌كانمان وێران بوو كه‌ هه‌رچه‌نده‌ زۆر لام گرنگ نیه‌، به‌لآم ئه‌گه‌ر جارێكیتر بتوانم له‌گه‌ڵ شادا قسه‌ بكه‌م ئه‌وا پێی ده‌ڵێم ئه‌و خۆره‌ی كه‌ له‌سه‌ر كۆشكه‌كه‌ی ئێوه‌ ده‌دره‌وشێته‌وه‌ ڕووی خۆی له‌ كوخته‌كه‌ی ئێمه‌ش ناشارێته‌وه‌ و به‌یه‌كسانی تیشكی خۆی به‌سه‌ر هه‌ردوولادا په‌خش ده‌كات و ده‌به‌خشێ. ئێستا له‌خه‌وی پڕ له‌خه‌ون‌و ئاواتی خۆم بێدار بوومه‌وه‌، ئیدی ده‌زانم كه‌ شاژنی خه‌ونه‌كانی خۆم نیم، وازم لێ بێنه‌ كاكه‌ ئه‌من ده‌چم به‌لای مه‌ڕه‌كانی خۆمه‌وه‌ و بۆخۆم ده‌گریم. قسه‌كانی پردنیا كاریگه‌ریه‌كی زۆریان له‌سه‌ر گامیلۆ دانا‌و ئاگاشی لێبوو كه‌ فلاریزل چه‌ند به‌سه‌ختی كه‌وتۆته‌ ژێر كاریگه‌ری خۆشه‌ویستی پردنیاوه‌. وه‌ناچاریشه‌ له‌سه‌ر قسه‌ی باوكی واز له‌ خۆشه‌ویستی پردنیا بێنێ، هه‌ر ئه‌مانه‌ش بوون وایان له‌ گامیلۆ كرد به‌دوای ڕێگه‌ چاره‌یه‌ك دا بگه‌ڕێ كه‌ یارمه‌تیان بدات و به‌یه‌كیان بگه‌یه‌نێت.

گامیلۆ زۆر له‌مێژ بوو ده‌یزانی كه‌ لیانتیز له‌وكاره‌ی خۆی په‌شیمان بۆته‌وه‌و و ده‌شزانێ ئێستا ئه‌م دۆستی شا بۆلیكسنیزه‌. دواتر پێشنیاری بۆ پردنیا‌و فلاریزل كرد له‌ گه‌ڵیدا بچن بۆ ده‌رباری سیسلی وداوا له‌لیانتیز بكه‌ن بیان پارێزێ به‌ڵكو به‌یارمه‌تی ئه‌و بتوانن ڕه‌زامه‌ندی بۆلیكسنیز بۆ زه‌ماوه‌نده‌كه‌یان وه‌ده‌ست بێنن. ئه‌وان به‌شادیه‌وه‌ پێشنیاره‌كه‌ی گامیلۆ یان قبوڵ كردو گامیلۆ ڕێگای دا كه‌ شوانه‌ی پیریش له‌ گه‌ڵیاندا بچێت. شوانه‌ پاشماوه‌ی زێڕو خشڵ وجل‌وبه‌رگه‌ مندالانه‌كه‌ی پردنیا‌و ئه‌و كاغه‌زه‌ی كه‌ پێوه‌ی لكێندرابوو هه‌ڵگرت‌و له‌گه‌ڵیان وه‌ڕێكه‌وت.

دوای گه‌شتێكی سه‌ركه‌وتووانه‌، فلاریزل و پردنیا‌و گامیلۆو شوانه‌پیره‌كه‌ گه‌یشتنه‌ ده‌رباری لیانتیز. شا ئێستاش به‌هۆی مه‌رگی هه‌رماینی و ونبوونی كچه‌كه‌یه‌وه‌ غه‌مناك بوو، به‌ میهره‌بانیه‌وه‌ پێشوازی له‌گامیلۆ كردو به‌خێرهاتنی فلاریزلی كرد. به‌لآم كاتێك

فلاریزل،پردنیای وەکو دەزگیرانی خۆی بە شا ناساند تەواوی بۆچوونەکانی قلّپ بوونەوە گوتی: ئەگەر منیش کچەکەی خۆم لە بەین نەبردبا ئێستا کچێکی جوان و سەرنج ڕاکێشی لێ دەرچووبوو، دواتر بە فلاریزلی گوت: هەرچەندە من دۆستایەتی باوکتم لە دەستداوە، بەلّام بەقەد گیانم پێم خۆشە کە دووبارە چاوم پێی بکەوێتەوە. کاتێك شوانەی پیر کە بینی پادشا چەندە بۆ کچە ونبووەکەی پەرێشانە زۆر سەرنجی لەسەر پردنیایە، کەوتەوە یادی ئەو ساتەی کە پردنیای دۆزیەوە، بە زێڕو جلوبەرگ و ئەو کاغەزەی پێوەی چەسپکرابوو، تێگەیشت کە پردنیا هەمان کچە ونبووەکەی ئەوە. کابرای شوان بەئامادەیی فلاریزل و پردنیاو گامیلۆو پۆلینای میهرەبان، بەسەرهاتی دۆزینەوەی پردنیای گێڕایەوەو باسی کوژرانی ئەنتیگۆنۆسیشی کرد کە ورچ کوشتبووی، لیباسە گرانبەها منداڵانەکەی پردنیای نیشانداو پۆلیناش لەلای خۆیەوە دلّنیای کردنەوە کە ئەو لیباسانە هەرماینی لەبەر ئەو منداڵەی کردبوون، پاشان شوانە ئەوپارچە کاغەزەی کە بەجل وبەرگەکانی منداڵەکەوە پەیوەست کرابو، نیشان دان‌و پۆلیناش دەست وخەتی مێردەکەی خۆی ناسیەوە. ئیدی هەموویان دلّنیا بوون لەوەی پردنیا کچە ونبووەکەی شایە.

پۆلینا نەیدەزانی لەخەمی لەدەستدانی مێردەکەی بگری یان لەخۆشی دۆزینەوەی پردنیادا پێ بکەنێ. (لیانتیز)یش بەدۆزینەوەی کچەکەی، خەمی لەدەستدانی هاوسەرەکەی سەد بەرامبەر بوو. تەنیا شتێك کە دەیگوت ئەوە بوو "ئاخ دایکت...دایکت". پۆلینا کاتێك حالّی شای بەوشێوەیە بینی، گوتی: پەیکەرێکم هەیە زۆر زۆر شێوەی لە شاژنی کۆچ کردو دەچێ ئەگەر پێت خۆشبێت دەتوانی بێیت بۆ مالّەوەو بیبینی. لەگەلّ شا دا هەمووان بەرەو مالّی پۆلینا وەڕێ کەوتن، شا زۆر شەیدای بینینی پەیکەرەکە بوو پردنیاش زۆری حەز دەکرد بزانێ ئاخۆ دایکی چ جۆرە ژنێك بووە. کاتێك پۆلینا پەردەکەی لادایەلاوە، پەیکەرێك وەدەرکەوت کە یەکجار زۆر شێوەی لە هەرماینی دەچوو خەمێکی قولّ بالّی بەسەر شادا کێشا کەبرستی جولّەو قسەکردنی لێبری. پۆلینا گوتی: سەروەرم، ئەم بێدەنگیەتم پێ خۆشە، ئەم بێ دەنگیە نیشانەی ئەوەیە کەزۆر پێی سەرسامیت، تۆ پێت وانیە ئەم پەیکەرە زۆرشێوەی لە

شاژن دەچێت؟ سەرەنجام شا هاتە قسەو گوتی: ئەو ساتەی کە حەزم لێ کردو خۆشم ویست، بەم شێوەیە ڕاوەستا بوو، بەڵام پۆلینا! هەرمایینی هێندە پیر نەببوو؟

پردنیا وەڵامی دایەوە: ئەو کەسەی کە ئەم پەیکەرەی دروست کردووە زۆر زاناو شارەزا بووە ئەم پەیکەرەی بە شێوەیەك دروست کردووە ئەگەر هەرمایینی ئێستا لە ژیان دا مابا، تەمەنی دروست وەك ئەم پەیکەرە دەهاتە بەرچاو، بەڵام مۆڵەتم پێ بدە پەردەکە دادەمەوە، چونکە لەوانەیە وا هەست بکەیت پەیکەرەکە دەجوڵێت. شا گوتی: نا پەردەکە دامەدەوە، ئەی خۆزگە مردبام! سەیرکە گامیلۆ! هەست ناکەی هەناسە دەدات؟، چاوەکانی دەپرکێنی؟.

پۆلینا گوتی: دەبێ پەردەکە دادەمەوە، گەورەم، من دەترسم وا بزانی پەیکەرەکە زیندووە لیانتیز گوتی: ئاخ پۆلینای میهرەبان بەخاتری بیست ساڵی ڕابردوو، لێم گەڕێ، با واهەست بکەم، کە گەرمایی ژیان لە بوونی هەڵدەستێ. کەیفی خۆتانە بە چیم تێ دەگەن، بەڵام ئەمن دەمەوێ ماچی بکەم!. پۆلینا گوتی: ئای دەستی لێ مەدە سەروەرم، چونکە ئێستاش ڕەنگی بۆیەی لێوەکانی تەڕە لەوانەیە بە لێوتەوە بنوسێ، لێم گەڕێ با پەردەکە دادەمەوە. لیانتیز دووبارە ناڕەزایی نیشان داو گوتی: نا...نا... بەخاتری بیست ساڵی ڕابردو مەکە.

لە تەواوی ئەو ماوەیە پردنیا چۆکی دادابوو بەقوڵی سەرنجی پەیکەری دایکی دەدا.

پۆلینا بە لیانتیزی گوت: من ئامادەم پەیکەرەکە بخەمە جوڵە، بەڵام دەترسم تۆ بە هێزێکی شەیتانیم بزانیت، کە بەو شێوەیە نیە. لیانتیز گوتی: لەوەی کە دەبینم تۆ دەتەوێ ئەو کارە ئەنجام بدەی زۆرخۆشحاڵم، چونکە وادەزانم دوای ئەوە قسەکردنیشی ئاسان بێت. لەم کاتەدا پۆلینا ئاماژەیەکی کردو مۆسیقایەکی ئارام ژەنرا،هەموان بە سەرسوڕمانەوە دیتیان پەیکەرەکە هاتە خوارێو دەستی خستە نێو دەستی لیانتیزو پاشان لێوەکانی جولان و دەستی بە قسە کرد، سەبارەت بە دۆزینەوەی کچە ونبووەکەی سوپاسی هاوسەرەکەی کرد.

جێگەی سەر سوڕمان نیە پەیکەر قسان بکات، چونکە پەیکەرەکەخودی هەرمایینی بوو، زرپ و زیندوو، کاتی خۆی پۆلینا بە درۆ ئەو هەواڵەی بڵاو کردەوە کە هەرمایینی مردوە، چونکە ئەو درۆیەی بە تەنیا ڕێگە چارەی زیندوو مانەوەی ئەو دەزانی. لەوساوە

هەرمایینی لەگەڵ پۆلینادا دەژیا، هەرگیز نەیدەویست لیانتیز بزانێت کە ئەو لە ژیانـدا ماوە، هەرچەندە ئەوی لەو تاوانکاریە بەخشیبوو، بەڵام نەیدەتوانی ئەو ستەمەی لەمناڵە ساواکەی کرد،هەرگیز فەرامۆش بکات. بەڵام کاتێك بیستی پردنیا دۆزراوەتەوە زۆری پێخۆش بوو ویستی بیان بینێ.

لیانتیز لەخۆشی و شادی دۆزینەوەی کچەکەی و زیندوویی هاوسەرەکەی، لە پێستی خۆیدا ئۆقرەی نەدەگرت، هات و هاواری شادی و کامەرانی هەموولایەکی پڕکردبوو.

دایك و باوك زۆر سوپاسی پرنس فلاریزلیان کرد سەبارەت بەو خۆشەویستییەی کە بۆ کچەکەیان هەیەتی، وە هەروەها زۆر نزایان بۆکابرای شوان کرد سەبارەت بەبەخێو کردن و چاودێری چەند ساڵەی کچەکەیان. گامیلۆو پۆلیناش زۆر خۆشحاڵ بوون کە بینیان زیندوون و ئەم سەرەنجامە باشەیان بە ئاکامی هەوڵ و ماندوبوون و وەفاداری خۆیان دەزانی. هەموو شتەکان دەستیان دابووە دەستی یەکتر تا ببێتە تەواوکەری ئەم شادی و خۆشییە.

لەم نێوەدا بۆلیکسنیز خۆی بە کۆشك دا کرد، ئەو لە ونبوونی کوڕەکەی‌و گامیلۆ هەستی کردبوو چوونەتە سیسلی بێ دواکەوتن دوایان کەوتبوو. دروست لەو کاتەدا گەیشت کە شادی و خۆشی سەراپای کۆشکی داگرتبوو. بۆلیکسنیزیش ئەم کەش و هەوا شادیەی ئەوانی وەرگرت و دۆستەکەی خۆی بەخشی کە کاتی خۆی گومان و مەزندەیەکی نابەجێی لە بەرامبەردا کردبوو، دووبارە دڵەکانیان بە وێنەی ڕۆژانی زوو لە خۆشەویستی یەکتر کەوتە شەوق و شادیەوە ئەڵبەتە بۆلیکسنیز بێ دواکەوتن سەبارەت بە ژیانی هاوسەریی کوڕەکەی‌و پردنیا ڕەزامەندی نیشان دا. بەم جۆرە ڕەنج و کوێرەوەری دوورو درێژی هەرمایینی کۆتایی پێ هات و ئەم شاژنە گران و سەنگینەش لەگەڵ مێردەکەی و کچەکەی چەندین ساڵ بە خۆشی ژیا.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی خبر

ژمارە: ١٣٨ی ساڵی ١٣٧٨

# ئاوڕێك لە ڕابردوو

گی. دو.مۆپاسان

دەنگی کۆنتێس  هاتە بەر گوێیان کـە دەیگـوت: دەی منالـّە خۆشەویـستەکان ئێـستا کاتی خەوە. هەرسێکیان دوو کچ و کوڕێـك لـە جێگـای خۆیـان بلـّنـد بـوون و بـەرەو لای داپیرەیان چوون تا ماچی بکەن، دواتر بۆ شەو باش چوون بۆلای کەشیش کە کردبوویـە نەریت هەموو ڕۆژانی سێشەمە بۆ خواردنی نانی ئێواریَ دەهاتە قـەلاَ، ئەسـقەف مـدویت کچۆلەکانی لە سەر کۆشی خۆی دانان و دەستی کردە ملیان، لە حالێکدا بـە جولەیـەکی باوکانە سەری ئەوانی بەرەو لای خۆی ڕادەکێشا، نێوچاوانی مـاچ کـردن، دواتـر ئـەوانی لەسەر کۆشی خـۆی هێنانـە خـواریَ و منالـەکانیش، کوڕەکـە لـە پێـشەوەو کـچەکانیش بەدوایدا دا ژوورەکەیان جیَ هێشت.

کۆنتێس پرسیاری کرد: پیَ دەچیَ مندالّت زۆر خۆش بوێن؟

— زۆر زۆر مادام.

پیرێژن لەحالێکدا کە چاوی بڕیبووە ڕووخساری وی درێژەی دایە: ئایـا هەسـت ناکـەی ژیان بەڕەبەنی زۆر ئەستەم ودژوارە؟

— بۆچی؟ هێندێك جار. دوای ماوەیەك بێـدەنگی، بـەلاَم خـۆمن بـۆ ژیـانێکی ئاسـایی نەخولّقاوم.

— چی لەبارەی ژیانی ئاساییەوە دەزانیت؟

— ئەها بەئەندازەی خۆم دەزانم. مـن بۆئـەوە هاتوومـە دنیـاوە کـە ببمـە کەشـیش و توانیویشمە وەلاَمێکی گونجاوی بانگەوازی ویژدانم، بدەمەوە.

— باشـە تێگەیـشتم! بـەلاَم بـۆ ناتـەویَ پـێم بلێـی چ شـتێك بـووە هۆکـاری  ئـەوەی چاوپۆشی بکەیت لەو شتانەی کە دەبنـە هۆکـاری خۆشویـستنی ژیـان و لەوانـەش کـەوا ئارامی و دلگەرمیمان پێدەبەخشن؟ چـۆن بـوو بڕیارتـدا وەدوای ژیـانێکی ئاسـایی، یـان پێکەوەنانی خێزان و ژیانی ژن و مێردایەتی نەکەویت؟ تۆ خورافی و دەمارگیر نیت! نـە دژی خۆشـییەکانی ژیـانی و نـە ڕەشـبینی؟ ئایـا شـتێك ڕوی داوە؟ یـان کارەسـاتێکی

دڵتـەزێن و نـاخۆش بۆتـە هـۆی ئـەوەی بـەم شـێوەیە داب و نەریتـە ئاسـاییەکانی ژیـان بخەیتە ژێر پێوە؟

ئەسقەف مدویت لە جێگای خۆی بڵند بوو بەرەو لای زۆپاکە ڕۆیشت، لـە حاڵێکـدا کـە پێڵاوە قورسە لادێییانەکانی خـۆی بەدەسـتەوە لـە بـەر ئاگرەکـە ڕاگرتبـوون، لـە وەڵام دانەوەی پرسیارەکە زۆر جدی دەهاتە بەر چاوان. ئەو پیرەمێردێك بوو باڵا بەرز، سـەرو ڕیـش سـپی، مـاوەی بیـست سـاڵ کەشیـشی شارۆچـکەی (سـن ئـەنتوان) و (ڕوشـە)و دەوروویـەری ئـەوێ بـوو، لادێ نـشینەکانی ئـەوێ، بـە نموونـەی کەشیـشێکی بـاش و ڕاستەقینەیان دەزانی.

پیـاوێکی بـاش بـوو، میهرەبـان، خـۆش ڕەفتـار، لەسـەرووی هـەموو ئەمانەشـەوە بەخشندە، ئەگەر پێویستی کردبا، ئامادە بـوو وەك سـن ئـەنتوان پـارووی دەمـی خـۆی لەگەڵ خەڵکیدا بەش بکات. چەشنی ژنانیش بە ئاسانی پێدەکەنی و گریانیشی هەمیـشە ئامادە بـوو. کەئـەم ڕەفتـارەی، ئاسـتی کەسـێتی بـەرزی ئـەویان لـە بەرچـاوی لادێیـە ناپەسندەکان بە ڕێژەیەکی بەرچاو دێنایە خوارێ.

کۆنتێس دوساویل کە دوای مەرگی یەك لە دوای یەکی کوڕو بوکەکەی، بۆ چـاودێری و پـەروەردەکردنی نـەوەکانی هـاتبووە قەڵاکـەی خـۆی لـە (ڕوشـە). زۆر کەشیـشی خۆشدەویست و وابەستەی ببوو، هەمیشە دەربارەی ئەو دەیگوت دڵێکی زۆر میهرەبانی هەیە.

کەشیش هەموو سێشەممانێك دەهاتە قەڵاو شەوی لەوێ بەسەر دەبرد، لە نێوان ئەو و کـۆنتێس دا دۆسـتایەتییەکی پتـەوو بـێ مەبەسـت دروسـت ببـوو، کـە ئـەم جـۆرە دۆستایەتییە تەنیا دەکرێ لە نێوان کەسانی بە ساڵاچوودا بەدی بکرێت.

ئەوان زۆر بەباشی درکیان بە یەکتر دەکرد. هـەردوو پـاكو بـێ گـرێ و بـێ ڕوکـەش و میهرەبان بوون.

کۆنتێس بە پێداگرییەوە دەیگوت: ئێستاکە نۆرەی تۆیە دان بەزۆر شت دا بنێیت.

کەشـیش یەکسەر گـوتی: هـەر وەك پێمگـوتی مـن بـۆ ژیـانێکی ئاسـایی نـەخوڵقاوم، خۆشبەختانە هەر زوو لە کاتی خۆیدا هەستم بەمە کرد. بـە هـۆی کێـشەیەکەوە، بـۆم ڕوون بۆوە کە ئەو ڕێگایەی کە من بۆ ژیان هـەڵم بـژاردووە دروسـت بـووەو لـە جێگـای خۆیدا بووە.

دایك و باوكم له (وَردێرز) به كـارو كاسـبی و بازرگـانی كەرەسـتەی مـورووەوه خـەریك بـوون، گوزەرانیـان بـاش بـوو، زۆریـان ئومێـد بـەمن بـوو، زۆر لاو بـووم كەناردیانمـه قوتابخانەیـەكی شـەوانه رۆژی، خـەڵكی هێـشتا هەسـتیان بـەوه نـەكردووه، تـەنیایی و دووری له ماڵ، چ كاریگەریەكی خراپ لەسـەر منـداڵان جێـدێڵێ. ژیـانی خـاڵی لـه سـۆزو خۆشەویستی، لەوانەیه بۆ زۆر كەس دەست بدات، بـەڵام بـۆ زۆر كەسـیش كارەسـاتێكی گەورەیه. منداڵان هەمیشه ناسكترو هەستەوەرترن لەوەی خـەڵكی بیریـان لێدەكەنـەوه. ئەگەر له ساڵانی تەمەنی منداڵیدا دابڕێن و دوور لەو كەسانه بژین كه خۆشـیان دەوێـن، ئەوا هەستیاریەكی توند، كاریگەریەكی كوشندەو مەترسیدار لەسەر دەروونیان جێدێڵێ.

مـن كـەمتر لـەیاری منـداڵان بەشـداریم دەكـرد، هـیچ هاوڕێیـەكم نەبوو،هەمیـشه بەشێوەیەكی ترسناك هەستم بەدووری و تەنیایی دەكرد.شەوانه كاتێـك دەچـوومه سـەر جێگـا، گریـان بـواری پێنـەدەدام، هـەولّم دەدا ماڵـەوەو ڕووداوه زۆر بـچوكەكانی ژیـانی نێوماڵێ بێنمەوه یادی خۆم. به هیچ شێوەیەك نەمـدەتوانی ڕابـردوو لـه مێـشكی خۆمـدا بسڕمەوه. سەرەنجام ورده ورده بوومه كەسێكی گرژو مۆن و تـوڕه، بـه شـێوەیەكی وا به ڕووداوێكی بچوك دنیام لێ وێك دەهاتەوه. سەرەنجامیشم بەوه گەیشت بـه شـێوەیەك بار هاتم خۆ خۆرو بەدو گۆشەگیر. نا ئارامیـه دەروونییـەكانم ڕۆژ بـەڕۆژ زیـاتر دەبـوون. منداڵان له باری دەروونییەوه زۆر ناسكن، تادەگەنه تەمەنی هەرزەیی، بەرگەی زۆر شت ناگرن. تواناو لەخۆبووردووییەكی زۆری دەوێ تا بتوانی پێش به شەیدا بوونیان بگریـت. كێ هەیه هەست بەمه بكا كه هەل و مەرجی نالەباری قوتابخانه بۆ منداڵێك لەوانەیه بـه ئەندازەی مەرگی دۆسـتێكی نزیـك، لـه سـاڵانی داهـاتوودا دڵتـەزێن بێـت. لـه ڕاسـتیدا چ كەسێك دەزانێ كه كێشەیەكی لاوەكـی لـه مێـشكێكدا كـه هێـشتا بەئەنـدازەی پێویـست گەشەی نەكردووه، له وانەیه كاریگەری خراپ جێ بێڵێ و هەستیان بریندار بكـات و یـان لەوانەیه له ماوەیەكی كورتدا توشی تێك شكانێكی گەورەی دەروونی بن كـەجارێكی تـر لەتوانای دروست بوونەوه بەدەر بێ.

ئەمه هەمان ئەو شته بوو كه بۆ من هاته پێشێ، دووری لەخێزان و ماڵ، كاریگەریەكی وای لەسـەر جێهێـشتم ژیـانی كـردم بـه ئـازارێكی هەمیـشەیی، لـەم بارەیـەوه هـەرگیز وشـەیەكم لای هـیچ كـەس نەدركانـد، هەسـتیاریه دەروونییـەكان ورده ورده بوونـه

سەرچاوەی نائارامی جەستەیی، ئیدی برینەکە دەمی کردبۆوە هەموو شتێك دڵمی دەخستە ژان و بیرهێنەرەوەی ڕەنجێك بوو کە هەمیشە ئازاری دەدام.

خۆشحاڵن ئەو کەسانەی سروشت پێستێکی ئەستووری پێبەخشیون و بە بیری (ستوایکیزم)* چەکداری کردوون.

کاتێ تەمەنم گەیشتە شانزەساڵ. لەبەرئەوەی هەموو شتێ ئازاری دەدام مرۆڤێکی شەرمنم لێ دەرچوو، دەمزانی کە هیچ هێزێکی بەرگری کردنم لە بەرامبەر چارەنووس و ڕووداوەکاندا نییە. خۆم لە هەموو کەس بەدوور دەگرت، لە هەموو چالاکی و پێشکەوتنەکانی قوتابخانە بێبەش بووم. هەمیشە لە حاڵەتی بەرگری دا بووم، وەك ئەوەی بەردەوام لە بەرامبەر کارەساتێکی نادیار و چاوەروان کراودا بم، بوێری ئەوەم تێدا نەبوو لەلای خەڵکیەوە قسان بکەم یان کارێك ئەنجام بدەم. ئەم باوەڕە ڕۆچووبووە مێشکمەوە. کە ژیان شەڕە. کێشمەکێشێکی بێزارکەر، مرۆڤ بەردەوام لە بەرامبەر زەبرو زەنگ و مەرگباریدا ڕادەگرێ. بەپێچەوانەی خەڵکانی ئاساییەوە کە ئومێدێکی زۆریان بە ژیانێکی باشترە، من چاوەڕوانی ئایندەیەکی ترسناکم دەکرد، لە کێشمەکێش لەگەڵ ژیاندا هەستم بە دۆڕان دەکرد، خۆم دەگونجاندو خۆم دەشاردەوە.

کاتێ خوێندنم تەواو کرد شەش مانگ مۆڵەتیان پێدام، کە چارەنووسی خۆم دیاری بکەم. ناگەهان ڕێکەوتێکی سادە پەردەی لەسەر ڕۆحم هەڵدایەوەو بووە هۆی ئەوەی خۆم بناسم، تێگەیشتم کە چ مەترسیەك لە پێشم دایەو بڕیارمدا لێیان وەدوور کەوم. (ۆرد ێرز) شارێکی بچوکە، لە زەویەکی تەختان کەدارستانیك چوار دەوری گرتوە. ئێمە ماڵمان لە شەقامی گشتی بوو، زۆربەی کاتەکانم لە دەرەوەی ئەو ماڵە بەسەر دەبرد، کە زۆرم بیر دەکرد، لە دەرەوەی شارو دوور لەکەس و کار، لێوان لێو بووم لە خەونەکانی خۆم و ئومێدەوار بووم ڕۆژێك بێت وەڕاست گەڕێن.

دایك و باوکم سەرگەرمی بازرگانی بوون. تەنیا بیریان لە کاروباری خۆیان و کاری داهاتووی من دەکردەوە. پەیوەندی ئەوان بەمنەوە زیاتر لەسەر بنەمای هزر و هۆش بوو، تا هەست و نەست. من پڕ بووم لە خەونەکانی خۆم، ترس و دڵەڕاوکێ هەرگیز لێم جیا نەدەبوونەوە.

ڕۆژێك دوای نیوەڕۆ، دوای بڕینی ڕێگایەكی دوورو درێژ بەرەو ماڵێ، لەناكاو لەڕێگادا سەگێكم بینی، كە بەخێراییەكی زۆرەوە بەرەو لای من ڕایدەكرد، لەو جۆرە سەگانە بوو كە پێیان دەڵێن ئیسپانیاڵی سور، درێژو باریك گوێیەكانی درێژو بادراو. سەرەتا دە یارد دوور لەمن ڕاوەستا، منیش ڕاوەستام، لە حاڵێكدا كە سەرو كەللەی بادەدا وردە وردە لەسەرخۆ بەرەو لای من دەهات، حاڵەتێكی ترس‌و تۆقین باڵی بەسەردا كێشابوو، قسەم لەگەڵی كرد، لەسەر زگ بەرەو لای من خۆی دەخشاند لەو ساتەدا هێند بێ نەوا هاتە بەرچاوم، ئەوەندە بەزەییم پێدا هاتەوە فرمێسك بەچاوانمدا هاتنە خوارێ. بەرەو لای چووم، بەلاّم ڕای كرد، دواتر گەڕایەوە چۆكم دانایە سەر زەوی و بەمیهرەبانییەوە لەگەڵیدا كەوتمە قسەو داوام لێ كرد لێم نزیك بێتەوە، سەرەنجام هاتە بەردەستم، بەئارامی و لە حاڵێكدا كە دەمویست نەیترسێنم و هێدی هێدی دەستم پێدا دەهێناو نەوازشیم دەكرد، وردە وردە بوێری پەیدا كردو لە حاڵێكدا دەستەكانی دەخستە سەر شانم لە سەر هەردوو قاچی ڕاوەستا، دەستی كرد بە لستنەوەی ڕووخسارم. دواتر بەدوامدا هاتەوە ماڵێ.

ئەمە یەكەمین بونەوەرێك بوو كە لە قوڵایی دڵمەوە خۆشمویست، لەبەرئەوەی وەلاّمی خۆشەویستی منی دایەوە، پەیوەندی من لەگەڵ ئەم گیانلەبەرە بێگومان زیاد لەڕادە جێگەی پێكەنین بوو، شتێكی وا لە مێشكم دا دروست ببوو وەك ئەوەی دووبرا بین، هەردووكمان لە ژیاندا ون بووبین هەردووكمان تەنیاو بێ هێز، هەرگیز بەتەنیا جێی نەدەهێشتم، لە خوار چارپاكەی منەوە دەنوست، لەگەڵ ئەوەی كە دایك‌و باوكم دژی ئەمە بوون خواردنەكەی لە هۆڵی نان خواردن لەگەڵ ئێمەدا دەخوارد، لەو هات و چۆیانەی كە بەتەنێ بوم، ئەو تاكە هاوڕێم بوو. زۆر جار لەلێواری جۆگەیەك ڕادەوەستاین و لەسەر گیایەكە دادەنیشتین و سام بەرەو لای من دەهات و لە تەنیشتم هەڵدەتووتاو بە خشاندنی لمۆزی داوای لێ دەكردم نەوازشی بكەم. ڕۆژێك كۆتاییەكانی مانگی ژوئن كاتێ گەیشتینە (سان پیردوشاورول) گالیسكەیەكم بینی لە (ڕاورو) ەوە دەهات چوار ئەسپیان لێ بەستبوو زۆر بەخێرایی نزیك دەبۆوە، ڕووی دەرەوەی زەرد بوو، چەرمێكی ڕەش بەشی سەرەوەی كورسیەكانی داپۆشیبوو، لێخوڕەكە قامچیەكەی خستبووە كارو هەورێكی لە تەپ و تۆز لە دوای خۆیەوە دروست كردبوو. سام دەتگوت

لەدەنگی گالیسکەکە ترساوەو دەیەوێ خۆی بگەیەنێتـە مـن، بـەرەو لای مـن ڕای کـرد، لێدانی سمی یەکێك لە ئەسپەکان تەختی زەویان کـرد، بینـیم لـە سـەر زەوی کـەوتووە، هەوڵیـدا ڕاسـت بێتـەوە، بـەلأم دووبـارە لـەنێوان قاچـی ئەسـپەکاندا گـیری خـوارد، گالیـسکەکە دووجـار لـە زەوی بـەرز بـۆوەو لەدوایـەوە سـامم بینـی لـەخوێنی خۆیـدا دەگەوزی،دەتگوت دوولەت بووە، جەستەی هەموو خوێن بـوو، هەوڵیـدا ڕاسـت بێتـەوە، بـەلأم تـەنیا تـوانی جوڵەیـەك بداتـە دەسـتەکانی، کـە هـیچ جوڵـەیان تیـدا نـەمابو، بـە شێوەیەکی زۆر دڵتەزێن دەیقرووسکاند، دوای تێپەڕ بوونی چەند خولەکێك ئیـدی گیـانی تێـدا نـەما. نـاتوانم هەسـت و نەسـتی خـۆم لـەو سـاتەدا بگێڕمـەوە، ئەسـتەمە بتـوانم دەریـبڕم، کـە ئـەو ڕووداوە چ کاریگەرییـەکی لەسـەر مـن جێهێـشت. تـا مـانگێکیش نەمدەتوانی لە ژووری بێمە دەرێ. ڕۆژێکیان باوکم کەزانی بـۆ شـتێکی بـچوك و لاوەکـی هێندەم خۆ نیگەران کردوە، تورەبوو هـاواری بەسـەردا کـردم: ئـەدی ئەگـەر دووچـاری کارەساتێکی ڕاستەقینە بووی چ دەکەی؟ گریمان دایکت مرد!

بە خێرایی فکرێك بە مێشکمدا هـات. تـوانیم پـەی بەکەسـێتی خـۆم بـەرم، تێگەیـشتم بۆچی شتێکی بـچوکم لێ دەبێتـە کارەسـاتێکی گـەورە، تێگەیـشتم بۆچـی شـتێکی زۆر بچوك و کەم بایەخ، زیاد لەڕادەی خۆی نیگەرانم دەکا؟ بـۆچ هێنـدە ئامـادەی پێـشوازی کردنی ڕەنج و کوێرەوەریم، کە نەستی من ئەو کارەساتانە زیاد لەڕادەی ئاسایی خۆیـان گەورە دەکـا. مـن لـە خواسـت و ئارەزووەکـانی جەسـتە خـاڵی بوومەتـەوە، لەبەرئـەوە بریارم داوە ئەو چێژو و خۆشیانەی کە بوونیـان لـە شـك و گومـان دایـە بکەمـە قوربـانی ڕەنج و ئازارەکانی دونیا. بە خۆمم گوت: ژیان کورتە. من ژیانی خۆم تەرخان دەکەم بۆ خەڵکی، لە خەمی ئەواندا غەمگین و لە شادیەکانیشیاندا شاد دەبم. من ئیـدی هـی خـۆم نیم، دەبێ هەرچی قوڵترو زیاتر درك بە هەست و نەستیان بکەم. ئـەی خۆزگـە دەتزانـی کـە ئەمانـە چـەندم ئـازار دەدەن و دڵـم دەگوشـن، ئـەوەتا ئـازارە لـەتوانا بـەدەرەکان جێگـای خۆیـان داوەتـە دڵـسۆزی و هـاودەردی. دەردو ئازارێك کـە ڕۆژانـە سـەرو کـارم لەگەڵیاندا هەیە، کە ئەگەر بۆخۆم ژیابام هەرگیز تەحەمولم نەدەکردن. مـن نەمـدەتوانی مەرگی ڕۆڵەی خۆم ببینم، مەگەر ئەوکاتەی مردبێتم. لەگەڵ هەموو ئەمانەشـدا ئێـستاش لـە مێـشکمدا چـاوەڕوانی کارەسـاتێك دەکـەم، ئێـستاشی لـە گـەڵ بـێ کـە دەبیـنم

پۆستەچیەکە بەرەولای ماڵی ئێمە دێت دڵم دادەخورپێ، لە هەلومەرجێکیش دام هیچم نیە تا بترسێم لەدەستم بچێت.

لێرەدا ئەسقەف مدویت بێدەنگ بوو، چاوی بڕیبووە گڕی زۆپاکە، پێدەچوو بیر بکاتەوە لەوەی ئەگەر شەهامەتێکی زیاتری بۆ ڕوبەڕووبوونەوەی بەلاَو کارەساتەکانی ژیان هەبا، ژیانی چۆنایەتی دەبوو، ئەو بەدوای دۆزینەوەی ڕازو نهێنیەکانی ژیانەوە بو. بە دەنگێکی لەرزۆك درێژەی دایە: حەق بە من بووە، من بۆ ژیان نەهاتوومەتە دنیاوە.

کۆنتێس هیچی نەگوت، بەلاَم سەرەنجام دوای بێدەنگیەکی درێژ وەقسەهات: بەلاَم لە بارەی منەوە، ئەگەر نەوەکانم نەبان ئازایەتی ئەوەم نەدەبو درێژە بە ژیان بدەم.

کەشیش بێ ورتە لە جێی خۆی هەستا. لەبەرئەوەی کە خزمەتکارەکە لەچێشتخانەکەدا نوستبوو، کۆنتێس بۆخۆی ئەوی تا بەر دەرگای دەرێ کە بەسەر باخچەیەك دا دەکراوە بەڕێ کردو لەسێبەری درێژی ئەوی ڕوانی کەلەبەر تیشکی فانۆسەکە وردە وردە کاڵ دەبۆوەو ڕۆدەچۆ نێو تاریکی شەو.

دواتر گەڕایەوەو لە تەنیشت ئاگرەکە دانیشت، ئەوەی کە لەو ساتەدا بەمێشکی ئەودا هات، هەگیز بەمێشکی لاوانیشدا نایەت.

* * *

ستوایکیزم _مەزهەبی ڕەواقییەکان_ کە لەساڵی ۳۰۸پ ز لە ئەسینا سەری هەڵداوە.پەیڕەوانی لەسەرئەو باوەڕە بون کە مروۆ نابێ جیاوازی لە نێوان خۆشی و ناخۆشیەکانی ژیان دا بکات.

سەرچاوە: نگاهی بەگزشتە و چند داستان دیگر

# نامەیەکی نەنێردراو

ڤ. ئۆسیپۆف

دوو هەفتەبوو، لە ئاواییەکی بچوکی تەریکو دوورەدەست کە کەوتبووە نێـو دارسـتانە چـڕوپڕەکانی یاکوتـستانی ون، چـاوەڕوانی کۆپتـەر بـووین. حـەوت کـەس بـووین سـێ ئەندازیاری دۆزینەوە، سێ (ژئۆ فیزیسین)، پەیامنێرێك.

هـەموو رۆژێ بـەیانیان بەرلـەوەی خـۆر هـەڵبێ، دەریاچـەکەمان تێدەپەڕانـدو خۆمـان دەگەیانـدە ئـەو جێگایـەی کـە مـەودای ئاوەکـەی لـێ تەسـك دەبـۆوە، زیخـەڵان بـوو، لەجێگای فڕۆکەخانە کەڵکی لێوەردەگیرا، لەسەر بەلەمە قڵپ بووەوەکـان دادەنیـشتینو بەدڵتەنگییەوە چاومان لەئاسۆ دەبڕی. کاتێك دنیا وردە وردە تاریك دادەهات، بـەدڵێکی خەماویەوە پێڵاوەکانمان لەپێدەکردو بەرەو بوارەکە ملی ڕێمان دەگرتو دەگەڕاینەوە.

بۆ بەسەربردنی شەو، کوختەکەمان ڕێك دەخستو دواتر دەربارەی مۆسکۆو دۆستانو ئاشنایانمان، کچانو هاوسەرانو بەکورتی دەربارەی تەواوی ئـەو شـتانەی لـەلای ئێمـە، لـەو جەنگەڵـە چـڕو دوورە دەسـتەی ئەوسـەری خولگـەی جەمـسەری، بوونیـان نـەبوو، دەربارەی ئەو شتانەی بیرمان دەکردنو بەبێ ئارامییەوە چاوەڕوانی دیدارمان دەکـردن، دەکەوتینە قسەو گفتوگۆی دووردرێژەوە.

لەیەکێك لەو شەوانەدا کە لەسەر کیسەخەوە چەرمینەکانمان ڕاکشابووینو لەنێو قدوە کۆنسرۆی بەکارهاتودا چای بەڕەنگو گەرممان دەخواردەوە، بێ ئەوەی بەخۆمان بزانین سەری قسەمان گەیشتە سەر چەمکی (فیداکاری). ئێستا ئیدی لەیادم نیە کە ئەم باسـە لەکوێوە دەستی پێکرد. یەکێك دەستی پێکرد، ئەوەی تر درێژەی دایەو دوای خولەکێك ئەم گفتوگۆیە هەموومانی بەخۆیـەوە سـەرگەرم کـرد، جگـە لـەخاوەن مـاڵو یـەکێك لـە هاوڕێیانمان کە کانزا ناسێکی بەتەمەنو گرژومۆن بـوو، کەخـەتی تـەوێڵو چـرچو لۆچـی لەسیمای بەساڵداچووی دا دەبینرا.

لە بۆچوونەکاندا جیاوازی هاتە ئاراوە. بەشێك پێیان وابوو مرۆڤ تەنیا کاتێك دەتـوانێ گیانی خۆی ببەخشێ کە ئامانجێکی هەبێتو بەڕوونی لەبەرامبەر خۆیدا ببینێ.

ئەوانی تر سووربوون لەسەر ئەوەی فیداکاری لە ئەنجامی هەڵچوونی هەسـتو نەسـتی مرۆڤو خرۆشاندایە، نەك لەسەر هەق، فیداکاری تەنها لە ئیلهامەوە سەرچاوە دەگرێ.

برادەرە ژئوفیزیکەکە کە لاوێکی تەمەن نزیکەی بیستو پێنج ساڵ بوو، زۆر بەتوندی بەرگری لەبۆچوونی دووەم دەکرد.

کانزا ناسی خەمبار کە نێوی بنەماڵەکەیان (تاریانۆف) بوو. گەرچی لەسەرەتادا گوێشی لێ نەدەگرتین بەڵام دواتر کە بینی ژئوفیزیکە قژ لولەکە خۆی تێکداوەوخەریکە کەشی گفتوگۆکە بەرەو توندی دەگۆڕی و دەست ڕادەوەشێنیو قسان دەکات، هەستاو لەسەر جێخەوەکەی خۆی دانیشتو چەشنی قوتابیەك لەپۆلدا دەستی بڵند کردو لەسەرخۆ گوتی: تکایە یەك خولەك... ئێمە هەموو ڕوومان لەوکرد.

— من بێنەو بەرە لەگەڵ هیچتاندا ناکەم. تەنیا دەمەوێ، ڕووداوێکتان، کە پێم وایە لەگەڵ ئەم باسو خواسەی ئێوە دا دەگونجێ، بۆ بگێڕمەوە.

— دوو ساڵ لەمەوبەر لەکاتی بارانە بەهێزەکانی پایزدا دەستەیەك لە دۆزەرەوانی کانزا لە جەنگەڵدا ونبوونو شوێنەواریان نەما، ماوەیەکی زۆر بەدوایاندا گەڕان، بەڵام بێسود بوو. وەرزی بەهار کاتێك بەفر توایەوە، بەرێکەوت شوانەکان بەسەر دواین مەنزڵگای دەستەکەدا دەکەون، لە دە هەنگاوی مەنزڵگاکە تەرمێك دەبینن ئەمە تەرمی کانزاناسێك بوو بەنێوی (کونستانتین سابینین) کە سەرۆکی دەستەکە بوو.

شوانەکان لەسەر سینگی (سابینین) پاکەتێك دەدۆزنەوە، نەخشەی کانزایەك، کە خۆی دۆزیبوویەوەو یەك بەستە کاغەز کەنامەیەك بوو بۆ ژنەکەی نوسیبووی، لەم پاکەتەدا بوون. نامەکەیان ڕەوانەی مۆسکۆ کردو نەخشەکەشیان بۆ لێکۆڵینەوەو دروستی دایە کانزا ناسانو ئەوانیش کاری خۆیان لەسەرکردو بۆیان دەرکەوت لەو چاڵە (کیمبەرلیت)ەی کە دەستەکەی سابینین دۆزیبویانەوە، ئەڵماسێکی زۆر هەیە. بەرلەوەی نامەکەڕەوانەی مۆسکۆ بکەن، کەسێك دانەیەکی لەبەر کۆپی کرد، ئەم کۆپیە ماوەیەکی درێژ لەنێو دەستەو پۆلەکانی دۆزینەوەدا، دەست بەدەست دەگەڕا. کانزا ناسان هێندێك لەبەشەکانی نامەکەیان وەکو نزا دەخوێندەوە دواتر کۆپی ئەو نامەیە گەیشتە دەستی من.

کونستانتین لەماوەی چەند مانگدا ئەو نامەیەی نوسیبوو، ئەو نامەیە بێ پچڕانو بێ کۆتایی بوو، کە سەرەنجام نەگەیشتە کۆتاییو نەتوانی بشینێرێ.

ئەوەی لە نامەکەدا نوسرابو ئەمەیە:

((... لای ئێوە هێشتا شەوە، بەلاّم لێرە خۆر هەلاّتوە، تۆ ئێستا گوێ لە مـوزیکێکی دلگیر دەگریت، بـەلاّم لای ئێمـە کەلەشێرەکان دەخـوێنن، ئێمـە بـەیانیان زوو لەخـەو هەلّدەستین بۆوەی بگەینە فرۆکەخانەکەو چانسی فرۆکەیەکمان هەبێ.

تۆ لەسەر چارپاکەت ڕادەکشێیتو وردە وردە خەو دەتباتەوە، ئێمـە بـەرز دەبینـەوە بۆ ئاسمان، تۆ خەونی خۆش دەبینی، بەلاّم ئێمە خۆمان بە یەکترەوە چەسپاندووەو لـە پەنجـەرە بـچوکەکانەوە سـەیری پەلّـە هـەورە پچرپـچرەکان دەکـەین، کـە وەك پـۆلێ بالّندەی خۆلەمێشی بەژێر بالّی کۆپتەرەکەدا تێدەپـەڕن. لـەژوورە گـەرمو ئاسـودەکەی تۆ، چرای خەوتنی سـەرمێزەکە ڕووناکییـەکی گـولّ ئاسـاپەخش دەکـات، بـەلاّم لـەودیو شوشەی کابینەی کۆپتەرەکەی ئێمەوە یەکـەمین بلّێسەی ئەرخـەوانی بەربـەیانی بـاکور دەبینرێ...

وەرا، خۆشەویستم ئێستا ئێمە چەند لێك دوورین. مـن دەزانم کـە تـۆ بـۆمن، بۆژیـانی نائاسودەو ئاوارەیی من، نیگەرانی. ئێمە کەمتر پێکەوەین تۆ وێنەی منت زیـاتر لەسـەر پلیکانـەکانی فـارگۆن یـان لەبـەر دەرگـای فرۆکـە لەمێـشکدا چەسـپیوە، چ بکـەم! کـە هەمیشە لەحالّی سەفەردامو لێت دوور دەکەومەوە.

دلّم دەیەوێ بەتایبەتی ئێستا کاتی تۆ دوور لێرە، لەمۆسکۆ خەوتوویتو منـیش لێـرە لەگەلّ کـانزا ناسـە کەمـدووەکان بـەرەو بـاکور هەلّـدەفرم. دەمـەوێ کـارێکی باشـت بـۆ ئەنجام بدەم، هیوام وایە ڕۆژێکـی ڕونـاکو هـەتاویی لەشـارێکی خـۆشو جـوانی باشـور لەخەوندا ببینی. ئەوڕۆژە پێـنج سـالّ لەمەوبـەر بـوو، کـە تێیـدا بڕیارمانـدا بـۆ هەمیـشە پێکەوە بژین.

هەر ئەو کاتیش پێم گوتی: دەمەوێت ئەوەندەی دەژیـم هـەنگاوێکی بـاشو بەسـودو پێویـست بـۆ نیـشتیمانەکەم هـەلگرم. تـۆ وەلاّمـت دایـەوە: دابـڕان لـە تـەواوی ژیانـدا هاوڕێیەتی عیشقی ئێمە دەکا. بیرتە، دوای ئەم وشانە ماوەیەکی درێـژ بێـدەنگ بـووین؟ دەمانزانی ئەمە ڕاستیەکە، بەلاّم عیشقی ئێمە لەم ڕاستیە بەهێزتر بوو.

وەرا خۆشەویستم! منو تۆ زۆر بەدەگمەن یەکتر دەبینین. وە هەموو جارێکیش کـاتی دابڕان پێکەکانمان بەیادی سالاّنی گەشتو ساتەکانی پێك گەیشتنەوە بەرز دەکەینـەوە. ئێمە دەزانین کە ئەم ساتانە لەگەلّ سالاّنی درێژی پێکەوە ژیان، بەرامبەرن.

کاتێ تۆ لەخەو هەڵدەستی، ئێمە بەسەر بەردەڵانە زەردەکەی کەناری دەریاچە پڕ جۆشو خرۆشو جەنگەڵەکە، وەفڕین کەوتووین و بڕیاریشە فڕۆکەکەمان لەنزیکی خولگەی جەمسەری بنیشێتەوە. ئەوکاتەی تۆ لە خەو هەڵدەستیو دەستو دەمو چاوت دەشۆیتو قژت شانە دەکەی، ئێمە لەفڕۆکەکە دادەبەزینو ئەویش بەرەو باکور وەفڕین دەکەوێتەوەو ئێمەش بەرەو باشور وەرێدەکەوین. کوڵینگە تایبەتەکانمان لەبەر بەهێزی زەوی هەزاران ساڵە کول دەبنو بە پاچو بێڵ دەکەوینە هەڵکەندنی زەویە سەهۆڵبەندانەکە. شەوانە لەنێو ڕەشاوو زەلکاوەکان، دەبێ لەژێر ئەستێرە ساردەکانی جەمسەری باکوردا بنوینو لەیادی کەسانێکدا بین، کەلێرە، لەم سەر زەویە گەورەیە، چاوەڕوانمانن.

دڵنیام دوای ڕۆژانێکی زۆر_ماندوو چڵکن وڕیش هاتو_جارێکی تر لە جەنگەڵ دێینە دەرێ، فڕۆکە چاوەڕێمانە.سەرکەوتوانە دەگەڕێینەوە، کاتێ بەرەو ماڵ گەڕاینەوە لەپەنجەرەی فڕۆکەکەوە سەیری خوارێ دەکەم و دەکەومە بیری تۆوە. بەڵام پێناچێ ئەمە بەم زوانە ڕوبدات...پێڵوی چاوەکانت لێکنێ وچاوەڕوان بە. باوەڕیشت بە سەرکەوتنی ئێمە هەبێت.

* * *

وەرا گیان، سڵاو! تکام وایە کاتت لێ تاڵ نەکەم، بەڵام سەیری کە، ئەو نامەی کە لەکۆپتەرەکەدا بۆم نوسیبوویت بیرم چوو بە فڕۆکەوانەکاندا بینێرم. بەشێوەیەکی خراپ لەکۆپتەرەکە هاتینە خوارێ، ئاوی بەفر هێشتا ماوە، نیوەی زیخەڵانەکەی داپۆشیوە، کۆپتەرەکە هیندێك لەئاودا ڕۆچووە خوارێ، ناچار ڕاستەوخۆ لەئاوی ڕوبارەکەمان دا، تا کەمەرمان دەهات کەرەستەکانمان گەیاندە وشکانی کەنار لەم کێشمەکێشەدا بووین بیرم چوو نامەکە بدەمە فڕۆکەوانەکان، نامەکە لای خۆم مایەوەو ئێستا دوو مانگە هەڵمگرتووە و بەبۆچونی خۆم وامدەزانی ئێستا گەیشتۆتە دەستی تۆو خوێندووتەوە.

وەرا گیـان! سـلاو! دووبـارە لەپـشوداین، دووبـارە شـەوەو ئـاگرە چـكۆڵەكەمان لەسەرخۆ دەسوتیۆ دووبارە دڵم دەیـەویَ لەگـەڵ تـۆدا بكەومـە دەردەدڵ.پێموایـە ئـەم نامەیە ناگاتە دەستت و دەبیَ زستانیَ بە دەستی خۆم بۆتی بێنم! پێم وانیە لەمە زوتـر بگاتـە دەسـتت، كـاتیَ هاتمـەوە هـیچ شـتێكت بـۆ ناگێڕمـەوە، بێـدەنگ دێمـە ژووریۆ جانتاكەم لـە راڕەوەكـە دادەنـێمو تـۆش نامەكـە دەخوێنیتـەوەو منـیش لـە بەرامبـەرت دادەنیـشم، چـاو لەڕووخـساری تـۆ، قـژی تـۆ، لـە دەسـتەكانی تـۆ دەبـڕم، تـۆ نامەكـە دەخوێنیتەوەو لەهەموو شتێك تێدەگەیت. ئیدی ڕابردوو لەیاد دەكەینو سەبارەت بـەمن هیچ قسە ناكەین ئیدی تەنیا لەبارەی تۆوە، لەبارەی ژیانی تۆوە، لەبارەی كاری تـۆوە، لەبارەی سەركەوتنەكانی تۆوە دەدوێین.

هـەر بۆیـەش ئێـستا لێـرە، سـەبارەت بەتـەواوی ئـەو مەبەسـتەی هەمانـە شـتت بـۆ دەنوسـم. دەربـارەی كارمـان، دەربـارەی گرفـتو كێـشەو نائومێـدیمان، دەربـارەی شادیەكانمان. ئێمە لە چاڵی (كیمبـەرلیت)دا بـەدوای ئـەڵماس دا دەگـەڕێین ئێمـە مـافی ئەوەمان نیە خۆ بگنخێنینو هیچ نەدۆزینەوە، بۆئەم كـارە سـەرەتاییانە، كـاتو هـەوڵو پارەیەكی زۆر دەكاربراوە.

تاكـە شـتێك كـە لێمـان داوا دەكـریَ ئەمەیـە: (كیمبـەرلیت) و ئـەڵماس بدۆزینـەوەو نمونەیەكی لیَ هەڵگرین و جێگاكەی لەسەر نەخشە دیاری بكەین. كارمەندانی بیناسـازی بەدوای ئێمەدا دێن و كارگەی كانزایی و شارەدێی پیـشەسازی لەسـەر دروسـت دەكـەن، بەم پێیە نابیَ پایزی ئەمساڵ بەبیَ نەخشەی چاڵەكان بگەڕێینەوە بـۆ (بنكـەی ناوەنـدی دۆزینەوە). بەر لەئێمە چەندین دەستەی دۆزینەوە چونەتە باشور، ئـەم بابەتـە هێزمـان پێدەدا، زۆر ڕوونە، ئێمە دەمانەویَ یەكەمین دەستەی دۆزینـەوە بـین كـە ئـەنجامێكمان هەبیَ.

لـەبیرم چـوو دەربـارەی ئەنـدامانی دەسـتەكەمان شـتت بۆبنوسـم. چـوار كەسـین، (سێرگی) لێپرسراوی دارایی، چێشت لێنەر، كرێكارو سـەروەری ئێمەیـە، بـەكورتی ئێمـە ناومان لیَ ناوە (ڕێكخـراوی خێرخـواز) ئـەو لـە هـەمووومان بەتەمـەن تـرو تێگەیـشتوترە، پێشینەی خزمەتی لەناوچەكانی جەمسەری باكوردا، دوو ساڵ لەمن زیاترە، ئـەمن تـەنیا بە كەڵك وەرگرتن لەمافی سەرۆكی دەسـتە بـۆم هەیـە بـەنێوی خـۆی بـانگی بكـەم. دوو

کەسـەکەی تـری ئەنـدامی دەسـتەکەمان بـریتین لـە (تانیـا) و (گێرمـان) هـەردووکیان گەنجن‌و تەواو کرچوکاڵن. ئەڵبەتە ئاکارو رەفتـاری گەنجانـەیان، ئاسـتێکی مامناوەنـدی دایە.

گێرمان دوو ساڵە هونەرە جوانەکانی تەواو کردووەو تانیاش سێیەمین سـاڵە کـە دوای جێهێشتنی کورسی زانکۆ، لەگەڵ کانزاناسـانی ئێمـە لـە دارسـتانەکانی بـاکوردا بـەدوای کیمبەرلیتی وەگیر نەکەوتوودا وێڵە. بەلاّم پێشینەی خزمـەت بـۆ (دارسـتانەکانی بـاکور قـسەی مفتـە. سـێرگی زۆر ئاگـای لێیانـە، ئامۆژگاریـان دەکـات حیکمـەتی ژیـان لـە دارستانیان فێردەکات.

ئەمڕۆ بەیانی لە دەوروبەری ڕوبارێك، کە ئومێدێکی زۆرم پێیەتی کەوتینـە کـارکردن. بەشێوەیەکی گشتی دەکرێ بڵێین ئەمە ڕوبار نیـە، بـەڵکو دەریاچـەیە، نزیکـەی حـەوت مەتر پان‌و سێ مەتر قوڵ دەبێت، نمونەی لێ هەڵدەگرین. ئەمڕۆ سێرگی، گێرمانی فێری ئاگرکردنەوە دەکرد، گێرمان پاسەوانەو ئاگرێکی گەورەو گرانی کردبۆوە سێرگی توانـای خۆڕاگرتنی نەماو بە سەریدا قیژاند: گەمژە دارستانەکە ئاگر دەگرێت!

گێرمان ڕەنجا، چاویلکەکەی لەچاوی کردەوەو ماوەیـەکی زۆر کەوتـە پـاك کردنـەوەی شوشەکانی، بەلاّم سەرەنجام هیچ قسەی نەکرد. ئەو گێرمانە زۆر دڵخۆشە. تانیـا دەڵـێ شێوەی لە (دکتۆر ئیبۆلێت)ی پاڵەوانی چیرۆکەکانی منداڵان دەچێ، هەمیشە بـە دکتـۆر ئیبۆلێت بانگی دەکا (ئەمن پێموایە کە گێرمان کەمێك دڵبەسـتەی تانیـا بـووە، تانیـاش کە بەم بابەتە دەزانێ گاڵتەی پێدەکا).ئاڕاستەی ڕوبارەکـە وردە وردە بـەرەو باکورمـان دەبا،دارستانەکە وردە وردە دەبڕین، جاری وایـە بەشـوێنی ڕوتـەڵان‌و بـێ درەختـدا کـە پڕە لە پوش‌و پەلاّشـی وردو وشـك و چـڵە ئاشـنەی ڕەنـگ سـوری تێـرو ژەنـگ گرتـوو، تێدەپەڕین.

ئێمە تەواوی ئەو ماوەیە، بەدرێژایی کـەناری ڕوبارەکـە دەچـینە پـێش، مـن لەلایـەك‌و تانیاو گێرمـانیش لەلایـەکی تـر، بـەلاّم سـێرگی بەلەمـە لاسـتیکییەکانی لێـك بەسـتووەو دەیانباتە شوێنی پـشوو کەلەسـەر نەخـشەکە دیاریمـان کـردووە، تـا ئێمەدەگەینـەجێ، ئەوچادر هەڵدەداو نانی نیوەڕۆ ئامادە دەکاو بەشێوەیەکی گشتی (بەکاروباری ئابووری ڕادەگا).

* * *

وەرا گیان، مژدە! دوێنێ سێرگی کلۆیەك کیمبەرلیتی دۆزیەوە، بەڵێ بەڵێ کیمبەرلیتی ڕاستەقینە! ئێمە لەم بەرو ئەوبەری ڕوبارەکە خەریکی چاڵ هەڵکەندنین، بە کولێنگو بێل سەرگەرمی هەڵکەندنی زەوین، کاتی نوسینم نیە، تەنیا سێ چوار کاتژمێر دەنوین...

چەند ڕۆژە هیچم بۆ نەنوسیوی، زۆر ماندوو بووم تا ئێستا نزیکەی بیست چاڵمان هەڵکەندووە، لەهیچ شوێنێك ئاسەواری کیمبەرلیت دیار نیە. ناکامییەکی زۆر ترسناکە. تانیاو گێرمان دەگرین، بەڵام سێرگی ئەم شتانە بەگوێی دا ناچیٚو بەدوای کاری خۆی دەکەوێ، دەکەوێتە هەڵکەندنی زەویە سەهۆڵبەندانەکە، دەکرێ بڵێین هەر ناخەوێ.

بەشێوەیەکی زۆر هەستپێکراو، دنیا سارد بووە، ئیدی هەرچییەك بێت مانگی سێپتێمبەرە، بەڵام ئێمە هەست بەم شتانە ناکەین. گرمانو سێرگی لەکاتی کاردا تەنیا ژێرکراسێك لەبەر دەکەن، زەویە بەستووەکە زۆر بەزەحمەت هەڵدەکەنرێ جارجار ناچار لە چاڵەکاندا ئاگر دەکەینەوە، ئاوی ژێرزەویەکە کێشەو گرفتێکی زۆرمان بۆ دروستدەکات، جاری وایە ناچار دەبین چەندین کاتژمێر تاسەر چۆکان لەقوڕو سەهۆڵی نێو چاڵەکە بەپێوە کاربکەین. لەو چاڵانەدا بەلەشی قوڕاویو پیسەوە دێینە دەرێ، بەکورتی بێ کەمو زیاد شەیتانی نێو قوڕو چڵکاوین، تانیا بەقەد هەموان کاردەکا، داماوە بەنرخی کوێرەوەرییەکی زۆر دەتوانێ خۆی خاوێن رابگرێ.

کیمبەرلیتی نەفرەتی! ئاسەواریان دیار نیە.

* * *

سەرکەوتن... دوێنێ منو تانیا لەناوچەیەکی تر کەوتینە چاڵ هەڵکەندن خاکێکی مەیلەو شینمان دۆزییەوە! هەمووی مەترێکمان هەڵنەکەندبوو کەستەکە گلێکی خۆڵەمێشی مەیلەو شینمان دۆزییەوە، دواتر کەستەکێکی تر! لەقولاییی دوو مەتردا گلەکە سفتو توند بوو، دەتگوت یەك پارچە توێژی بەردە. سێرگیو گێرمان لەنزیك ئێمە دەستیان بەهەڵکەندن کردو ئەویش هێند بەخێرایی، دوای دوو کاتژمێر، وەپێش ئێمە کەوتن لە هەڵکەندنی چاڵەکەیاندا. لەچاڵەکەی ئەوانیشدا خاکەکە یەك پارچە

مەیلــەو شــینە، گێرمــان کریــستاڵێکی بــچوكو تــیرە ئەڵماســێکی کــە بــە کەســتەکە کیمبەرلیتێکـەوە چەسـپابوو دۆزیـەوە، دوای ئـەو، تانیـاش دوو ئەڵماسـی هەشـت رووی دۆزیەوە.

ئێمــە جەژنمانــە، تەنانــەت سێرگیــشئم شــادیەی بــەخۆی ڕەوا بینــیو پێدەکــەنی، بەبۆنەی سەرکەوتنمانەوە کۆڕی شادیمان بـەرپاکرد، تـەواوی کەمپوتـەکانمان بەیـەکجار سازکردو سێرگیش زۆر لێزانانە لە کۆنسرۆی ماسیو سەوزە، زەلاتەیەکی زۆر خۆشی بـۆ دروستکردین، لە کەرەستەی خواردەمەنییـەکان هەرکەسـەو نیـو پیاڵـە کحـولی وەرگـرت ئێمە بەشانازی کێڵگەکانی ئایندەو کانە ئەڵماسی ئایندەوە خواردمانەوە.

لەو شوێنە تەنیا چادرە بچوکەکانی ئێمە، کە لەبەر بـارانێ خوسـاون، بوونیـان هەیـەو دەبینرێن. گێرمان لەناکاو مەست بوو بـە ئـاوازێکی لـەنگو بـە ئـاوو تـاو قـسەی دەکـرد لەتەنیشت ئاگرەکە ڕاوەستاو پێیگوتین لەمڕۆ بـەدواوە دڵنیایـە لـەوەی تەمـەنی بـەفیڕۆ نەچووەو هاوکارو بەشدار بووە لەدۆزینەوەیەکی بەسوددا بۆ نیشتمانو بۆ مرۆڤایەتیش.

تانیا پێی پێدەکـەنیو سـێرگیش خەفـەتی دەخـوارد، کوڵنگەکـەی هـەلگرتو ڕۆیـشت چـاڵەکە تـەواو بکـات. بـەڵێ لەگـەڵ ئەمەشـدا تانیـاو گێرمـان هێـشتا منـاڵن، تەمـەنی هەردووکیان بەسەریەکەوە ناگاتە پەنجا ساڵ، مناڵانێکی گەورەو ئازاو لەخۆ بوردوون.

بەمشێوەیە کێڵگە دۆزرایەوە! سێ ڕۆژ لەمەوبـەر بـەردەوام کارمـان لـە تەنیـشتەکانی چاڵەکەدا دەکرد، بەڵام ئەمڕۆ جێگاکەیمان لەسەر نەخشە دیاری کرد.

وەرا! ئەوەی دەمویـست، دۆزیمـەوە. مەبەسـت تـەنیا کیمبـەرلیت نیـە. تـۆ دەزانـی لەژیانمدا هەرگیز ڕێگای ئاسانو هەموارم نەگرتۆتە بـەر. مـن هەمیـشە گوتومـە: ژیـانی ڕاستەقینە هەمان هەوڵو ماندووبوونە، هەمان لەبەین بردنی کێشەکانە، هـەمان شـادیو شاگەشکەی سەرکەوتنە بەسەر کێشە سەختەکاندا! من لەو لەو جەنگەڵە چـڕو چـۆڵەی یاکوتستان خۆشیو شادی خۆمم دۆزیەوە. بـۆنی دوکـەڵی پیـسی ئاگرەکـانم بـۆدێ ئـەو بایانــەی کــە لــە وڵاتــە نەناســراوەکانەوە هەڵدەکــەنو دەگەنــە ئێــرە، ئــەوانیان وشــك کردۆتەوە. ڕابردوویەکی شاعیرانەی وڵاتانی داڕوخاوی لـە مێژینـە، کـە نهێنیگـەلی زۆری نەدۆزراوەی زەوی ناسـیی، لەسـەر وێرانـەکانی جێمـاوە، کـە وەك پەردەیـەك بەسـەریدا

دادراوە، خۆشبەختی من بۆ هەموان لەبار نیـە، خۆشـبەختی مـن دژوارو هەراسـانکەرە، بەلاّم تۆ دەزانی هەرگیز ئەمن ڕانەهاتووم بەکۆڵەپشتی خاڵییەوە بەڕێدا بڕۆم.

ئەگـەر شـتێکی زیـاتربلێم (تـۆش هـۆی خۆشـبەختی منـی، لـەدەریاکانو کێوەکـان، جەنگەڵـەکانو دەریاچـەکان، بـەرەو لای بلێـسەی ئـاگری تـۆ بەپەلـەم، مـن ئامـادەم لەپێناوی یەك خولەك، کە لەگەڵ تـۆدا بیبەمەسـەر، واز لەتـەواوی ئـەو مـانگو سـاڵانەی ژیانی داهاتوم بێنم).

* * *

وەرا، ئـازیزم! ئـەوەی کـە لێـی دەگـەڕاین دۆزیمانــەوەو ئـەوەی کـە نیازمـان بـوو ئـەنجاممان دا! ئێـستا دەگەڕێینـەوە، ورەی هـەمووان بـەرزە. بەتایبـەتی گێرمـان زۆر ڕازییە. ماوەیەکی درێژ لەگەڵ تانیا، سەبارەت بـە بابـەتێك دەکەونـە ڕازو نیـاز. سـێرگی وەك هەمیشە گرژومۆنە، پێدەچێ لەدنیادا هیچ شتێك نەتوانێ هاوسەنگی ئەو ڕاگرێ.

بەرەو ماڵ، بەرەو ماڵ، بەرەو ماڵ، پێدەچێ بەخێرایی تەواوی ئەوەی کە زستانی پار پێشبینیمان دەکرد، بۆخۆی جێبەجێ ببێت، کە گەڕامەوە مۆڵـەت وەردەگـرمو دەچـینە باشور هیچ کارێکی تر ناکەین جگە لە مەلەکردن لە دەریاو پیاسـەکردن لـەو جێگایانـەی کە تۆ ئارەزووت لێیانە.

* * *

وەرا، ڕۆژبـاش ماوەیـەکی زۆرنـەمتوانی هیـچت بـۆ بنوسـم، توشـی بەلاّیـەکی گـەورە بـووین، قەرەبووکردنـەوەی زۆرئەسـتەمە، بەڕاسـتی جوانیـان گوتـووە: خۆشـبەختیو بەدبەختی نێوانیـان هەنگاوێکـە. ئێمـە جێگـای کانەکـەمان بـەجوانی لەسـەر نەخـشەکە دیاریکردو چەند کۆڵەپشتمان لە کیمبەرلیت پڕکردو کەنارو کەناری ڕوبارەکە سـەراو ژێـر دەبووینەوە. دواین مەنزڵگای خۆمان لەیەك کیلۆمەترو نیوی ئەو جێگایەی کە ڕوبارەکە تێکـەڵ بـە دەریاچـەکە دەبێ،خـست. بـێ هـیچ شـكو گومانێـك چـادری خۆمـان هەڵـدا،

بەلەمەکانمان لەکەناری ئاوەکە دانا، نانی ئێوارێمان خواردو نوستین. کەش و هەوا ئاسایی بوو وەك هەمیشە هەڵم بەوێنەی دوکەڵ لە دەریاچەکە بەرز دەبۆوە، کەش و هەوا برێك ساردبوو، زۆر ماندوو بووین، جانتای کۆنسرۆو کۆڵەپشتە پڕ لە کیمبەرلیتەکانمان نەهێنانە نێو چادرەکەو هەروا بە کەمتەرخەمیەوە شتێکمان بەسەردادان. هیچ یەك لەئێمە نەیبیست کە چۆن نزیك کاتژمێر دوانزە ڕەهێڵە بارانی پایزی دەستیپێکرد، سێرگی لەپێش هەمووان‌دا لەخەو هەستا، کاتژمێر شەشی بەیانی بوو کاتێ سێرگی ئەو هەرایەی بیست، وای زانی دەنگی بایە دەیویست دووبارە بنوێتەوە، بەلاّم لەم کاتەدا هەستی کرد باران دەبارێ. خێرا هەمووانی لەخەو هەستاند، مرۆڤ نەیدەتوانی سەر لەژێر چادرەکە دەربێنی، لەسەرمان خۆمان کورژ کردبۆوەو دانیشتبووین، لەدیواری یەك پارچە بارانی بەرامبەر خۆمانمان دەڕوانی. تەنانەت تۆ ناتوانی لەخەیاڵی خۆشتدا بەرجەستەی بکەیت کە چ بارانێك بوو، دەتگوت تەواوی بەفرو سەهۆڵەکانی ئۆقیانووسی بەستەڵەکی باکور تواونەوەو بەشێوەی باران بەسەر ئێمەدا دەبارێ.

لەناکاو سێرگی هاواری کرد: بەلەمەکان!

سەیری کەنارمان کرد هیچی لێنەمابوو، لەو شوێنەی کە بەلەمەکانمان لێ بەستبوو، ڕوبارێك دروست ببوو دەینرکاندو شەپۆلی دەدان، ئیدی ئەمە ڕوبار نەبوو، بەڵکو دەریاچەیەکی کوێستانی بەجۆش و خرۆش بوو، ئەو درەختانەی کە لافاو ڕایمالّیبوون، بەخێرایی بەسەر ئاوەوە مەلەیان دەکرد.

ئێمە خەوالّوو نیمچە رووت، بێ ئەوەی برپیارێکمان دابێت لەژێر ڕەهێڵەی باراندا بەرەو خوارێ غارماندا. شتێکی ترسناك بوو، قوڕو چلّکاوەکە، بەوێنەی بەفرو سەهۆڵ قاچیان دەتەزاند. فەرمانم بە تانیادا بگەڕێتەوە، بەلاّم ئەو هەر لەگەڵماندا هات، ڕێژگەی ڕوبارەکە کەڵەکە درەختێکی گەورەی لێ کۆببۆوە، ڕوبارەکە هەرسات درەختێکی تری دەهێناو لەو کەڵەکەی گیردەکرد. سێرگی دەستی منی گرت و گوتی: سەیرکە بەلەمەکەت دیوە؟

لەنێوان کەڵەکە دارو درەختێك کە لافاو ڕایمالّیبوون شتێکی زەرد دهاتە بەرچاوان، ئەمە یەکێك لە بەلەمە لاستیکییەکانی ئێمە بوو، کە هەوایان تێدەکر ا، ئەو شتە زەردە

کۆنسرۆو کیمبەرلیتەکەمان بوون، بەڵام چۆن دەکرێ خۆمان بگەیەنینە بەلەمەکە؟ لەناکاو سێرگی خۆی خستە سەر کەڵەکە دارێکو دەیتوانی هاوسەنگی خۆی ڕابگرێ، بەرەولای بەلەمەکە ڕۆیشت، ئالەوێ دابوو کە بەلآیەکەمان بەسەرهات، هەرگیز قەرەبوو ناکرێتەوە، دارەکان دەتگوت لەمێژە چاوەڕوانن یەکێك بیانجولێنێ، خۆیان لەبەر قورسایی لەشی سێرگی ڕانەگرتو لەبەریەك ترازان، تەواوی کەڵەکە چرپوپرەکە ئاو رایماڵی بەرەو پانتایی دەریاچە گەورەکە، دوایین دیمەن کە بەرچاومان کەوت دەستەکانی سێرگی بوو، دیار بو دەیویست خۆی بەدارێکەوە بگرێتەوە، بەڵام لەو کاتەدا چەند کۆتەرە داری گەورەو ئەستور ڕێك بەو شوێنەدا سەرەو ژێربوونەوە....

ئێستا چەند ڕۆژێك بەسەر ئەو کارەساتەدا تێپەڕیوە ئەمجار توانیومە نامەت بۆ بنوسم، بەشێك لەو کارەساتەم دێتەوە یادو توانیومە شتێکت بۆ بنوسم. لەوکاتەدا لەجێی خۆمان وشك بووین، تانیا بەشێوەیەکی ترسناك دادو هاواری بوو، گرمان هۆڕهۆڕ دەگریا، شتێك لەسینەمدا لەت لەت بوو، مەرگی سێرگی کاریگەرییەکی خراپی لەسەر دەروونمان جێهێشت، ئاگامان لەخۆمان نەبوو، بە جلوبەرگی ژێرەوە، گێژو وڕ، لەبەر ئەو بارانەدا وەستابووین، دواتر گەڕاینەدواوە، قوڕو قوڕاوو سەرمامان بیرچوۆوە، نێو چادرەکانمان پڕلەئاو ببون، زۆری نەمابوو هەر بەیەکجاری ڕایانماڵێ، کیسە خەوو جلوبەرگو دوو تفەنگو چەند فیشەکی تەڕو چەند قدو کۆنسرۆ __ کە خۆشبەختانە کە ڕۆژی پێشتر یەکێك لەئێمە کەمتەرخەمیکردبو و نەیبردبوونە نێو بەلەمەکە__ خێرا گەیاندماننە شوێنێکی وشك. ئەڵبەتە دەمانتوانی بەشێك لە کەرەستەو کەلوپەلە پێویستەکانمان بۆ نمونە تەور کە بۆکاتێکی وەك ئێستا زۆرزۆر پێویست بوو، دەربازبکەین، بەڵام مەرگی دڵتەزێنی سێرگی هەموو شتێکی لەبیر بردبووینەوە. دواتر دوای دوو کاتژمێر، کاتێ بڕێك وەخۆ هاتینەوە هەستمان بە هەلومەرجی نالەباری خۆمان کرد. سێ کەس، لەچۆڵەوانی یاکوتستاندا ماوینەتەوە. نە تەورمان لایە، نە نەخشەی گەڕانەوە، نە جەمسەرنما، هەمووی ئاو بردوویەتی، باران هەروا درێژەی هەیە، تۆزێك هێدی تر، بەڵام بێپسانەوە دێتە خوارێ. شەوو ڕۆژێك ئارامامان گرت، بەڵام باران لێی نەکردەوە، ئەوسا بڕیارماندا هەرچۆنێك بووە دەبێ بڕۆین، هەر کە وەڕێکەوتین زانیمان ناتوانین خۆ بگەیەنینە جێگایەك کە ئومێدی ئەوەی لێبکرێ توشی فڕۆکەیەك ببین،

دەریاچەکە لە هەردوو لاوە نزیکەی بیست کیلۆمەتری داپۆشیبوو، لەم تۆفانو لافاوەدا مەلەکردن شتێکی بێمانا بوو، ئاو لەهێندێك جێگا بەخێرایییەکی زۆرەوە هاژەی دەکردو دەیلرفاند، گێژاوی دروستدەکردو کەڵەکەدارو درەختی کۆدەکردنەوە رایدەماڵین، لەهێندێك جێگاش هێدیو ئارام بوو. جگە لەمانەش بۆ دروستکردنی کەڵەکێك نەکەرەستەمان هەبوو نە تەختەودار. تەواوی درەختەکانی دەوروبەرمان نوقمی ئاو ببوون.

رۆیشتن بەپێیان تا تەنگەی بەرایی ئاوەکە، کارێکی ئەستەم بوو، لەترسی لافاویش دەبا لەدەریاچەکە دووربکەوینەوە. سەرەنجام بە هەوڵو ماندوبوونێکی زۆر هێندێك داری تەڕمان شکاندو چادرێکمان دڕاندو شتێکی چەشنی زەمیلە کۆنمان لێ دروستکردو سواربووین، بەدار دەستێك فشارمان دەخستە سەر قوڕە خەستەکەی سەر رووی دەریاکە، بەڕاستی ئەم سەفەرە ئەشکەنجەیەکی تەواو بوو، کاتێك دەگەڕێمەوەو ئەم نامەیەت دەدەمێ و دەیخوێنیەوە، ناتوانی یەك لەهەزاری ئەم ئازارو کوێرەوەرییەی ئێمە لە خەیاڵی خۆت دا بەرجەستە بکەیت. رۆژی یەکەم بەدەم لێدانی سەوڵە دارینەوە ماوەیەکی باش رۆیشتین، شەوێ بەسەر کەڵەکە شڕەکەوەو لەنێو دەریاچەکە نوستین، رۆژی دووەم ئاوەکە ئێمەی دەبرد، دەبوایە تەواوی ئەو ماوەیە ئاگاداری ئەوە بین نەبادا درەختێکی گەورە یان هەر شتێکی تر کە بەسەر ئاوەوە مەلەیان دەکرد،خۆیمان پیا بکێشێ، چونکە بۆی هەبوو لە یەك چاو تروکاندا کەڵەکە شڕەکەمان وەرگێڕێ. لەسەرەتادا دەمانویست بەو درەختانە (کەشتی جەنگی)یەکەمان گەورەتر بکەین، بەلاَم بەهۆی دارەکانەوە ئەمە نەدەکرا، لەنێوان هەر دوو سێ کیلۆمەترێك دەگەیشتینە کۆمەڵە دارێکی چڕوپڕ، بەلاَم ئێمە کەڵەکەکەی خۆمان بەژێرەوەدا تێدەپەڕاند لەو بەندو داوانە رزگارمان دەبوو، دەرکەوت ئەگەر کەڵەکەکەمان قورس کردبا، نەماندەتوانی بەمشێوەیە ئاوەکە ببڕین.

شەوی دووەم بەسەردا هات، باران بێپسانەوە دەباری، جلوبەرگەکان لەبەرماندا پارچەپارچە ببوون، لەو تاریکە شەوە ئەنگوستەچاوەدا لەژێر رەهێڵەی باراندا شەڕکردن لەگەڵ کۆتەرە دارو درەختەکاندا کە لافاو بەسەریەکیدا خستبوونو بەسەر ئاوەوە لە مەلەدا بوون، کارێکی ئەستەم بوو، بەو واتایەش بوو کە بەڕاستی خۆمان خستبووە

مەترسییەوە. بەتەواوی هێزەوە، بەدارەکانی دەستمان سەوڵمان لێدەداو لەچەقی دەریاچەکەوە خۆمان گەیاندە ئەو جێگایانەی کە لافاوو داپۆشیبوون، ئالێرەدا درەختێکی گەورە کە لافاوەکە ڕاپێچی دەکرد خۆی پیا کێشاینو کەڵەکەکەمان هەر پارچەی بەلایەکدا چوو، ئێستا لەیادم نەماوە چۆن خۆمان گەیاندە کەنار!.

وەرا، ئایا دەتوانی لەهزری خۆتدا وێنای بکەیت؟ تا کەمەرمان لەنێو ئەو ئاوە ساردەدا بووین، (ناوەڕاستی مانگی سێپتێمبەرە ئیدی) تاریکییەکی ئەنگوستەچاوبوو بۆخۆشمان نەماندەزانی بەرەو کام لا دەڕۆین، وەك ئەوەی توشی لەرزو تا هاتبین هەر هەڵدەلەرزین. لە ژیانمدا هەرگیز دووچاری سەرماو شەکەتیو کوێرەوەرییەکی لەم چەشنە نەببوومەوە. دەبێ لەبیرم نەچێ تانیاو گێرمان بەڕاستی قارەمان بوون هیچ یەك لەوان ناڕەزاییەکیان نیشان نەداو نەکەوتنە دادوهاوار، تەنیا جارێك نەبێ تانیا کە قاچی تەواو تەزیبوو هاوارێکی کرد.

دواتر بەگوێرەی دەنگی لافاوەکە ئاڕاستەی رێگامان هەڵبژاردو دەچووینە پێش، هەوڵماندەدا دەنگی هاش و هوشی دەریا هەمیشە لەپشتمانەوە بێت. تەواوی ئەوشەوە تا سەرچۆك، جاری واشبوو تاکەمەر لەنێو ئاودا بەڕێوە بووین. سڕببوین و ئەمەش بەشێوەیەکی لەتوانا بەدەر ئەشکەنجەی دەداین. سەرەنجام بەیانیەکەی گەیشتینە زەلکاوێکی چکۆلە، ئەمە جێگای دڵخۆشی بوو، لەسەر گیا (ئاشنە) ی تەڕو کەوتوو نزیکەی بیست خولەك پاڵکەوتین. دواتر گێرمانو تانیام بلند کردنەوەو بۆ دۆزینەوەی جێگایەکی وشك وەڕێکەوتین. ئەڵبەتە وشەی (وشك) لەنێو کەوانەدا دەنوسم. چونکە پێ نەدەچوو لە نیوەتیرەی چەند سەد کیلۆمەتری دەورووبەرمان شتێکی وشك مابێ.

بەلام سەرەنجام چارەنوس بەزەیی پێماندا هاتەوە، هەستمانکرد بەرەو بەرزاییەك دەچینو لێرەوە هێڵی دابەشبوونی ئاوی ڕوبارەکان دەستپێدەکا. هێندێکی تر ڕۆیشتین گەیشتینە شیوێك، لەسەرەو لێژێکدا چەند درەخت بەسەر یەکدا کەوتبوونو پەناگەیەکی سروشتییان دروستکردبوو.

تا سنوری مەرگ، خەومان دەهات، دەستو قاچمان سڕببوون، ئاو گەیشتبووە ئێسکمانو تەنانەت ئێسکی لەشمان ئازاری هەبوو. هەموومان هەڵدەلەرزین، لەرزۆك ببووین. دڵمان دەیویست درێژبینو بخەوینو واز لە هەموو شتێك بێنین، بەلام ئەم کارە

بەمەرگی خۆمان تەواو دەبوو. پێم گوتن ئاگرێك بكەنەوە، زۆر بەزەحمەت توانیمان ئاگرێك بكەینەوە (سەیركە چەندە سێرگیو لێهاتوییەكانی ئەومان بەكەم دەزانی) خێرا كەوتینە وشك كردنەوەی كەلوپەلەكانمان. لەنێو زەخیرەكان دوو قدو كحولمان دۆزییەوە، ئەمە لە مەرگ ڕزگاری كردین، خۆمان ڕووتكردەوە، تەواوی جلوبەرگەكانمان بەدەوری ئاگرەكەدا هەلٚواسیو بەگیراوەی كحول كەوتینە شێلانی یەكتر.

تانیا سەرەتا نەیدەویست جلوبەرگەكانی دانێ، بەزۆر لیباسە تەڕو دڕاوەكانیم لەبەر داناو بەگێرمانم گوت ڕوو بكاتە ئەولاوە، بۆخۆشم بەهەستی بەرپرسیاریو سەرپەرشتی كردنیان، لەبنی پێی تا تەوقی سەریم بەكحول شێلا، دواتر لە چادرەكەمەوە پێچاو لەبەر ئاگرەكەم دانا، دەبێ ئەوەش بلێم لەتەواوی كەلوپەلەكانمان ئەو چادرە مابوو كە تەڕ نەبووبێ، چونكە گێرمان تەواوی ئەو ماوەیەی كە بەنێو ئاوەكەدا شلٚپو هۆڕمان بوو دەستەكانی بەرزڕاگرتبون و نەیهێشتبوو تەڕبێت، ئافەرین. دواتر لەترسی ئەوەی نەبادا یەكێكیان نەخۆش بكەوێ هەریەكەو فنجانێك كحولمان خواردەوە.

خۆشم دەستمكرد بە وشككردنەوەی فیشەكەكانمان، بەگشتی نۆزدە فیشەكو حەڤدە قدو كۆنسرۆو یەك تفەنگو (بیرمان كردەوەو تفەنگی دووەممان فڕێدا) سێ كیسە خەوو چادرێكمان هەیە. خراپ نیە (ڕاستییەكەی ئەمەیە، تائێستا توشی بەلاًی لەم جۆرە نەهاتبووین).

هێند بەدرێژی لەبارەی هەموو شتێكەوە دەنوسم، چونكە لەلایەك خۆم بەشتێكەوە سەرگەرم دەكەمو لەلایەكی ترەوە ئەوخەمو نیگەرانییانەی لە لەمێشكمدا سەرهەلٚدەدەن، لێم وەدوور دەكەون. هێشتا بڕیارمان نەداوە بەچ شێوەیەك خۆمان بگەیەنینە فرۆكە، بەپێ یان دووبارە بەنێو ئاودا، ئەمن پێموایە هیچ یەك لەئێمە ڕەزامەندی لەسەر ڕێگەچارەی دووەم نادات، زستانیش وا بەڕێوەیە، ئەویش نەك زستانێكی ئاسایی، بەلٚكو زستانی یاكوتستان. لەبەرامبەر ئەم پیرەژنە دلٚ ڕەقو بێبەزەییە، نۆزدە فیشەكو حەڤدە قدو كۆنسرۆ، بەرگرییەكی زۆر خراپە.

گێرمان هاتەوە — چوبوو سەیرێكی دەورووبەر بكا— باران هێشتا دەبارێ، بەلاًم بڕێك هێدی تر بۆتەوە. گێرمان دەلٚێ: ئێمە لەسەر یەكێك لە تەپۆلٚكەكانین كە بەڕیز لەكەناری چەپی دەریاچەكەوە هەلٚكەوتوون. ئەلٚبەتە لێرەدا نەدەكرا خۆ بگەیەنینە ئەو

ناوچەیەی کە هاتوچۆی فرۆکەی بەسەرەوەیە، تەواوی شیوو دۆڵەکان ئاو داپۆشـیوون، جگە لەمانەش، بەبێ نەخشە نەماندەتوانی ئـەو ناوچـەیە بدۆزینـەوە، لـە ئـەنجامی ئـەم لافاوو زریانە نەفرەتییە هەموو شوێنێك شكڵو شێوەی گۆڕاوە، هـەموو شـتێك كەوتۆتـە ژێر ئاوو لەبەر چاوان ونبووە. چ بكەین؟

بەمشێوەیە بڕیار دەدەین: ئێستا دەنوین، بـەیانی هـەر كـەخۆر هـەلأت هـەموو شـتێك تاووتوێ دەكەینو بڕیار لەبارەی هەنگاوەكانی داهـاتووەوە دەدەیـن. وەرا گیـان، شـەو باش! كاتێ پێكەوە ئەم نامەیـە بخوێنینـەوە، هـەموو شـتەكانم بیردەكەوێتـەوە نـاتوانم لەبیریان كەم.

* * *

لەشـوێنێك دانیـشتووین، لـەحاڵی پـشوداینو خـەریكم نامـەت بـۆ دەنوسـم، دوێنـێ بەشـێنەیی بیروبۆچـوونەكانمان تـاووتوێ كـردو گەیـشتینە ئـەو ئەنجامـەی گەیـشتن بەناوچەی فرۆكە كارێكی مەحاڵەو چاوەڕوانیش لە دووسەد كیلۆمەتری دوور لە تەنگـەی دەریاچەكە، كارێكی گەمژانەیە. بیرۆكەی دەربازبوونمان لە دەریاوە بەتەواوی لەمێشكی خۆمان وەدەرنا، چـونكە یەكـەم: ڕەنـجو كوێرەوەریـەكی یـەكجار زۆری دەوێو كـارێكی ئەستەمە، دووەم: دەریاچە پێچو بادانەوەیەكی گەورەو درێـژی چـەن سـەد كیلۆمـەتری لەخۆ دەگرێو لەم بارەدا بۆی هەیە سەرماو سەهۆڵبەندان لەو نێـوەدا بەسـەرماندا نـازڵ بێت و لەنێومان بەرێ. بێگومان بەفرۆكە بەدواماندا دەگەڕێن، ئەوسـا بـۆی هەیـە ئێمـەو فرۆكەوانەكان بەتەنیشت یەكتردا تێپەڕینو یەكتر نەبینین.

بەكورتی بڕیارماندا: تا كۆنسرۆو فیشەكو هێزمان ماوە، دەبێ هەوڵدەین لەو جەنگەڵە بێینە دەرێ، لەهەموو شتێك خراپتر دانیشتنو چاوەڕوانییە.

باشترین كاریش ئەوەیە باوەڕمان بەخۆمان بێـت. بـۆی هەیـە لەمـەدا هەڵـەبین، بـەلأم ئیدی چیتر توانای ئەوەمان نیە چارەنووسـی خۆمـان دیـاری نەكـەین وئـاوا سـەرگەردان بین.

نەخشەی کارمان سادەیە، دەبـێ بـەرەو باشـور بـڕۆین، بەرلـەوەی یەکـەمین کرێـوەو سەرما ئەم ناوچەیە بگرێتەوە دەبێ خۆمان بگەیەنینـە ئاوەدانییـەك. بەڕاسـتی ئافـەرین گەنجەکان، گێرمان تای لێیە، شـەوانەش تایەکـە بـەری نـادا، تانیـا زۆر بـۆی نیگەرانـە، بەڵام بەسەرخۆی ناهێنێ، باش خۆی دەپارێزێ، پێدەکەنێ، گاڵتەدەکا. جارێ تا پشوی ئاینـدە خـوات لەگـەڵ، لێـرە بـەدواوە کـەمترت بـۆ دەنوسـم، چـونکە وابـڕوا، کاغـەزم پێنامێنێ.

* * *

پێدەچێ بەرلەئێمـە هـەرگیز پێـی مـرۆڤ نەگەیـشتبێتە ئێـرە، بـە جەنگەڵـە چـڕەکاندا تێدەپەڕین، سەرما رۆژ بەڕۆژ زیاتر دەبـێ، بـەڵام بـەفر هێـشتا نـەباریوە، جلوبـەرگمان گەرم نین، خواردنمان باش نیە، هەمیشە هەست بەبرسێتی دەکەین. خواردنی ڕۆژانەمان نیو قـدو کۆنـسرۆ بـۆ سـێ کـەس و هێنـدێك ئـاوی گەرمـە. ئێـستا میـوەی درەختـەکانی جەنگەڵ کۆدەکەینەوە، بەڵام زۆر بێتامن، کۆکردنەوەیان، جگە لەبەفیڕۆدانی کاتو هێز، شتێکی تر نیە. زۆر دەنوین، کەم قسە دەکەین، ڕوون نیە بۆچـی ئـەو دوو گەنجـە برێـك خەمبار دیارن؟ دەبێ کارێك بکەم هێندێك سـەرگەرمو خۆشـحاڵیان بکـەم. وەرا گیـان، بەئومێدی دیدار! هیوادارم خەونێکی خۆش ببینی...

* * *

ئـەوەی دوێـنێ بـۆم نوسـیت، ئـەمڕۆ خوێندمـەوە، هەسـتم بـە شـەرمەزاری کـرد، کاروبارمان زۆر باشـە، ئـەمڕۆ لـەو دەریاچـەیەی سـەر ڕێمـان، مراوییـەکی بـاڵ شـکاوم کوشت، دیاربوو هاوڕێیانی دەستەکەی جێیانهێـشتبو وخۆشـیان بـەرەو باشـور کۆچـیان کردبوو. مراویەکەمان هەمووخواردو گێرمانیش دوودانە ماسـی گـرتو ئەویـشمان خـوارد دەسبەجێ هێزوتوانامان بۆ چەند ڕۆژێك تێدا زیندوو بۆوە.

سەرەنجام دووچاری بەلاّی زستان هاتین، بەیانیان پەڕی تەنکی ناسکی شەختە، لەژێر قاچماندا دەکەونە قرچە قرچو دەشکێن، شەوان خراپتر دەبیّ و لانیکەم پلەی سەرما دەگاتە ١٠–١٢ پلەی ژێر سفر.

باری تەندروستی گێرمان بەڕاستی نیگەرانم دەکا، تایەکی قورسی لێیە، بۆ دیاریکردنی ڕادەی تایەکەی، هیچ هۆکارێکمان نیە، بەلاّم ڕوونە ئەولاوە چ ڕەنجێك دەکێشیّ، تانیا ئاگای لێی دەبیّ.

تەنیا یانزە قدو کۆنسرۆ ماوە، ئەوە بو دوێنیّ بەدوو فیشەك (ڕۆنژا) یەکم کوشت، ڕۆنژا باڵندەیەکی جەنگەڵیە، نیوەی چۆلەکەو نیوە قەلەڕەشە. هەموویمان خوارد تەنانەت ئێسکەکانیشمان کرۆشتن و خواردمانن.

ئەمڕۆ توشی بەلاّیەکی تازە بوین: لەداوێنی دورو درێژو بەردەلاّنی تەپۆڵکەیەك دەهاتینە خواریّ، گێرمان کەوتو قاچی لەجێچوو. نەیدەتوانی لەجێی خۆی هەستیّ، منو تانیا لەدوو لاوە باڵیمان گرت و لەسەرخۆ لە تەپۆلکەکە هێنامانە خواریّ. ئەمڕۆ بۆ پشودانی شەوانە، بڕێك زووتر لەڕۆژان بارگەمان خست. شەویّ بەئاوی گەرم قاچیم شێلا. ئەمڕۆ دووبارە ڕۆنژایەکم ڕاوکرد، سیّ فیشەکم لیّ بەخەسارچو. بەڕاستی نامانەویّ دەست لە قدو کۆنسرۆکان بدەین، چونکە ئەمە خۆراکی ڕۆژی لێقەومانە، هەرچەندە نەفەری سیّ قدوی بەردەکەویّ، ئاخ خۆزگە توشی بزنێك دەبووم! ئەم ساراتو چۆلەوانییە دەلێی مردووە.

* * *

داردەستێکم بۆ گێرمان دروستکرد. زۆر دەلەنگیّ، بەلاّم دواناکەویّ. تانیا سەیری کردبوو زۆر زگی پیّ دەسوتا، لەسەرخۆ فرمێسکەکانی دەسڕیەوە، تانیا کچێکی زۆر باشە!...

ئەمڕۆ گێرمان دوچاری لەرزوتایەکی توند بووە، ناتوانیّ دانەکانی لەسەر یەك ڕاگریّ، لەدەنگی چۆقەی ددانەکانی، نەمانتوانی بخەوین. تانیا لەکیسە خەوەکەی خۆی هاتە دەریّ و خۆی خزاندە نێو کیسە خەوەکەی گێرمان، تا گەرمی بکاتەوە. گێرمان

ئاسودەبوو لێی خەوت. من دەترسام نەبادا تانیا نەخۆشیەکەی ئەو بگرێتەوە، بەلاّم بەخێر گەڕا.

... گێرمان زۆر بەزەحمەت بەڕێدا دەڕوا، ئازاری پێی زیاتر بووە، زۆرجار لەکۆڵمەدەکرد. ئەمڕۆ نیوەڕۆپشومان دا، گێرمان دوچاری تاو لەرزێکی قورس بوو. پێمگوت قدویەك کۆنسرۆ لە زەخیرەکە دەربێنیٚ و بیخوا، بەلاّم ڕازی نەبوو.

دووبارە ڕۆنژایەکم کوشت حەوت فیشەکمان ماوە، شەویٚ کاتیٚ لەدەوری ئاگر دانیشتبووین، یەکەمین (مێشی سپی) کەوتنە فڕین، یەکەمین بەفر باری، دڵۆپە فرمێسك بەسەر ڕومەتی تانیاوە دەدرەوشانەوە، نازانم گێرمان بۆچی داوای نەخشەی کێڵگەکەی لێکردم، نەخشەکەم دایە دەستی و لەسەر چۆکە لەرزۆکەکەی داینا و ماوەیەکی زۆر چاوی تێبڕی‌و دواتر ئاهێکی هەڵکێشاو نەخشەکەی دایەوە دەستم.

خەمبارو گرژومۆن، لەدەوری ئاگرێك، کە خەریکە دەکوژێتەوە، دانیشتووین. دڵم تونده، شتێکم بەبیردا نایە ببێتە مایەی خۆشحاڵی‌و دڵدانەوەیان.

گێرمان ئەمڕۆ لە بەیانیەوە ناتوانیٚ بەدار دەستیش بەڕێدا بڕوات، جێگەی ئاوسانەکەی خوراندووەو چڵکی کردووە، ناچار تا نیوەڕۆ لەجێگەی پشو ماینەوە، داردەستێکی بن هەنگڵم بۆ گێرمان دروست کرد، بەفر هەروا دەباریٚ، گێرمان سەرەتا بەو داردەستە خێراتر دەڕۆیشت، بەلاّم چەندجار بەربۆوە، دووبارە بەر لەگەیشتن بە شوێنی دیاریکراو، ناچار بووین بارگە بخەین. گێرمانم هەڵگرت‌و بردمە نێو چادرەکە، بێهۆش ببوو، وڕێنەی دەکرد، تانیا دەگریا، دەریاچەکە شوێنەواری دیارنیە.

* * *

وا هەستدەکەم بەیانی هەرنەتوانین بەڕێدا بڕۆین، نەخشەیەکی لەمجۆرە پێشنیار دەکەم : تەواوی بارەکە، کە نزیکەی چل کیلۆ دەبیٚ تانیا هەڵی دەگریٚ، خۆشم خێشکەیەك دروستدەکەم و بۆ هەڵگرتنی گێرمان بەکاری دێنم، زۆر قورس نیە هەرحەفتاو پێنج کیلۆ دەبیٚ. تانیا ڕازیە، گێرمانیش کە ئێستا ئاوی گەرممان داوەتیٚ‌و بڕێك باشتر بووە دان پێك دادەداو لەوەلاّمدا شتێك نالیٚ.

ئێستا منو تانیا لەبیری ئەوەداین بچینە جەنگەڵو خێشکەیەك دروست بکەین. گێرمان داوای پارچە کاغەزێکی لێکردم، نازانم چ پێویستییەکی بە کاغەزە...

* * *

وەرا گیان، خۆشەویستم! ئەوەی دوێنێ شەو ڕوویدا ناتوانم دەریببڕم. لەتوانای من بەدەرە. تەنانەت خۆشم کە زۆرم ساردیو گەرمی ڕۆژگار چێشتووە و شتم زۆر دیوە نەمتوانی خۆڕاگرم و گریام. دوێنێ شەوێ گێرمان ڕۆیشت.

بە خێشکەکەوە گەڕاینەوە، بەفر زۆر بەخێرایی دەهاتە خوار، گێرمان لەنێوان منو تانیا لەنێو کیسە خەوەکەیدا درێژ ببوو، بەلام کاتێ بەیانی لەخەو ڕابووین، ڕۆیشتبوو، کاغەزێکی بەچادرەکەوە هەڵواسیبوو: ((کۆنستانتین پترۆڤیچ ! ئەمن دەبێ پیاوانە ڕەفتار بکەم، شتەکە سادەیە، واباشترە یەکێك لەئێمە بمرێ، نەك سیان. کۆنسرۆکانم لەنێو کیسە خەوەکەمدان بیرتان نەچێ، ئەمن دەڕۆم بەدوامدا مەگەڕێن، بێهودە توانای خۆتان بەفیڕۆ مەدەن، بەفر هەموو شتێك دادەپۆشێ. گێرمان. تێبینی/ ئێوە هەرچۆنێك بووە دەبێ بگەنە جێ– چونکە لەناوەند چاوەڕوانی نەخشەکەن. ئاگات لەتانیا بێ)).

گێرمان، ئەی مرۆڤی بەهێزو توانا! بۆچ بەمشێوەیە ڕەفتارت لەگەڵ خۆتدا کرد؟ بەدڵنیاییەوە ئێمە تا شوێنی خۆی ڕاماندەکێشای. چادرو کیسە خەوەکانمان فڕێ دەدان....

تادوای نیوەڕۆ بەدوای گێرماندا گەڕاین، بەلام تەواوی شەو بەفر باریوەو لای بەرەبەیان کردیە وەیشومەو هیچ شوێنپێیەك دیارنەما. ئەو گەڕانو سوڕانەمان بێسود بوو. ڕۆژی دواتر کاتژمێر دوانزە خۆمان پێچایەوەو وەڕێکەوتین.

تانیا ئاگای لەهیچ نیە. بەس سەیری بەرپێی خۆی دەکا، بێدەنگ بەڕێدا دەڕوا. ئەڵبەتە ڕۆیشتنی گێرمان کاریگەرییەکی زۆر بەئازارو ژانی لەسەر جێهێشتووە. ڕێگا بڕینێکی تراژیك، سەیرە!

دووکەس گیانیان لەدەستداوە. دۆزینەوەی کێڵگەکە بەنرخێکی زۆرگران تەواوبوو! لەیەك ڕۆژدا پانزە کیلۆ مەترمان بڕی. نازانم بۆچی ئەمڕۆ هەستمپێکرد کە ئیدی

لەمەودوا (گیانمان خۆشەویستترین شت نیە)، بەڵکو یەك پارچە کاغەز —نەخشەی کێڵگەکەیە—. ئاخر سێرگیو گێرمان لەسەر ئەمە گیانی خۆیان دانا.

ئێستا ئیدی مافی ئەوەمان نیە دڵمان بەحاڵی خۆمان بسوتێ، دەبێ هەرچۆنێك بووە نەخشەکە بگاتە ناوەند.

دەتگوت تانیاش بیر لەمە دەکاتەوە، بۆئێواریێ نیو قدو کۆنسرۆ گۆشتمان خوارد، بۆئەوەی بەیانی بتوانین لانی کەم بیست کیلۆمەتر بەڕێدا بڕۆین، دەبێ هێزمان هەبێ. دەبێ پەلەکەین، سەرمای مەترسیدار خەریکە وەنزیك دەکەوێ.

... لەماوەی یەك ڕۆژدا سیو دوو هەزارو پێنج سەد پێ ڕێمان بڕی. زۆر ماندوو بووین نیو قدو کۆنسرۆی ترمان خوارد. ویستم باڵندەیەك بکوژم، بەلاّم فیشەکەکەم بەفیڕۆچوو بەری نەکەوت. ئیدی ناتوانم بنوسم، ئیستاش دەریاچەکە دیارنیە.

سیو شەش هەزارپێ، هەر لەبەیانیەوە وەڕێکەوتین،لای شەوێ بۆ حەسانەوە لاماندا، دەریاچەکە هێشتا دیارنیە، دەترسێم ونبوبین، بەلای ڕاستدا پێچێکی خێرامان لێدا نەوەك بەدەوری خۆماندا بسوڕێین.

... دەورانی خەمباری گەیشت — ئەو خێراییەی ئێمە دەهاتین، زیاد لەئەندازە بوو، ئەمڕۆ تانیا دوای برینی حەوت هەزار پێ بێهۆش بوو، کەوت، تانیا زیاد لەڕادە لاوازبووە. تانیای خۆشەویست تا دوو ڕۆژ شانبەشانی من ڕیگای دەبڕی، بەلاّم دیارە ئەمڕۆ گۆڕانکاری بەسەر توانایدا هاتووە، بەلاّم تەنیا وشەیەك چیە گلەییو گازندەی نەکرد، تەنیا جارێك چیە داوای لێ نەکردم لەسەرخۆ بڕۆم.

تانیام خستە سەر دەستانمو بردم، لەدەورووبەرمان جێگایەکی وانەبوو بەکەڵکی پشودان بێت، چەند کیلۆمەتر ڕۆیشتم. تانیا زۆر سوکە، لەماوەی ئەم ڕێگا برینە ترسناکەدا بەتەواوی وشك بۆتەوە.

لەتەنیشت ئاگرەکە ئاوی گەرمی دەدەمێ، خواردنم دایەو خەواندم. وەرا گیان، ئێستا دانیشتومو نامەت بۆدەنوسم زستانیش ئەوە هات، ماوەیەکی زۆربوو کە لەچنگی ڕامان دەکرد، بەلاّم ئەو هەنگاو بەهەنگاو کەوتە دوامان. زستان لە ئۆقیانوسی بەستەڵەکی باکورەوە بەرەو باشور مل دەنێو گوێمان لەهەناسەکانیەتی، سەرمایەکی ترسناکە، مێشك دەتەزێنێ، قاچەکانمان لە چەکمەی لاستیکیدا دەبەستێ.

ئەمڕۆ بۆیەکەمجار هەورەکان ئاسمانیان جێهێشت و جێگای خۆیان دا بەڕەنگێکی شینی نیلی، بەڵێ، ئیدی ئەمە زستانە. لەیاکوتستان، تەنیا ئەو کاتانە ئاسمان بەمجۆرە شین هەڵدەگەڕێ کە سەرمایەکی ترسناک و کوشندە بەڕێوە بێ.

* * *

منو تانیا لەیەك کیسەخەودا دەنوین (دوێنێ کیسەخەوی دووەممان فڕێدا) تانیا داوام لێدەکا دەربارەی تۆ قسەی بۆبکەم، دەیەوێ بزانێ تۆ چ چاووبرۆو زولفێکو چ قەدو باڵایەکت هەیە؟ چ کراسێك لەبەردەکەی؟ ئایا دڵخۆشو کراوەی؟ منیش دەربارەی تۆ قسەی بۆدەکەم. بەڵام وازناهێنێو دەگریو دەیەوێ بەردەوام قسەی بۆبکەم. نازانم بۆچ قسەکانمان لەڕازو نیازو دەردەدڵ دەچن...

....زریانەکە لەناوەڕاستی ڕۆژدا ئارام بۆوە، درێژەمان بەڕۆیشتندا، دەتگوت تانیا ورەی هاتۆتەوە بەر، نزیکەی پێنج کیلۆمەتر دەچینەپێش. دووبارە بارگە دەخەین، دیسان باوبۆران دەستیپێکردەوە، من ئاگرێکی چکۆلەم لەنێو چادرەکەدا کردەوە، دەستو پێمان خەریکە دەیبەستێ، دووبارە لەیەك کیسەخەودا دەنوین، دیسان تانیا داوام لێدەکا دەربارەی تۆ قسەی بۆبکەم. چۆنمان یەکتر ناسی؟ کام یەك لەئێمە سەرەتا عیشقی خۆی درکاند؟... دواترلەناکاو کەوتە بیری ئەوەی نەکا نەخشەکەم ون کردبێ ؟ نەخشەکەم پێنیشانداو ئیدی ئارام بۆوە. دوو فیشەکمان ماوە، تانیام خەواند، بۆخۆم دەڕۆم بەڵکو ئێلە... شانسمان بیگرێو بزنێك ڕاو بکەم...

... وەرا، وەرا! چ ساڵێکی ترسناکە! چەندکەس چونە قورگی مەرگەوە! چ کەسانێکی نازەنین لەماوەی ئەم دوو مانگەدا لەدەست چوون! ناتوانم بنوسم!

* * *

وەرا، ماوەیەکی زۆرم پێچوو، نزیکەی دوو کیلۆمەتر بەدوای ڕۆنژایەك کەوتم، دووبارە باووبۆرانو وەیشومە دەستیپێکردەوە، دوای کەمێك ڕێگام ونکرد، نزیکەی سێ سەعات سەرگەردان بووم. کاتێ گەڕامەوە چادرەکە بینیم تانیا لەوێ نیە، نامەیەکی جێهێشتبوو

و نوسیبووی: ((كۆنستانتین پترۆڤیجی خۆشەویست! ئـەمن دەچـمەلای گێرمـان. دەبـێ هەروابكەم، بەدوامدا مەگەڕێ، بەمێـشكێكی زۆر هـێمنو ئاسـاییەوە دەنوسـم. نـاتوانین بەمـشێوەیەی ئێـستا بـەردەوام بـین، هــەردووكمان شــەكەت دەبـین، لــەوێ چـاوەڕوانی نەخشەكەن، دەبێ یەك كەس لەئێمە زیندوو بمـێنێ، ئەوكەسـەش تـۆی. تـۆ بـەهێزتری، دەمزانی منو گێرمان، تەنیا بارگرانی بووین بەسەرتۆوە، ئەگەر ئێمە نـەباین، تـۆ ئێـستا لەمێژبوو خۆت گەیاندبووە بنكەی ناوەند. تۆ خۆت فیدای ئێمەكرد ئێستا نۆرەی ئێمەیە خۆمـان بكەینــە قوربـانی تـۆ. گێرمـان زووتـر دركـی بەمـەكرد، بـەلاَم مـن درەنگـتر، ڕاستیەكەی ئەوەیە لەمێژبوو دەمزانی بـەلاَم دەترسـام، چـونكە ترسـنۆكم، بـەلاَم ئیـدی بڕیاری خۆمداوە، زۆر زوو دەگەمە لای گێرمـان. بەدوامـدا مەگـەڕێ، كرێـوە زوو جێگـای پـێ دەسڕێتەوەو ونـی دەكـا، بـۆڕۆژی لێقـەومان یـەك قـدو كۆنـسرۆم لاداوەتـە لاوەو لـە كیسەكەدایە، ئەمە دیاریو سوپاسێكی ناشایستەیە بۆتۆو بۆ ئەوكارانەی بۆمنت ئـەنجام داوە. دەبێ هەرچۆنێك بووە نەخشەكە بگەیەنیتە جێگای خۆی.

تێبینـی/ جیـا لەهــەموو ئەمانــەش دەبـێ خـۆت بگەیەنیتــەوە وەرا. ئـاخر تـۆ زۆرت خۆشدەوێ. منو گێرمانیش یەكترمان خۆشدەویست (چەند ساڵە یەكتر دەناسین) بـەلاَم باسی ئەمانەمان نـەكرد، نـەكا تەگـەرە بكەوێتـە كارەكـەوە. ژیـانی ئێمـە، خۆشـبەختی ئێمـە، بـەئامانج نەگەیـشت. لێگـەڕێ لانیكـەم بـاتۆ بـەئامانج بگـەیت. دەبـێ حەتمـەن بگەیتەوە لای. تكایەكی ترم هەیە، نامەیەك بـۆ دایكـم بنوسـە، ناونیـشانەكەی لەبنكـەی ناوەند هەیە. ئیدی هیچی ترم نەماوە. سوپاس، تانیا.))

تەواوی ئەوڕۆژە بەدوایدا گەڕام، بەلاَم گـەڕان دوای كرێـوەو بـۆران بەتـەواوی كـارێكی بێسودە. گێرمان ئەوی فێركرد، باشترین هەل كامەیە بۆ ڕۆیشتن.

وەرا ئێـستا ژیـانم پەیوەنـدی بەخۆمــەوە نیـە، ئەگـەر ڕاسـتیەكەی بلّـێم پێـچەوانەی ئەمەیە، بەهەر نرخێك بووە دەبێ بژیمو نەخشەكە بگەیەنمە جێ.

چادرەكەم دڕاندو چەند جـوت پـێلاَوم لـێ دروسـتكرد، ئێـستا قـاچ لەهــەموو شـوێنێك گرنگترە، ئێستا لـە كەلوپەلـەكان چـوار قـدو كۆنـسرۆ، یـەك كیـسەخەو، یـەك فیـشەكو دوانزە دەنكە شقارتەم پێیە، پێموایە دەتوانم بگەمە جێ!

* * *

ئەمڕۆ توانیم پەنجا هەزار پێ ڕێگا ببڕم، ئەمە نزیکەی بیست کیلۆمەتر دەکا، ئێستا لەژێر چڵە چڕوپڕەکانی درەختی (شربین) دا دانیشتوومو چای لێدەنێم.

تا ئاوەکە دەکوڵێ، دەتوانم شتێك بنوسم —ئەم کاتانە زۆر لەبارن بۆ نوسین. ئەمن هەمیشە لەم کاتانەدا نامەت بۆ دەنوسم.

لە دەورووبەرم،پەیکەری بەرزو بڵندو سپی قوت بوونەتەوە. بەفرێکی زۆر باری، بەلاّم زۆر سارد نیە، لێرە لە یاکوتستان سروشت زۆر بەهێزە !...

ئەمڕۆ پەنجا هەزار پێ ڕێگام بڕی. دەزانی هەر بەڕاست ونبووین. پێدەچێ ئێمە هاوتەریبی دەریاچەکە ڕۆیشتبین، دیاربوو بەم هۆیەوە بوو کە هەر نەیدەگەیشتینێ، ئێستا من بۆیەکەم جار هەستم کرد سەراوژێرێك دەستپێدەکا. کەواتە گەیشتوومەتە لایەکی تری دەریاچەکە. ئێستا بێگومان دڵنیام لە گەیشتنم بەبنکەی ناوەند، ئەمە ئەرکی منە، ئەرکی خۆشم دەبێ وەك تانیا و گێرمان ئەنجام بدەم، دەکرێ بڵێین کە لەوکارەی ئێمەدا زیاد لەهەر کارێکی تر ژیانو ئەرك، بەهەودایەکی زۆر توندوپتەو پێکەوە گرێدراون. زۆر جاران ژیان، ئەرکو ماندوبوونو لەخۆبردوویی دەوێ.

من ماوەیەکە نازانم کەیەو چ رۆژێکە، بەلاّم پێوایە مانگی نۆڤەمبەرە. ئەمڕۆ بەیانی هەستم بەمەکرد. واهەست دەکەم پلەی گەرمی گەیشتبێتە سێ پلە ژێر سفر. ئەم ڕەوشە نالەبارە زۆر لەخێرایی من کەم دەکاتەوە، ناچارم دەکا ماوەیەکی زۆر بەدیار ئاگرەوە دابنیشم. خەوتنیش بۆتە کارێکی ئەستەم، ناچار دەبم چڵوچێوێکی زۆر کۆبکەمەوە، شکاندنی لقو پۆپەکان هێزێکی زۆریان دەوێ، کەشوهەوا هێند ساردە هەناسەدانیش دژوارە...

دوو ڕۆژە هیچم نەنوسیوە، دووبارە کەشێکی ساردی هێناوەتەوە پێموایە دەموچاوم سەرما بردوویەتی، دوێنێ شەو کە لەخەو هەستام بینیم شەلاّلی ئارەقەیەکی سارد بووم، لەخەونمدا نەخشەی کێڵگەکەم ون کردبوو، سەراسیمەو پەشۆکاو دەستم بردە ژێر کراسەکەم.، نەخشەکە لەجێگای خۆی بوو.

نازانم بۆ هێندە دڵم بە تانیاو گێرمان دەسوتێ، ئەوان یەکتریان خۆشدەویستو من هەستم بەهیچ نەدەکرد، ئەوان بۆوەی عیشقەکەیان نەبێتە هۆی سستکردن و پەکخستنی کارەکە، لێیان دەشاردینەوە، سەیرکە خۆشەویستییەکەیان چەندە

ڕاستەقینەو بێ ئارایش بوو ! چەندە خۆڕاگربوون، توانیان دان بەخۆدا بگرن لەپێناوی ئەرکو کارەکەیاندا....

ئەوان لاوبوون. ئەگەر من بام، نەمدەتوانی تا ئەم ڕادەیە خۆ بپارێزم.

* * *

سەرەنجام گەیشتمە دەریاچەکە. دەریاچەکە مردووە، پارچە بەفرو سەهۆڵ بەسەریەکدا کەڵەکەبوون، با بەفر لەسەرزەوی هەڵدەگرێ. ئایا باشتر نەبوو لەجێگای خۆمان چاوەڕێ باین؟ حەتمەن دەبێ ماوەیەك بەدوامانەدا گەڕابن. ناکرێ بەدوامانەدا نەگەڕابن. هەرگیز لەولاتی ئێمەدا خەڵکی لەچۆڵەوانیدا جێناهێڵن، کەمو کورتی ئەوەی کە ڕوویدا، لەگەڕدەنی خۆمانە.

... پێموایە هەموو شتێك لەبەین چوو: قاچی ڕاستم سەرما بردی، تەنیا سێ دەنکە شقارتەم پێماوە، ئێستا تەنیا یەك ئەرکم لەپێشە: ئەوەندەی بکرێ نەخشەکە ببەمو لە خەڵکی نزیکتر بخەمەوە، ئەگەر نەخشەکە لای من لەبەین بچێو بفەوتێ، هیچ کەس کەمتەرخەم و تاوانبار نیە، ئەمە زادەی کارەساتە تراژیکەکە بوو، بەلام لەهەمووی گرنگتر جگە لەدۆزینەوەی کێڵگەی کیمبەرلیت شتێکی زۆر گرنگترم دۆزیەوە... هەستمکرد پێشتر لەژیاندا بە دروستی نەژیاوم، دڵنیابووم لەوەی: عیشقی ڕاستەقینە ئەوەیە کەبتوانی لێی وەدوور کەویو بەرەولای بگەڕێیتەوە.

من دڵنیا بووم کە پەیوەندی ئێمە پەیوەندی ئایدیالی نێوان ژنو مێردە. بەلام ئێستا لام ڕوون نیە بۆچی ئێرەیی بەتانیاو گێرمان دەبەم؟ ئەوان لەخۆشیو ناخۆشی یەکتردا بەشداربوون. ئەوان لەڕێگای ژیاندا لەگەڵ یەك بوونو عیشقەکەیان هێندە گەورەبوو پێویستی بەئارایش و ڕووکەشی دەرەکی نەدەکرد، تادوایی پێکەوەبوون، خۆشەویستییەکەیان نەبووە بەربەست لەبەردەم ئەرکەکەیاندا.

بەلام خۆشەویستی من حاڵەتێکی تری هەیە، ئەمن هەموو ڕۆژێ نامەم بۆتۆ دەنوسی، هەوڵمدەدا دەربارەی تۆ قسە بۆ هەموان بکەم، دەورووبەری خۆم پڕکردبوو لەتۆ، بەلام ئەمە خۆشبەختی نەبوو، دڵدانەوە بوو.

دڵم دەیویست، ڕێگەی گەیشتنەوە بەتۆ، کورت بکەمەوە. بەلاّم تۆ نەهاتی، هەر لەمۆسکۆ مایتەوە، ئێستا بیرکردنەوە لەمە چەندە بەئازارو بەژانە، ئەم بیرکردنەوەیە دواین گەردیلەی هێزو توانام لەنێو دەبا.

وەرا، خۆشەویستم! من ئالێرە، لەتەنیشت خۆم پێویستم بەتۆیە، نەك جێگایەکی تر، من پێویستم بەتۆی ڕاستەقینەیە، نەك تارمایی تۆ، من دەمەوێ، خۆشەویستەکەم ئالێرە...لەتەنیشتمو لەبەردەم ئاگرەکەی بەرامبەرم دانیشتبێ، تابتوانم نەخشە کانزاییەکەی پێ بسپێرمو بۆخۆم بەئارامی بمرم، دڵنیابم لەوەی خۆشەویستەکەم ئەم نەخشەیە دەگەیەنێتە دەستی خەڵك. بەلاّم نا، من کەسم نیە تا نەخشەکەی پێ بسپێرم. نازانم بۆ دووبارە کەوتمەوە یادی گێرمان، ئێرەیی پێ دەبەم.

دەڵێی خەریکە دەبورێمەوە... بەلاّم نا دووبارە هۆشم لای خۆمەو خەریکم دەنوسم. ئەمن ئیدی جگە لەنوسین، ناتوانم هیچ کارێکی تر بکەم. بەڵێ ئێرەیی بەگرمان دەبەم، ئەوو تانیا دێنمە بەرچاوی خۆم، ئەوان ئەو تازە لاوانە، کە ئازایانە گیانی خۆیان لەڕێگای کاری هاوبەشی ئێمەدا بەخت کرد، ئایا ئەم فیداکاریە گوزارشت لەبەهێزیو گەورەیی ڕۆحو قوڵیی عیشقەکەیان ناکات؟!.

نا جارێ زووە بێئومێد بم. دەبێ برۆم، دەبێ تل بدەم، ئەدی چ لە نەخشەکە بکەم؟ لە ناوەند چاوەڕوانی من دەکەن، دەبێ تل بدەم و خۆ بخزێنم، چنگ لەزەوی گیربکەمو برۆم.

لەوانەیە ئەمە دواین نوسینم بێت...

* * *

نا دواین نوسین نەبوو، ئەمن هێشتا ماوم، زیندووم، چ لە نەخشەکە بکەم بەکێی بسپێرم ؟ بەکێ ؟

مرۆڤ زیاد لەڕادە گیان سەختە! خۆ دەخشێنم، لەسەر چۆك بەرز دەبمەوە، دەکەومو دووبارە خۆدەخشێنم، بۆی هەیە بەم شێوەیە بگەمەجێ، دەستم زۆر بەزەحمەت قەڵەم دەگرێ. دەنوسم، چونکە خوم پێوەگرتووە، دوو دێڕ دەنوسمو دووبارە دەکەومەوە

خۆخشاندن، من زیاتر خوم بەمەوە گرتووە تا بەخۆراك. ئەگەر واز لەنوسین بێنم، بۆی هەیە ئیدی نەتوانم لەجێگای خۆم بلّند بمەوە.

* * *

شتێکم بەوێنەی کەپرۆکەیەکی بچوك دروستکرد، پێموایە بەهۆی ئەمەوە زوتر منو نەخشەکە دەدۆزنەوە... دەنگی مرۆڤ و وەڕینی سەگم هاتە بەرگویّ. هاتمە دەرێ، شتێك نەبوو، ڕوونە کە خەیالّ بوو. دووبارە چوومەوە نێو کەپرۆکەکە، ئەو ئاگرەی کە دوێنیّ بەدواین دەنکە شقارتە دامگیرساند، هێشتا دەسوتیّو لەحالّی خامۆش بوونداییە. ئاه... وەرا، چەندەپێویستم بەتۆیە لێرە، عیشقی هاوکار – نەك عیشقی درۆینەو گالّتەجاڕ– ئالێرە چەندە پێویستە! ئەوسا ڕووندەبیّ کە چارەنووسی نەخوازراو...

دواین جار نەخشەکەم بەسەرکردەوە، لەجێگای خۆیەتیو کاروبار رێکە...

وەرا، ناونیشانی دایکی تانیا پەیداکە... لەناوەند هەیە... بۆی بنوسە... سەبارەت بە گێرمانیش هەروەها...

... سەبارەت بە لەنێوچوونی دەستەکەش کەس تاوانبار مەکەن من نەبێت....

* * *

لەناکاو لەسەرووی شێروانی خانووەکەوە دەنگی ئاشنای بە هاتوهاوارو کاسکەری فڕۆکان بیستراو سێبەرێکی گەورەو ڕەش بەبەر پەنجەرەکەدا تێپەڕی، ئەمە فڕۆکەیەك بوو، لەوسەری خولگەی جەمسەریی ناوچەی کانەکان، کە بۆ دەرهێنانی ئەلّماس دروست دەکرا، بەرەو (ئێرکۆتسك) دەگەڕاوە، دەیویست لێرە بنیشێتەوە. ئێمە دەمانزانی فڕۆکەوانەکان پارچەی دروستکراوی کانزایی دەگوازنەوە بۆئەویّ و لەوسەرەوەش بە بەتالّی دەگەڕێنەوەو بە هەلّگرتنی گەشتیارانی ترانزێت خۆشحالّ دەبن.

ئێمەش خێرا بەرەو فڕۆکەکە وەڕێکەوتین.

سەرچاوە: نامە/ ترجمە گامایون
انتشارات/ پروگرس موسکو

# بێگانه

فرانسیس ئاستیگمۆلەر

ئەوکاتەی لە سینەما هاتمە دەرێ، ئەگەر باران نەبا، بەپێیان دەگەڕامەوە مالێ، ئەو ئاپارتمانەی لێی دەژیام زۆر دوور نەبوو، شوێنێکی ئاسان بوو... دروست لەخوار بلوار. دوای جێهێشتنی دوو شەقام... شەقامی سێیەم دەستی راست... شەقامی دوگری نێل، نزیك بەنیوەی بلوکی یەکەم.

بەم قسانە تاکسیەکم ڕاگرتو زۆری پێنەچوو هەستمکرد پیرە شۆفێری تاکسییەکە، کە زۆر بێباك دیاربوو، لەژێر گوشارێکی توندی دەروونیدایە.

لەبەرئەوەی بەرەو یەکەمین شەقامی سانت دومینیك بایدایەوە، هاوارم کرد...نا...نا... دوو شەقام پێشتر، لەژێر لێوەوە بلّمەبلّمێکی کردو دووبارە بەرەو بلوار ڕۆیشت، جارێکی تر دەیویست بچێتە شەقامی دووەم، شەقامی لاس کاسس. دووبارە هاوارم کرد نا... نا... ئەوەی تر... ئەو شەقامەی دی، شەقامی دوگری نێل. لەم کاتەدا بایدایەوەو نیگایەکی لێکردم کەپڕبوو لە سەرزەنشت و سەرکۆنەکردن. دواتر بەخێرایی درێژەی بەڕۆیشتنی خۆیداو بیّ ئەوەی کە بەرەو ئەو شەقامە بڕوات کەمن مالّم لەویّ بوو و مەبەستم بوو، لەبلوار درێژەی بەڕۆیشتنی خۆیدا. بەهاوارکردنەوە گوتم: تازە لەویّ تێپەڕیت، دەبوو بەلای ڕاستدا ڕۆیشتبای،ئەدی پێشتر پێم نەگوتی؟ داوای لێبوردن دەکەم دەبیّ بادەیتەوەو بڕۆی بۆ شەقامی دوگری نێل ژمارە (٣٦).

کابرای پیرەمێرد بلّمەبلّمێکی کردو لەکاتێکدا کە تاکسییەکە لەسەر قیری تەڕی جادەکەدا دەخزی، بەخێرایی بایدایەوە. بلواری بڕی‌و بەخێرایی لەنێوەڕاستی شەقامەکەدا رایگرت. لەحالێکدا کە هاواری دەکردو رووخساری لەڕقان سوور هەلگەڕابوو گوتی: یاللاّ دابەزە! لەئۆتۆمبیلی من بڕۆ دەرێ، بەهیچ شێوەیەك ئامادەنیم یەك هەنگاوی تر بتبەم، ئەتۆ سیّ جاران گەمژانە ڕەفتارت لەگەلّ کردم، سیّ جاران سوکایەتیت پێکردم، دابەزە دەی، پێت دەلّێم ئۆتۆمبیلی من بۆ بێگانان نابیّ.بە ناڕەزاییەوە هاوارم کرد: بەم بارانە؟ هەرگیز کاری واناکەم مسیۆ... تەنیا جارێکیش سوکایەتیم پێنەکردووی چ بگا بەسیّ جار! خۆت زۆر باش دەزانی هیچم نەکردووە جگە

لەوەی کەداوام لیٚ کردووی تا ماڵەوەم بگەیەنیت. ئیٚستاش داوات لیٚدەکەم ئەو کارەم بۆبکەو لەبەرامبەردا بەخشیشێکی باشت دەدەمیٚو ئەوسا زۆر دۆستانە لەیەکتر جیا دەبینەوە. ئەو بەنیگەرانیەوە بیٚدەنگ بوو تا قسەکانم تەواو کرد، ئەوسا یەکسەر هاواری کرد: برۆ خواریٚ، تۆ سوکایەتیت پیٚکردوم، دەبیٚ لە ئۆتۆمبیلی من دابەزی.

تەماشایەکی بارانەکەم کردو گوتم: لەڕاستیدا ئەمن کاری لەو چەشنەم نەکردووە.

گۆڕانیٚك لەڕووخساریدا پەیدابوو. بەئاوازیٚکی توڕەو یەك چین دریٚژەی دایە: یان لە تاکسییەکەی من دادەبەزی یان دەتبەمە کۆمیسارياو لەویٚ بەتۆمەتی ئەو سوکایەتیانەی بەمنت کردوە شکایەتت لیٚدەکەم. ئیٚستا ئیدی بۆخۆت سەرپشك بە. وەلاٚمیم دایەوە: بەم کەشو هەوایە ! هیچ ریٚگەچارەیەکی تر نیە با هەرچی زووترە بچینە کۆمیساريا.

پیٚکەوە چووینە ئەویٚ...

کۆمیساريا تەنیا چەند هەنگاویٚك لەماڵەکەی منەوە دووربوو. لەبەرئەوە بەویٚ نائاشنا نەبووم، پیٚشتر بەهۆی هیٚندیٚك گیروگرفتی لاوەکییەوە چووبوومە کۆمیساريا. کاتیٚ منو شۆفیٚرەکە پیٚکەوە چووینە ژووری رووتو بەتاڵی کۆمیسارياوە، کۆمیسەرم لەپشت میٚزی لیٚکۆڵینەوەی خۆی بینی، وەك دۆستیٚك پیٚشوازی لیٚ کردم و لەکاتیٚکدا کە بەناوی خۆمەوەبانگی دەکردم گوتی: ئەم کاتەت باش مسیۆ، پیٚم بلٚیٚ بزانم چ هاوکارییەکم لەدەست دیٚت بۆتی ئەنجام بدەم؟

بەلاٚم شۆفیٚری پیر کە کۆمیسەر تەنیا سەری بەلای ئەودا وەرچەرخاندبوو، بواری پیٚنەدام قسە بکەم: ئەوە منم کارم بەئیٚوەیە، ئەوە منم کە دەمەویٚت شکایەت لەم کابرا بیٚگانەیە بکەمو هاتووم پیٚت بلٚیٚم ئەم کابرایە سیٚ جاران وەك چەشنی گەمژەیەك رەفتاری لەگەڵدا کردووم... بەئاشکرا سیٚ جاران سوکایەتی پیٚکردووم.

کۆمیسەر بەڕووخساریٚکی بیٚباکانەوە چاویٚکی لیٚکردم، هەستمکرد کە ئەویش وەك خۆم ئاگای لەخراپی باری دەروونی کابرا هەیە، دواتر داوای لیٚکردم ڕوداوەکەی بۆ بگیٚڕمەوە، بۆخۆشی قەڵەمیٚکی هەلگرتو دەفتەریٚکی سپی گەورەی کردەوەو ئەو قسانەی من دەمکردن دەینووسینەوە چۆن ناونیشانی ماڵەوەم دایە کابراو چۆن بەپیٚچەوانەوە رۆیشتو بلمەو پرتەو بۆڵەکانیو رقو توڕەییەکانی کابرای شۆفیٚرم هەموو بۆگیٚڕایەوە. کۆمیسەر هەموو ڕوونکردنەوەکانی منی بەخەتیٚکی جوان کە فەڕەنسییەکان

پێی دەڵێن (ئاسبنسر)[1] دەنووسییەوە، یەك دوو جاران قسەكانی پێبڕیم و سەركۆنەی كابرای شۆفێری كرد كە لەتەنیشتمەوە ڕاوەستابوو. كاتێ قسەكانی من تەواو بوون، ماوەیەك دواتر هەر دەینووسی پاشان بەواژۆیەكی زۆر جوان كۆتایی پێهێنا. لەكاتێكدا وشككەرەكەی لەسەر دواهەمین دێڕ دادەنا، سوپاسی كردم. دواتر گەڕایەوە لای شۆفێرەكەو بەدەنگێك كە ڕق و كینەی پێوە دیار بو گوتی: ئێستا نۆرەی تۆیە، ئەگەر شتێكت هەیە بیلێ تامن بتوانم لەبارەی ئەم كێشە ئاڵۆزەوە بڕیارێك بدەم.

كابرای پیرەمێرد گەرچی قسەیەكی وای پێنەبوو شایانی سكالا بێ،بەلاّم بەو دەنگە زلو توڕەیەی لەحالێكدا كە دەستو سەری خۆی ڕوو بە كۆمیسەر رادەوەشاند، لەمن مۆڕ دەبووەوەو قسەكانی پێشووی دووبارە دەكردنەوە: سێ جار... سێ جار وەك گەمژەیەك ڕەفتاری لەگەڵدا كردووم، سێ جار بەهۆی ئەم بێگانەیەوە سوكایەتیم پێكراوە... مسیۆ! ... نابێت ئەم شتانە روو بدەن.

كۆمیسەر سەری لەسەر دەفتەرەكە بەرز كردەوە، ئەو جێگەی كە هەموو تۆمەتو ڕووداوەكەی تیا نوسرابوو، گوتی: بەلاّم چۆن؟ وردەكاری ئەو ڕووداوەی كە لەنێوان تۆو ئەودا ڕووی داوە، ڕوون بكەرەوە. دواتر لەحاڵێكدا كە تیلەچاوێكی دەدایە من كە زیاتر لە پۆزش هێنانەوە دەچوو، گوتی: ئەگەر ئەوەی ئەم بەڕێزە گوتی بەڕاستیان نازانی،كەوایە تۆ پێچەوانەكەی بسەلمێنە.

بەلاّم جارێكی تر كابرای شۆفێری سكالاّكار جگە لەدوبارە كردنەوەی قسەكانی پێشوی هیچی پێنەبوو.

كۆمیسەرەكە بەخێرایی قەڵەمەكەی دانا، دواتر ڕووی لەمن كردو بە ئاوازێكی بنبڕانە گوتی: ئەمە بەتەواوی ڕۆشنە، كەسێك كە لەم نێوەدا زەرەرمەند بووەو بێ تاوانە تۆیت و ئەمن خۆشحاڵ دەبم كە بڕیاری خۆم بەم شێوەیە ڕابگەیەنم كەپێویستە ئەم كابرایە بەبێ كرێ بتگەیەنێتەوە ماڵێ، پێموانیە ئەویش پێی ناخۆش بێت، بەلاّم ڕاوەستن تا سەرنجێكی كورت لە بەڵگەنامەكانتان بدەم... دەزانی لەم جۆرە كێشانەدا دەبێ چ

---

ڕێوشوێنێکی یاسایی پێویست بگیرێته بەر؟ دەبێ مـن بابەتەکـە بـەخێرایی کۆتـایی پـێ بهێنم... موسیۆ ببورە کارتی پێناسەکەت...؟

یەکسەر ڕەنگم تێکچوو، بیرم کەوتەوە کە کارتی پێناسـەکەم لەماڵـەوە لـەبیر چـووەو بەپێچەوانەی یاسای فەرەنساوە، کە دەبێت بێگانەکان بەردەوام ئەو کارتەیان لە لابێت. تەنیا وەڵامێك کە لەوساتەدا بەمێشکمداهات ئەمەبوو: لەبەر ئـەو بارانـە زۆرە، لەماڵـەوە دامناو گوتم نەکا تەڕبێت یان شێ بکاتو بێکـەڵك بێـت. بـەیانی، بـەیانی زۆر بەئاسـانی دەتوانم بۆتانی بهێنم، ئومێدەوارم کە ئەمە ڕەزامەندی بەدڵتان ببەخشێتو دەشزانم کە لەڕووی یاساییەوە ئەمە کارێکی پێویستە.

بـەڵام خـۆم دەمزانـی کـە کـارێکی باشـم نـەکردووەو ئەمـەش بـووە هـۆی ئـەوەی کـە ئەنجامەکەی بەدژی من بشکێتەوە. کۆمیسەر لەحاڵێکدا کە سیمای وەك بەردی لێهاتبوو بەتونـدی گـوتی: ئەمـە لەگـەڵ یاسـاو ڕێـساکاندا نایەتـەوە، قبوڵمـە کـە سـبەی کـارتی پێناسەکەت بهێنیتە ئێرە، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی هەلو مەرجەکە، ناچارم بڕیاری خۆم لەبارەی کێشەکەوە بگۆڕم.

بەڵام لەبەر ئەوەی بارانـە داوا لـەم بـەڕێزە دەکـەم بتگەیەنێتـەوە بـەردەرگای مـاڵێ، بەڵام داوا لەتۆش دەکەم نـەك تـەنیا کرێـی لەسـەرەتاوە تـا کۆتـایی، بـەڵکو کرێـی ئـەم کاتەیشی کە بەهاتنی بۆ ئێرە بەفیڕۆی داوە، بدەیتێ.

دواتر لەحاڵێکدا کەڕووی لەپیرەمێردەکە دەکرد گوتی: دڵنیام تـۆ تاکسی مەترەکـەی خۆت کردۆتەوە؟ شۆفێرەکە سـەری بەنیـشانەی بـەڵێ بـۆ لەقانـد. کۆمیـسەر لـەجێگای خۆی بڵند بوو بە سـوربونەوەگوتی: (ئـاور ڤـار)[٢] مـسیۆ، ئومێـدەوارم بـەیانی زوو بـیرت نەچێت.

مـنو شـۆفێرەکە شـان بەشـانی یـەکتر وەك ئەوکاتـەی کـە هـاتین خـەریك بـووین لـە کۆمیساریا دەچووینە دەرێ.

هەستم کرد کاتێ بڕیارەکە بەدژی من شکایەوە چاوەکانی لەخۆشیان دەتروسکانەوە، جگـە لـەوە، هـیچ شـوێنەوارێکی تـری سـەرکەوتنم بەڕووخـساریەوە نـەبینی. بـێ هـیچ

---

.

قسەیەك و بێ هیچ کاردانەوەیەك گەیاندمیەوە ماڵێ. کاتێ گەیشتین، هەموو کرێیەکەم بۆ ژماردو دامە دەستی، زۆر بەوردی ژماردیو هاتەقسە: گومانم نیە مسیۆ بەڵێنەکەی خۆت کە –بەخشیشێکی باشو جیابوونەوەیەکی دۆستانەبوو– بیرناچێتەوە.
(ئاسپنسر) مامۆستایەکی ئەمریکی بو توانی شێوازێکی نوێ لە بواری خۆشنوسیی دابێنێ.

(ئاور ڤار) خواحافیز

سەرچاوە: نگاهی به گزشته

# میراتگری پەتریك

تۆماس هاردی

پێویست بەوە ناکات بەو کەسانەی ئاشنای دابو نەریتەکانی (ئاستیبڵ فۆرد)ن بگوترێت کە لەناوەڕاستی سەدەی ڕابردوودا تەواوی ئەم ناوچەیە لەڕەهنی (تیمۆتی پەتریك) دا بوو. زۆر لێهاتووبوو لەبەدەستخستنی زەوی‌و زارو خانووبەرەی شازو دەگمەن، کە بەدانی برێك پارە لەبەرامبەر قەباڵەکەیدا مامەڵەکە ئەنجام دەدرا. لەم جۆرە کارانەدا ڕێوشوێن‌و تایبەتمەندی خۆی هەبوو، کە لەم بەشەی ولاتی ئینگلیزدا بێوێنە بوو بەکەس بەراورد نەدەکرا. کاری ڕۆژانەشی بریکاری دادوەربوو، ئەو ئەرکی بریکاریی کەسانی ناسراوی لەسەر شان بوو، وە بەم هۆیەشەوە بەشێوازی خێرخوازانە کارەکانی دەبردنەپێش. دەگێڕنەوە کە گوایا یەکێك لەخزمەکانی کە پیاوێکی خۆشباوەڕ بووە کاتی خۆی لەئەنجامی بێ شانسییەوە، بەهۆی بۆچوونێکی هەڵەوە وەسیەتنامەیەکی واژۆ کردبو، سەرەنجامیشی ئەوەبوو دووریانخستبۆوە بۆ شارێکی ترو ناچاریان کردبوو پاشماوەی ژیانی لەوێ بباتە سەر، زانیاری پێویستی خستبووە بەردەست‌و کێشەکەی بەلایەکدا خستبوو کە بۆ بەرژەوەندی کەسانی تر کەڵکی لێوەرنەگرێت، بەڵکو بەشێوەیەکی تەواو لای خۆی بیپارێزێت.

من نیازی ئەوەم نیە دەربارەی سەرەتای ژیان‌و کارەکانی ئەو قسەتان بۆبکەم، بەڵکو دەمەوێت سەبارەت بەسەردەمانێك قسەتان بۆبکەم، کە ئەو ئیدی بەتەمەندا چووبوو تا ئەو جێگایەی ئاگادارم سەروەت و سامانێکی بێئەژماری وەدەست هێنابوو.

لەنێو ئەو سەروەت‌و سامانە بێشومارەدا ناوچەی دەوڵەمەندنشینی (ئاستیبڵ فۆرد) یەکێك بوو لەوان، کە بۆخۆی لەنێو باڵەخانەیەکی بەشکۆی ئەوێدا دەژیا. کە ئەو باڵەخانەیە ئێستا شوێنەواری نەماوە، هاوشێوەی ئەمەی لە (مارلۆت) و یەکێکی تری لە (شرتون ئاباس) و تەواوی شارەدێی (میل پۆل) و بەکورتی موڵك‌و ماڵی زۆری لەنزیك (ئای ڤێل) هەبوون. بەکورتی ئەمن نیوەی سەروەت‌و سامانی ئەوم لەبیر نیەو ناشزانم لەم ڕۆژگارەدا، کەئەو بۆ خۆی ساڵانێکە مردووەو دنیای جێهێشتووە، موڵك‌و ماڵەکەی ئێستا کەڵکیان لێوەردەگیرێت یان نا ؟.

دەگێڕنەوە دەڵێن کاتێ مولکێکی دەکڕی تـا بـست بەبـست زەوییەکـەی نـەپێواباو بـە پێوانەکانی خۆی خاکەکەی هەڵنەسـەنگاندبا، پارەکـەی نـەدەدا، بیربکـەوە لـەو هـەموو پێوانو ڕێسانەی ئەو کردوویەتی! بەڕاستی کارێکی تاقەت پڕووکێنە.

ئەمن دەربـارەی سـەردەمانێك لـەژیانی ئـەو قـسەتان بۆدەکـەم، کەتەمـەنی لەسـەروو هەشـتا سـاڵییەوە بـوو، کوڕەکـەی مردبـوو، بـەڵام دوو نـەوەی هـەبوون گەورەکـەیان لەبەرپاراستنی ڕیشەی بنەماڵەکەیان زەماوەندی کردبوو، چاوەڕوانی کۆرپەیـەك بـوو تـا نێوی بنەماڵەکەیان بەزیندوویی ڕاگرێت. هەر لەم کاتو ساتەشـدا، بابـە گـەورە نـەخۆش کەوت، بەلەبەر چاوگرتنی تەمەنی، مردنـی وەنزیـك کـەوتبوو. لـەو وەسـیەتنامەیەی کـە پیرەمێرد دیاری کردبوو تەواوی سـەروەتو سـامانەکەی دەقەبـەڵ نـەوەی گـەورەو ئـەو کۆرپەیـەی کـە باسمـان کـرد، کردبـو، لـە هەمانکاتیـشدا نـەوە بـچووکەکەیو تـەواوی کەسانی بنەماڵەکەی کەلێرەداپێویست بەناوهێنانیان ناکات، لەمیرات بێبـەش کردبـوون. دروست لەوکاتەشدا کـە (تیمـۆتی پـەتریك)ی پـیر لەنەخۆشـخانە لـەژێر چاودێریدا بـوو، (ئانیتا)ی هاوسەری نەوە گەورەکەی منداڵێکی بوو،بەخۆشـبەختییەوە منداڵەکـە کوڕبـوو، مێردەکەی ئانیتا واتا تیمۆتی لاو گەرچی لەخێزانێکی بەمشورداپەروەردە ببوو بەڵام زۆر دەستوپێ سپی بوو. تاکە کەس بوو لەبنەماڵەی پەتریکدا چـاوی نەبڕیبێتـە سـەروەتو سامانی (تیموتی پەتریك) ی باپیری، هەر لەبەر ئەمەش هاوسـەرگیریەکی بـاشو لـەباری نەکردبوو، بەشێوەیەك خـەڵکی دەیـانگوت هاوسـەرەکەی لەبنەماڵەیـەکی ڕەسـەن نیـە، باوکی ژنەکەی واتا خەزوری کەسێکی لادێیو لەچینی ناوەڕاست بـوو، بـەڵام هەرچـییەك بێــت ئانیتــا ژنێکــی زۆر جــوانو نــازداربوو، کەمێردەکــەی دوای یــەکجار دیــدارو ئاشنایەتییەکی کەمو بێئاگا لەنهێنییـەکانی دڵـی ئانیتـا، گـیرۆدەی ببـوو، عەشـقی دڵـی خۆی لا درکاندو زەماوەندیان کرد، تا ئێستاش شتێك ڕووی نەدابوو کە لەم هەڵبژاردنەی خۆی ناڕازیو پەشیمان بێت، هەر لەبەر ئەمەش زۆر نیگەرانی تەندروستی ئانیتا بوو.

لەکاتێکدا کەچاوەڕوان دەکرا ئانیتا و کۆرپە سـاواکەی لەمەترسـی ڕزگاریـان بووبێـت، لەناکاو تەندروستی ئانیتا زۆر بـەخراپی گـۆڕانی بەسـەردا هـات و ئومێـدیان پێـی نـەما، کاتێ ئانیتا هەستیکرد حاڵی شڕە ناردی بەدوای تیمۆتی هاوسەریدا، ئەویش زۆر بەپەلـە گەیــشتە ژوور ســەری، کــاتێ تــەنیا هــەردووکیان لەژوورێــدا مانــەوە، ئانیتــا داوای

لەمێردەکەی کرد بەڵێنی پێبدا لەداهاتوودا، لەهەموو هەلو مەرجێکدا بەباشی چاودێری منداڵەکەی بکات و ئاگاداری بێت، ئەویش بێ دواکەوتن بەڵێنی پێدا. دوای ماوەیەك بێدەنگی ئانیتا گوتی کە دەیەوێت بەرلەوەی بۆهەمیشە لەقسەکردن بکەوێت دان بەشتێکی ترسناکدا بنێت، چونکە لەم ساتەدا کە بڕیارە رۆحی بەئاسماندا بکەوێتە فڕین، نایەوێت ئەم ڕازە شومە لەگەڵ خۆیدا بباتە گۆڕەوە، سەرەنجام قسەکەی کە پەیوەندی بەمناڵە ساواکەوە هەبوو، ئەوەبوو کە بەپێچەوانەی بۆچوونی ئەوەوە ئەو باوکی مناڵەکە نەبوو، پەتریکی لاو لەگەڵ ئەوەی کە زوو درکی بەکێشەکە کرد، بەلاّم لەوجۆرە کەسانە نەبوو کەزوو هەڵدەچنو ناتوانن بەسەر خۆیاندا زاڵبن. توانی لەساتەوەختی تاقیکردنەوەیەکی گەورەی ژیانیدا بەهێزو توانایەکی زۆرەوە، تاڕادەیەکی باش بەسەر خۆیدا زاڵبێت.هەر ئەوشەوە هاوسەرەکەی مردو بەرلە مەراسیمی ناشتنی تەرمەکە، پەتریك بەپەلە خۆی گەیاندە لای باپیرە نەخۆشەکەیو ئەوەی کەلەدەمی ئانیتا بیستبووی بۆی گێڕایەوە... لەدایك بوونی مناڵەکە... دانپیانانو مەرگی ئانیتا...

پیرمێرد هەستیکرد دەبێ هەرچی زووە بێتەوە سەرخۆیو بەرلەوەی ڕۆژ ئاوابێت وەسیەتنامەکەی بگۆڕێت و بەر بەهاتنە ناوەوەی مناڵێکی بێگانە، بۆ نێو بنەماڵەکەی بگرێت. تیمۆتی پیر هەموو ئەمانەی لەناوچەوانی کوڕە گەورەکەی دەزانی و بەکارێکی باشی نەدەزانی کەسێکی بێگانە ببێتە میراتگری، هەر لەبەر ئەمەش وەسیەتنامەیەکی تری نووسیو هەموو سەروەتو سامانی خۆی بۆ هەمیشە بەنەوە گەورەکەیو مناڵە نێرینەکانی ئەو کە تا ئەوساتە لەدایك نەبوون، دوای ئەمانیش بەنەوەکەی تربەخشی و مناڵەکەی ئەمی لەمیرات بێبەری کرد. بەمشێوەیە مناڵە ساواکە، کە جێگای هیواو ئومێدێکی زۆربوو، لەهەموو شتەکان بێبەشکراو لەیاریەکە کرایە دەرەوە. دوای ئەم ڕووداوە، پیرەمێردی پەشیمان، زۆر نەژیاو مرد.

تیمۆتی لاو دوای بەخاکسپاردنی هاوسەرو باپیرەی درێژەی بەژیانی ئاسایی خۆیدا، دڵی خۆی بەوە دەدایەوە کە توانیویەتی بەهەنگاوێکی بنبڕ ئەم کردەوە سەختو خیانەتکارانەیە پوچەڵ بکاتەوە، وە بڕیاریشیدا هەرکاتێك ئافرەتێکی لەباری کەوتە بەردڵ ئەوا بۆ جاری دووەم زەماوەند بکاتەوە.

بەلاَم پیاوان زۆربەیان خۆیان ناناسن، هەلو مەرجی سەختو بەئازاری ژیانی تیمۆتی لاو وردە وردە رووی لەزیادبوون دەکردو بەرادەیەك لەژنان بێزار ببوو و باوەڕی پێیان نەمابوو، کە ئەگەر لەگەڵ ژنێکی جوانو سەرنج ڕاکێشیش ئاشنا بووبا سڵی دەکردەوەو نەیدەوێرا پێشنیاری زەماوەندی پێبکات. ترسێکی زۆری هەبوو لەوەی جارێکی ترخۆی وەك مێردی ژنێك ببینێتەوە. ڕووبەڕووی هەر ژنێك بووباوە، وای دەزانی داوێکەو بۆ ئەو نراوەتەوە. لەناخی خۆیدا خەم وخەفەتێکی زۆری لەو میراتییە دەخوارد کە بڕیاربوو بەو بگات، بەخۆی دەگوت: ئەو شتەی جارێك روویدا دەکرێ جارێکی تریش دووبارە بێتەوە، ئیدی خۆم ناخەمە مەترسییەوە. هەر لەبەر ئەمەش بوو وازی لەبیرۆکەی زەماوەندکردن هێناو ئەو ئارەزووەی کە بڕیاربوو ڕۆژێك میراتگرێك لەنەوەی ئەو ببێتە خاوەنی ئاستیبلێ فۆرد، لەمێشکی خۆی بردە دەرێ.

ئەو منالّە بەدبەختەی کەژنەکەی هێنابوویە دنیاوە، زۆر بەدەگمەن بەسەر دەکردەوە، بەلاَم لەبەر ئەو بەلێنەی کە بەژنەکەی دابوو، کارو باری پەروەردەکردنی لەمالەوە، بەباشی بۆ دەستەبەرکردبوو، هەرکات وەبیر بەلێنەکەی خۆی کەوتباوە، دەچوو سەرێکی لەمنداڵەکە دەدا، کاتێ دەیبینی تەندروستی لەباشیدایە ڕێنمایی دەکردن باشتری چاودێری بکەنو بۆخۆشی دووبارە بەناخی تەنیایی خۆیدا ڕۆدەچوو خواری، تا دوو سێ ساڵان، ژیانی ئەوو منداڵەکە، لەکۆشکی ئاستیبلێ فۆرد بەم شێوەیە دەگوزەرا.

ڕۆژێك کەلەنێو باخچەکەدا پیاسەی دەکرد، بەرێکەوت (ئونفیەدان)ەکەی لەسەر نیمکێتەکە لەبیر کرد، کاتێ گەڕایەوە بۆئەوەی بیهێنێتەوە منالّەکەی بینی کەخۆی لەدەستی دایەنەکەی ڕاپسکاندبوو و سەرگەرمی یاریکردن بوو بە (ئونفیەدان) ەکە، هەربۆیە لێکدا لێکدا دەپژمی. کابرای دڵ ڕەق کاتێ بینی منداڵەکە لەگەڵ ئەو هەموو پژمینەدا واز لە یاریکردن ناهێنێت، کاری لە دڵو دەروونی کرد. ڕوانیە روخساری، هەستیکرد سیمای هاوسەرەکەی لە ڕووخساری ئەودا خۆی نمایش کردۆتەوە، بەلاَم هەوالێك لە شێوەی خۆی نەبوو، بەزەیی بەو منداڵە بێ نەوایەدا هاتەوە، لەو ساتەوە بڕیاریدا ئەوەندەی بکرێت بەرامبەر بەو منداڵە گۆڕانکاری بەسەر هەستو نەستی خۆیدا بێنێت.

پێویستی مرۆڤ بە خۆشەویستی شتێك، یان مرۆڤێکی تر، بەهێزتر بوو لەو دڵەڕاوکێیو دوودڵیو هەڵچوونەی کە لە دەروونیدا بەرامبەر بە (ڕۆبێرت) دروست ببوو. ئەم ناوە دایکی لەسەرە مەرگدا لێی نابوو، ئەو کاتەی کە ئەویان لە ژوورەوە بە شێوەی تایبەت (غسل تعمید) کرد، چونکە ئەو شایەنی (غسل تعمید)ی گشتی نەبوو. پەتریك تا ئێستا هەڵوەستەی لە ئاست ئەم ناوەدا نەکردبوو، تا بەڕێکەوت هەستی بەوە کرد ئەم ناوە پەیوەستە بە (مارکی کریست مینستەر)ی کوڕی (دۆك ساوتوسترلەند)ەوە کە ئانێتا بەر لە زەماوەندەکەیان دڵبەستەی ببوو. بە لێکدانەوەو شیکردنەوەی بەشێك لە دوایین وتە لێڵو تەماوییەکانی هاوسەرەکەی کە ئەو ساتە ئەم زۆر گرنگی پێنەدابوو، بۆی ڕوونبوۆوە چیرۆکی نێونانی ڕۆبێرت لەمەوە سەرچاوە دەگرێت. چەندین کاتژمێر بەبێدەنگی لای منداڵەکە دادەنیشت، هەر بە سروشت مرۆڤێکی کەمدوو بوو، بەڵام منداڵەکە ئامادەی پرسیارو قسەو گفتوگۆ بوو، پەتریك بەم شێوەیە ساتەکانی پێش نیوەڕۆی دەگوزەراند، پاشان دەچۆوە ژوورەکەی خۆییو بەدەم هاتوچۆوە لەگەڵ خۆیدا دەکەوتە قسە، جاری وابوو بە دەنگی بەرز، جاری واش بوو وەك ڕازو گلەیی، خۆی بە گاڵتەجارترین گەمژە دەزانیو سوێندی دەخوارد ئیدی کاری بەسەر ئەو منداڵەوە نەبێت.

هەرچی منداڵەکە گەورەتر دەبوو، سۆزو خۆشەویستی تیمۆتیش بەرامبەری پەرەی دەسەند، تا کار گەیشتە ئەوەی بووە تاقە ئومێدی ژیانیی. لە ڕابردوودا هێندێك جار ئێرەیی بە براکەی، واتا (ئێدوارد) دەبرد کە لەلایەن (هاریت مۆنت کلێر)ی بەڕێزەوە واتا دووەمین کچی (ویسکۆنت) کە بە هەمان ناوو نازناوەوە پێشوازی لێکرا، هەرچەندە تا ڕادەیەکی زۆر جێگریی بنەماڵە لەدەست تیمۆتی پەتریکدا بوو، بەڵام هەستی ئێرەیی ئەویان دەبزواند. بەڵام هەروەك پێشتر ئاماژەم پێدا کاتێك کە پەی بە هەستو سۆزی باوکانەی خۆی سەبارەت بەو منداڵە دەبردو ئایندەی ئەویی لەنێو چینی باڵادا دەبینی، ئەم ئێرەییە بەخێرایی لەبەین دەچوو. لەڕاستیدا دوای زەماوەندی براکەی هەرچەند زیاتر بیری لەمە کردباوە، زیاتر ڕازی و بێ گرفت دەبوو. هاوسەری کۆچکردووی، زەمینەیەکی لەباری لە هزرو بیر کردنەوەکانی ئەودا جێهێشتبوو، کاتێ لەبارەی حەوسەلەی بەرزی ئانیتا، لەگەڵ ئەوەی کە کچی کەسێکی ئاسایی بوو، بیری کردباوە،

سەبارەت بەو منداڵەی —کە ئارەزووی دەکرد هـی خـۆی بوایـە— لاوازی خـۆی زیـاتر بـۆ دەردەکەوت. وە هەرکات بیری دەکەوتەوە، کە منداڵەکە بەسروشـتیی، نـەك تـەنیا هـەر ناوو نازناو، یەکێك لە ئەندامی شەریفترین بنەماڵـەکانی ئینگلیـزە ئـەم تێگەیـشتنەیان لا دروست دەکرد. بە لەخۆ بایی بونـەوە بـەخۆی دەگـوت بەهـەر حـاڵ ئـەو ژنێـك بـوو بـە غەریزەو سروشتێکی ڕە سەنەوە، پێی باش بوە بۆ منـداڵبوونو مـیرات، یـەکێك لەپایـە بڵندو دەوڵەمەندان هەڵبژێرێ، ئەگـەر ئـەو کەسـە وەك خـۆمو خزمـانم لەکەسـێکی سـەر بەچینی ناوەند بوایە، ئەوسا هاوسەرم و مناڵەکەی شایەنی ڕەفتـارە نامرۆڤانـەکانی مـن بوون، لەکاتێکدا ڕۆحـی ئـەو پـاکو خاڵییـە لـە پەسـتی و نیگـەرانیی، ئـەو پیـاوەی کـە ئانیتـای خۆشویـستووە لــە ڕەســەنزادان بــووە، ئەگــەر خۆشــم کەســێك نــەبم لــە ڕەسەنزادان،خۆ کوڕەکەم لە وانە.

هۆکارێکی تر کە بـەهێزترو شـایانی خـۆ لـێ گێلکـردن نـەبوو، پاسـاوی بەمـشێوەیەی بۆخــۆی دەهێنایــەوە: لــەجێگای کەمکردنــەوەی مەترســی ئــەو مناڵــە بۆســەر مــاڵو دارایەکـەم، کارێـك کـە مـن کردوومـە، دەبـوو خۆشـحاڵ بـام کـە ئـەو دەبێتـە میراتگـری سەروەتو سامانی من، لەبەر ئەوەی لانی کـەم ئـەو خـوێنێکی پـاك بەنێودەمارەکانیـدا دەگەڕێت، لەحاڵێکدا کە ئەگـەر کاروبـار بەشـێوەیەکی ئاسـایی بـچێتە پـێش، ئـەوا ئـەو کەسێك دەبێ تا سەر ئێسك ئاسایی.

پیاوێك بە هەموو هەڵەکانیەوە، کە سەردەمانێك بەباوەڕی کۆنی پەیوەست بە (تقدس صلاتین) و شوێنکەوتوانیەوە بیری دەکردەوە میهرو خۆشەویستی هاوسەرە بێچارەکەی کەبۆ پاك ڕاگرتنی خوێنو نەژادی بنەماڵەی پەتریك هەنگاوی هەڵگرتبوو، زیـاتر لـەجاران بیرو هۆشی ئـەویان دەکردە گاڵتـەجاڕ. بـیری لـە خزمـە ناشـیرنە تـەوەزەلو مەشـڕوب خۆرەکانی _کە بوونـەوەرێکی دەغـەڵ بـوون _دەکـردەوە، باپـیرە سـوخۆرو چەرچـیو مەشـڕوب خۆرەوەکـانی خـۆی وەبـیر خـۆی دێنایـەوە، کـە دەکـرا لەنـەوەی هێنـدێك لەنارەسەنەکانیان منداڵێك بێتە دونیاوە لەسەر وەختی پیریدا دووچاری خـەمو خەفـەتی بکاتو تاڵە ڕەشەکانی قژی پێ سپی بکات. پەڕو باڵی بشکێنێو ئەوەی نەکراوە بیکات، بەلاَم ئەو وەك باخەوانێکی دڵسۆز توانیبووی جـۆرو ڕەگەزەکـەی بگـۆڕێ. بەهـەر حـاڵ بەدرێژایی کات ئەو کابرا خۆش باوەڕە، شەوو ڕۆژ دەکەوتە سەر چۆکو سوپاسی خـوای

دەکــرد کـــە لـــەم جـــۆرە کارانـــەدا وەك بـــاپیرانی نـــەژیاوەو بوودەلآنـــە بـــیری نەکردۆتەوەوڕەفتاری نەکردووە.

بەو خولْقو خۆیەی کە لەنێو بنەماڵەی پەتریکدا بوونی هەبوو، زیاتر خەیاڵی ئاسـوودە دەبوو. پەتریکەکان هەمیشە پێگـەی ڕەسـەنزادەکانیان دەپەرسـتو بەئـەزموون بـوون. هەسـت ناسـکیی ئـەو پیـاوە دیـارە واتـا (ئیـسحاق والتـۆن) دەربـارەی پێگـەی بـالآو سەروەتو سامان، زۆر شێوەی لەخواستەکانی تیمۆتی پەتریکی پیرو نەوەکانی دەچوو. ئازاردانو خۆشویستن، لەیەك کاتدا لەڕوانگەی لۆژیکەوە شتێکی سەیرە، بەلآم نمونەکان ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە ئەم کارە شـتێکی ئاسـاییە. ڕۆژێـك ئێـدواردی بـرای تیمـۆتی بەهێواشی گوتی: کە چارەنووسی ئەو کوڕە بەتـەواوی روونـە، ئـەو لەئاینـدەدا جگـە لـە موغازەکانو نوسینگەکان سەرمایەیەکی تری نیـە، لەحاڵێکـدا بـەهۆی دایکێکـی بـەڕێزی وەك هاریتەوە منداڵەکانی ئەو جیاوازییەکی زۆریان لەگەڵ کوڕی تیمۆتی دا دەبێت.

تیمـۆتی بەبیـستنی ئـەم قـسەیە هەسـتی کـرد هێـزی ئـەوەی تێدایـە گـەر بیـەوێت دەتوانێت وەسیەتنامەکە بخاتە ژێرپێوە، لای خۆیەوە هەستی بەلەخۆباییبوون کرد.

تیمۆتی هێندە لەخەمی ئایندەی ڕونی کوڕەکەی دابوو کـە دەسـتی کـرد بەتوێژینـەوە لەمێژووی پڕشکۆی ماڵی (دۆکز ئاوسۆ تۆ سترلند) لەسـەرەتاوە، لەسـاتەوەختی ڕۆژانـی بەشکۆی چارلز تا سەردەمی خۆی. دیاریـەکان، بەخـشینو جێهێـشتنی خانووبـەرەکان، کڕینــەکان، هاوســەرگیرییەکان، کــشتوکاڵ، بیناکــان، بەتایبــەتیش پێگــە سیاســیو سەربازییەکانیان کە زۆر جێگـەی سـەرنج بـوون، هـەمووی لەمێـشکی خۆیـدا تۆمـارکرد. کارە دیارە هونەریو ئەدەبیەکانیان، کە لەڕاستیدا بێوێنە بوون. ئـۆپێرا چـاپکراوەکانی کەسـانی بنەماڵەکـەیانی دەخوێنـدەوەو پاشـان بەوێنـەی کیمیاگـەرێك، کـە چـاوەڕوانی کریـستاڵیزەبوونی گەوهــەرێك بکــات، بــۆ ئاشــکراکردنو دۆزینــەوەی ســایە و هێڵــە چـەماوەکانی مێـژووی نیگـار کێـشانی وەك (ڤانـدیك) و (لێلـی) کـە لەسـەر پارچـەکان بەنەمری مابوونەوە، بەدوای دۆزینەوەی ڕووخساری ڕۆبێرتی لاودا دەگەڕا.

کـاتێ کـوڕی تیمـۆتی وردە وردە خـەریك بـوو گـەورە دەبـوو دەنگـی پێکـەنینی سەرتاسـەری کۆشـکی ئاسـتیبڵ فـۆردی پڕکردبـوو، پەشـیمانییەك ئـەوی ئـازاردەدا، پەشیمانییەکی بێسنور، لەنێو تەواوی ئەم گۆی زەوییەدا ڕۆبێرت تەنیا کەسێك بـوو کـە

تیمۆتی ئـارەزووی ئـەوەی دەکـرد میراتییەکـەی پێبـڕێو لەبەرژەوەنـدی ئـەو کۆتـایی پێبێـت، لەحاڵێکـدا بـەهۆی بـیرو بۆچـوونی نادروسـتی خۆیـەوە، هەرلـە سـاتی لـەدایك بوونیـەوە لـەو هـەموو میراتییـە بێبـەش کرابـوو. نەشیدەویـست جـارێکی تـر زەماوەنـد بکاتەوە. بەمشێوەیە هەموو میراتەکە بەر براو برازاکـانی دەکـەوت، کـە هـیچ نرخێکیـان لای ئەو نەبوو. لەلایەکی دی ئەو ڕەگ و ڕەچەڵەکەی کە براکەی شانازی پێوەدەکرد بـۆ ڕۆبێرت گرینگ نەبوو.

ئایـا تـەنیا ئـەو وەسـیەتنامەی یەکـەمی بـاپیرەی لابـوو؟ تـەواوی بیروهۆشـی لای وەسیەتنامەکان بوو. دوو وەسـیەتنامەی هـەبوون، ئـەو یەکـەمین وەسـیەتنامەی لەبـەر دەستدابوو، واتە ئەو وەسـیەتنامەی کـە بـەتاڵ ببـۆوە. هێـشتا لای خـۆی بـوو، هـەموو شـەوێك ئـەو کاتانـەی کەخزمـەتکارەکان لەخـەودابوون و دەنگـی داخـستنی دەرگاکـان بێدەنگی شـەوی دەشـکاند، تـاوێکی بـاش سـەیری وەسـیەتنامەکەی دەکـرد وخۆزگـەی دەخواسـت کـە ئەمـەیان دووەم وەسـیەتنامە بووایـە.سـەرەنجام لەتوانایـدا نـەما، دوای ئـەوەی شـەوێك کـە چـەندین کاتـژمێری خۆشـیی لەگـەڵ منداڵەکەیـدا بـەڕێکردو چـێژی وەرگرت، ئیدی نەیتوانی ڕۆبێرتی خۆشەویستی لە ئاینـدەدا بەهـەژاری‌و نـەداری بێنێتـە بەرچاو، هەستا بەگۆڕینی ڕێکەوتی نووسینی وەسیەتنامەی یەکەم بەدوو هەفتـە دواتـرو خستیە سـەر وەسـیەتنامەی دووەم‌و ئازایانـە وەسـیەتنامەی یەکـەمی لـەجێگای دووەم داناو ڕایگەیاند.

ئێدواردی برای بـەم هـەنگاوە بنـبڕە کـە دیـاربو زۆر لەشـێوەی خواسـتەکانی تیمـۆتی پـەتریکی پـیر دەچـێت، ڕەزامەنـدی نوانـد. هەرچـەندە ئـەویش وەك زۆر کەسـیتر لـەو دیاریکردنەی کە لە وەسیەتنامەی دووەمدا هاتبوو، سەری سوڕما، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی بـۆ ڕەتکردنـەوەی بەدەسـتەوە نـەبوو. ئـەو لەگـەڵ براکەیـدا ڕێکـەوت کـە هـەموو بەڵگەنامەکانی کە تا ئەوساتە پشتگیرکرابوون، بخەنـە لاوە، ئـەو وەك ئـەو داواکارییـەی کـە لـە وەسـیەتنامەی دوایـدا هـاتبوو، جگـە لەهەنـدێ شـتی تایبـەت‌و پەیوەسـت بـە داهاتووەوە، کە جێگەی ناڕەزایی نەبوون، وە ئایندەش پەیوەندی بە تێپـەڕینی کاتـەوە هەبوو، لەبەر ئەمە کارەکان وردە وردە ڕەوتی خۆیان بەشێوەیەکی ئاسایی وەرگرت.

چەندین ساڵ تێپەڕی، هێشتا لەڕووخساری ڕۆبێرت دا ئەو هێڵە مێژووییەی کە تیمۆتی بەدڵەڕاوکێوە چاوەڕوانی دەکرد، وەدەر نەکەوتبوو، ئەو بابەتەی کە لەوانەیە ئابڕوو و کەسایەتی بنەماڵەی پایە بڵندی ئەوانی لەکەدار کردبا.

تاسەرەنجام ئەوڕۆژەی تیمۆتی لەگەڵ یەکێ لە پزیشکە ناسراوەکانی (بادماوس) ئاشنا بو. ئەوپزیشکە ساڵانێکی زۆر ڕاوێژکارو دۆستی بنەماڵەی هاوسەرەکەی پەتریك بوو، بەڵام ئەم لەوساتەوەی کە لەگەڵ ئانیتا زەماوەندی کرد ولە ئاستیبڵ فۆرد نیشتەجێ بوو، ئەوی نەبینیبوو.

ئانیتا بەدرێژایی ماوەی ئەو چەند ساڵەی لە ئاستیبڵ فۆرد دەژیا، لەحاڵەتی پێویست ونەخۆشیدا سەردانی دکتۆری تایبەتی بنەماڵەی پەتریکەکانی دەکرد.

تیمۆتی بەڕاوێژوو گفتو گۆ لەگەڵ ئەو دکتۆرە دا، کەوتە ژێر کاریگەری زانیارییەکانیەوە، دواتر کاتێ ئەم ئاشنایەتیەیان بووە هاوڕێیەتییەکی دڵسۆزانە، دکتۆر ئاماژەی بەنەخۆشی دایك و نەنکی ئانیتا کرد، کە گیرۆدەی جۆرێك لە مالیخۆلیاو خەیاڵ ببوون... بۆ نمونە هەندێك خەونی خۆیان بەڕاست دەزانی.

تا سەرەنجام شەوێکیان دکتۆر لێی پرسی کە ئایا ئەوساتەی ئانیتا لەژیاندا مابوو ئەو هیچ هەستی بەم شتانە نەکردووە؟ دکتۆر لەسەر ئەو باوەڕەبوو تەنانەت ئەوکاتەش کە ئانیتا هێشتا شووی نەکردبوو شوێنەواری ئەم نەخۆشیانەی پێوە دیاربوو. ئەم جۆرە ڕوونکردنەوانە یەك بەدوای یەکدا گرێ کوێرەکەیان بۆکردەوەو گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە قسەکانی ئەو شەوەی ئانیتا، لەسەر بناغەی خەونو خەیاڵ بوون.نەك ڕاستی. دوای بێدەنگییەکی کورت دکتۆر گوتی: باشە کەوایە سەیری دەمی بکە! تیمۆتی ئاهێکی هەڵکێشاو گوتی: بەڵێ کەمێك ژنانە دیارە، وێکچوونێکی چاوەڕوان نەکراو.

زۆر بەسەختی دەیتوانی باوەڕ بەمە بکات، بۆوەی کە دکتۆر لەڕاستییەکان ئاگادار بێت تەواوی ڕووداوەکەی –کە تا ئەوڕۆژە جگە لەباوکی لای کەسی تر باسی نەکردبوو– بۆ دکتۆر گێڕایەوە.

دکتۆر گوتی: تۆمەتێکی لەو جۆرە لە ساتەوەختی ئازارە جەستەییەکاندا، بە دوری مەزانە ئانیتا بۆخۆی لە سەر خۆی هەڵیبەستابێ. پەتریك لێکۆڵینەوەکانی خۆی

لەلایـەکی تـرەوە دەسـتپێکرد، هەسـتا بـە بـەراوردکردنی ڕوداوەکـان و جێگاکـان و مێژووەکانیان. دەرکەوت کە قسەکانی ئانیتا ڕاست نین.

(مـارکی) لاو کەسـێك بـوو ڕۆشـنبیرو جێگـەی ڕێـز، سـاڵێك بـەر لەزەماوەنـدی ئانیتـا گەشتی کردبوو بۆ دەرەوەی وڵات، دوای مەرگی ئانیتا، ئەمجار ئـەو گـەڕابۆوە، عیـشق و خۆشەویستی ئەو کچەش بۆ ئەو، جگە لە هەستێکی پاك و خەون ئامێز، شتێکی تر نەبووە.

کاتێ تیمۆتی چۆوە ماڵێ مناڵەکە بەرەوپیری هات، هەستێکی غەمگینانەو سەیر باڵی بەسەردا کێشا، ئیدی دڵنیا بو ئەو کەسەی کە بڕیارە ڕۆژێك ببێتە میراتگری سـەروەت و سـامان و نـاوی ئـەو، خـوێنی خۆیـان لـە دەمارەکانیـدا دەگـە ڕێ. بڕیارنـەبوو کەسـێك لەڕەسەنزادان ببێتە میراتگری. ئیدی ئەو سەد لەسـەد کـوڕی خـۆی بـوو، ئـەو خەرمانـە درەوشـاوەیەی شـانازی، کـە ئـەو وایـدەزانی کوڕەکـەی لـە سـاڵانی ڕابـردوودا بـەمیرات بردووە، منداڵەکانی براکەی خستبووە ژێر تیشکی چاودێرییەوەو بـۆ هەمیـشە لەشـەڕی ڕۆبێرت ڕزگـاری بـوو، ئـەو ئیـدی نەیدەویـست ڕابـردوو ئاسـەواری سـەدەکانی ئاسـتێلاو سەرکەوتن، لەڕووخسارو چاوەکانی مناڵەکەیدا ببینێت. لەوڕۆژە بـەدواوە ڕەفتـاری ئـەو لە بەرامبەر کوڕەکەی بەساردی شکایەوە و تایبەتمەندی و ڕوخساری پەتریکـەکان وردە وردە لـە ڕۆبێرتـدا بەدیـدەکران. تیمـۆتی بۆخـۆی هەسـتی بـەم ڕاسـتییە تاڵـە کردبـوو، لەجێگەی لوتێکی باریك و قەڵەمی ئـەو تایبەتمەندییـەی کـە بنەماڵـەی (دۆکـز ئاوسـۆ تـۆ سترلەند) ی پێدەناسرانەوە، لوتە پان و فشەکەی بـاپیرە تیمـۆتی دووبـارە لەڕوخساری ڕۆبێرتی لاودا خۆی نمـایش کردبـۆوە. لـەو چاوەشـینە تێکـەڵ بـە خۆڵەمێـشییانەی کـە بێگومـان لەشـێوەی چـاوە خڕەکـانی مـامی بـوون، نـەدەکرا چـاوەڕوانی درەوشـانەوەو وێکچوونی چاوی سیاسەتمەدارانی لێ بکرێ. لەجێگای دەمێکی جـوان کـە سـەردەمانێك بـە وتارەکـانی—کـە چـاپکرابوون و بەبـەرگێکی چـەرمینەوە لەزۆربـەی کتێبخانـەکان دا دانرابوون — ئامادە بوانی هـۆڵی پەرلـەمانی سـڕدەکرد، دەم و فلّقـە مانگاییەکـەی مـامی لـەودا زینـدو ببـۆوە، کـە سـەردەمانێك بـەهۆی هەڵـەی واژۆی وەسـیەتنامەی کەسـێکی بەڕێزەوە خراپی هێنـابوو دوور خرابـۆوە بـۆ شـارێکی تـرو ناچـاریان کردبـو پاشمـاوەی ژیانی لەوێ بباتە سەر.

بـەڵام ئـەویش هـەمان گونـاهی لەبەرامبـەر وەسـیەتنامەکەدا کـردو کـاری مامـە رژدو چاوچنۆکە پیرەکەی دووبارە کردەوە. مامێك، کـە ئـەو دەیویـست تەنانـەت نێوەکەشـی لەبیر خۆی بەرێتەوە. نـاوی تعمیـدی مناڵەکـەش جۆرێـك بـوو لـەفێڵبازیو گاڵتـەجاڕی. لەبەر ئەوەی کە باسەکە لەسەر درەوشانەوەو ڕەسەنایەتییە، (ئەوشتەی کە ئەو هەرگیز نەیدەتوانی وەدەستی بێنی) دڵنیابوو لەوەی کە ئەو مناڵە سەد لەسەد منـاڵی خۆیـەتی ئەمــەش تــا ڕادەیــەکی بــاش ئــارامی دەکــردەوە، بــەڵام نەیــدەتوانی بەســەر ئــەو کێشمەکێشەی ناخی خۆیدا زاڵبێت، بۆچـی منـداڵێك کـە هـی خـودی کەسێکە نـاتوانێ بەیەکێکی ترەوە پەیوەست بێت ؟

هێندەی نەبرد (مارکی) لە هاوسێیەتی ئەوو لەئاستیبلێ فۆرد بارگـەی خـست، تیمـۆتی پەتریك دوای چـاوپێکەوتنیی، زۆر بـە وردی سـەیری ڕووخـساری دەوڵەمەندانـەی ئـەوی کرد.

ڕۆژی دواتر لەکاتێکدا کە پەتریك لە کتێبخانەکەیدا دانیشتبوو یەکێك لە دەرگای دا.

– کێیە؟

– ڕۆبێرت.

باوکی لەحاڵێکدا کە گـەرووی پـاك دەکـردەوە گـوتی: دەبـێ ڕۆبێرتێکـت لـێ دروسـت بکەم، ئەی گەنجی فێڵباز، هێندە بەسە کـە بڵێـی پـەتریك، ئـەم نـاوە سـواوەی خۆمـان بەکاربێنی ! باشتر نیە؟

لەحاڵێکدا کـە ڕۆبێـرت دەهاتـە ژووری کتێبخانەکـە، درێـژەی دایـە: باشـەپێم بڵـێ... بۆچی دەنگت لە مارکی ناچێ؟ ئەوکابرایەی دوێنێ سەردانیم کرد ! بۆچی نیگاکـانی ئـەو و ئــەو حاڵەتــە فەرمانڕەواییــەی کــە چــەندین ســەدە پیادەیــان کــردووە، لــەتۆدا بــەدی ناکرێن...ها؟

– بۆچی بابە؟ بۆچی ئەو چاوەڕوانییەت لـەمن هەیـە ! مـن چ پەیوەندییـەکم بـەوەوە هەیە؟

باوکی لەحاڵێکدا کە تووڕە ببوو ئاخی هەڵدەکێشا گوتی: ئاخ لە... بەڵام ئەتۆ دەبوو هەتبووایە.

سەرچاوە: نگاهی بە گزشتە وچند داستان دیگر

# تاقه پیاوی ماڵێ

فرانك.

ئۆ. كانەر

هـەر كـە لەخـەو هەسـتام، گـوێم لـەدەنگی كۆخـە كـۆخی دایكـم بـوو، كـە لەوسـەری چێشتخانەكەوە دەهات، چەند ڕۆژێك دەبوو دەكۆخی بەڵام من هیچ گرینگیم پێنەدابوو، ئەوكات لەكۆتایی گەڕەكی (ئالڵد یوگهال ڕۆد) دەژیاین كە تەنیا جادەیەكی گالیسكەڕۆی پڕ چاڵ و چۆڵ، ئەوێی بە (ئایست كـۆرك) وە دەبەسـتەوە. دایكـم كۆخەكـەی زۆر تونـد بوو، لیباسەكانم كردە بەرو گۆرەویم لەپێ كردوو، بە پلیكانەكاندا هاتمـە خـوارێ، بینـیم دایكـم بـەو بەیانیـە لەحاڵێكـدا كـە هـەردوو دەسـتی بـە كەلەكەیـەوە گرتبـوون و منـی نەدەبینی، بە بێتواناییەوە خۆی هاویشتە سەر كورسیە حەسیرییە بچوكەكە، ویستبووی بۆ ئامادەكردنی نانی بەیانی ئاگربكاتەوە، بەڵام نەیتوانیبوو، كە بەو هیلاكی و شەكەتیە بینیم، زۆر نیگەران بووم و باری دەروونیم ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات. بەرەو لای ڕۆیشتم و گـوتم: تەندروسـتیت چـۆنە دایـە؟ لەحاڵێكـدا كـە هەوڵیـدەدا زەردەخەنەیـەك بێنێتـە سەرلێوانی وەڵامی دامەوە: وردە وردە خەریكە باش دەبم، دارەكان تـەڕبوون دوكـەڵیان كردو توشی ئەم كۆخەیان كردم. گوتم: دایە تۆ بڕۆرەوە سـەرجێگاكەت ئـەمن ئاگرەكـە دەكەمەوە. بە نیگەرانیەوە وەڵامی دایەوە: نا نـا نابێـت مـن بۆخـۆم دەبێـت ئەوكارانـە بكەم.

گوتم: دایە بەم حاڵەوە ناتوانیت ئەم كارانە بكەیت من ئەمڕۆ ناچمە قوتابخانە، لەماڵێ دەبم و ئاگام لێت دەبێت.

: بە ڕاستی جێگای پێكەنینە ئێمەی ژن دەبێ هەمیشە گوێڕایەڵی پـانتۆڵ لـەپێكان بین، تەنانەت ئەگەر ئەو پانتۆڵ لەپێیـە منـاڵێكی تەمـەن دە سـاڵانیش بێـت. تـۆ ئەگـەر بتوانی پیاڵە چایەك بۆ خۆت ئامادەبكەیت، خەمی منت نـەبێت، باشـتر دەبم. دوای ئـەم قسانە بەلەرزە لەرز لەجێگای خۆی بڵند بوو وردە وردە بـە پلیكانەكانـدا وەسـەركەوت. لێرەدا، هەستمكرد دەبێ حاڵی زۆر خراپ بێت. لـەژێر پلیكانەكـە هێنـدێك چـڵ و چـێوی زیاترم هێنا، دایكم مرۆڤێكی دەستپێوەگر بوو، لـە بـەكارهێنانی دارو چـڵ و چـێوەكاندا هەوڵیـدەدا دارو بـاری كـەمتر بـەكار بێنـێ، هـەر لەبـەر ئەمـەش نـەیتوانیبوو ئاگرەكـە

بکاتەوە. ئـەمجارەیان خـۆم زۆرم هێنـا، زۆر بـەخێرایی گـڕی ئاگرەکـە بڵێـسەی سـەند، کتریە ئاوێکیش لەسەر ئاگرەکە دانرابوو، هەر کە تەواو بووم کـولێرە بـەرۆنم بـۆ ئـەویش دروستکرد.

ئەمن بۆخۆم سێ ژەمە لە کولێرە بێزار نابم بەتایبەت کە بەرۆنە کـەرە چـەور کرابـێ. نانی بەیانیم لەسەر سینیەك داناو بۆیم بردە سەرێ، پرسیم: چیتر ماوە بیکـەم دایکـە ؟ لەحاڵێکدا کەچاوی بڕیبووە جێگایەك پرسی: کتریەکە ئاوی گەرمی تێدا ماوە؟ ئەم چایە زۆر بەڕەنگە. هەوڵمدا منیش وەك قەدیسەکان کە توانای دان بە خـۆداگرتن و ئارامییـان لە بەرامبەر ڕەنج و ئازارەکاندا، لـەڕادە بـەدەرە، ئـارام و خـۆڕاگر بم، بـە خۆشـحاڵیەوە پێشنیارەکەیم قبوڵ کردو گوتم: باشە دایە نیوەی دەڕێـژم ئەمـە کەمتەرخـەمی منـە کـە بیرم چۆتەوە تۆحـەزت لـە چ جـۆرە چـایەکە، دایـەپێم باشـە کـاتێ دانیـشتوویت شـتێك بەخۆتا بدەیت، دەتەوێ پەردەکە دادەمەوە؟ لە کاتێکدا ئاهی هەڵدەکێـشا گـوتی: منـی پیر بوومەتە بارگرانی، ئاگات لەخۆت بێت خۆت نەسوتێنی. گوتم: نـا دایـە خـۆم دەزانم چ دەکەم، دوایە دێمەوە تا ئەو کارانەی ماون بیانکەم.

نانی بەیانیم بەتەنیا و لە بەردەم پەنجەرەکـە خـوارد. دواتـر چـوومە دەرێ و سـەیری ئەو منداڵانەم دەکرد کە خەریك بوون دەچوونە قوتابخانە. کاتێ کـە منداڵـەکان چـاویان بەمن کەوت هاواریان کرد: هێی سالیڤان باشترە پەلەکەیت دەنا دوایە لێدان دەخۆیت.

: ئەمڕۆ نایەم، دایکم نەخۆشە، دەبێ لە ماڵەوە بم و ئاگام لێی بێت. گەرچی منـاڵێکی بەخیل نەبووم بەڵام پێم خۆش بوو ئەو ئەو باروودۆخەی بۆم رەخسا بوو، بۆ ئەوانی باس بکەم و سوێیان بدەمەوە. کتریەکی تر ئاوی گەرمم ئامادە کردو قاپو قاچاغەکانی نـانی بەیانیم کـۆکردەوەو دەمو چـاوی خـۆمم شوشـت و بـە قەڵـەمو کاغـەزو زەمبیلەیەکـەوە گەڕامەوە لای دایکم و پێیم گوت هەرچیەکی پێویستە بـۆم لەسـەر ئـەو پارچـە کاغـەزە بنوسێت.

– دایەپێم باشە بانگی دکتۆر بکەم.

– ئـۆو نـا ! دکتـۆر تـەنیا ڕەوانـەی نەخۆشـخانەم دەکـا، مـن چـۆن دەتـوانم بـچمە نەخۆشخانە، باشترە داوا لەو دەرمانسازە بکەم شوشەیەك شروبی وزەبەخشی سـینگم بداتێ.

گوتم: دایه گیان بینوسه، دەترسێم لەبیرم بچێتەوە، بە تایبەتی وشەی وزەبەخش بە گەورەیی بنوسە.

بۆ نانخواردن چیت پێویستە؟ هێلکە باشە؟ دەشمزانی لە هێلکە زیاتر هیچی تر پێ ئامادە ناکرێت، بەڵام دایکم پێی گوتم سۆسیجیش بکڕم دواتر هەر کە برێك تەندروستی باشتر بوو، بۆخۆی ئامادەی دەکات.

لە ڕێگادا بەلای قوتابخانەکەمدا تێپەڕیم، گردێك بەرامبەر قوتابخانەکە بوو، ماوەیەکی زۆری خایاند تا وەسەرکەوتم، نزیکەی دە دەقیقە بە ئارامیەوە لەوێ ڕاوەستام. بینای قوتابخانەکە بەدیواری حەوشەو دەرگاکەیەوە وەك تابلۆیەك دەهاتە بەرچاوان. تەریك و بێ دەنگ. تەنیا لەنێو پەنجەرەکانەوە دەنگی سرودو نیگای کورتی مامۆستا (دانی دلانی) بوو کە بە تێپەڕینی بەردەم دەرگای چوونە ژوورەوەدا لەحاڵێکدا کە داردەستەکەی لەپێش خۆیەوە گرتبوو، ئەم بێدەنگیەی دەشکاند. دڵم دەیویست تەواوی ئەو ڕۆژە لەوێ ڕاوەستم، یەکێ لەڕۆژە خۆشەکانم بوو. کاتێ گەڕامەوە ماڵێ خێرا بە پلیکانەکاندا وەسەرکەوتم خاتوو (مینی ڕایان) م بینی لەتەنیشت دایکم دانیشتبوو، ژنێکی وەنێو کەوتو و قسەزان و لەهەمانکاتیشدا زۆر پەیوەستی بیرو باوەڕی ئاینی خۆی بوو.

گوتم: چۆنی دایکە؟ لە کاتێکدا کە زەردەخەنەی بەسەر لێوەوە بوو وەڵامی دامەوە: باشم کوڕم زۆر باشم. خاتوو ڕایان ڕووی لەدایکم کرد وگوتی: لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا نابێ ئەمڕۆ لە جێگاکەت بێیتە دەرێ. منیش گوتم ئێستا چایەکتان بۆ ئامادە دەکەم. خاتوو ڕایان گوتی: ئەوە کاری منە منیش گوتم: دڵنیابە بەجوانی ئامادەی دەکەم. دواتر گوێم لێ بوو ڕوویکردە دایکم و بەهێواشی گوتی: چ منداڵێکی ژیرە! وەنیە؟ دایکم وەڵامی دایەوە: هێندە باشە... دەڵێی زێڕە؟ خاتوو ڕایان گوتی: ئێستا منداڵی باش کوا ماوە؟ زۆربەی زۆریان لەجێگەی ئەوەی مەسیحیەکی باش بن، ئاژەڵن.

دوای نیوەڕۆ دایکم سوور بوو لەسەر ئەوەی بۆخۆم بچمە دەرێ و یاری بکەم. بەڵام من زۆر دوور نەکەوتمەوە دەمزانی ئەگەر زۆر دوورکەومەوە بۆی هەیە ون بم.لەخوار ماڵمانەوە گوزەرگایەکی تەسکی لێبوو. گۆڕەپانی مەشقی سەربازەکان کەوتبووە سەرووی گردە بەتاش و بەردە گەچینەکانەوە. لەخوارێ، لەنێو دۆڵە قوڵەکەدا ئاسیاوێك

هەبوو، ئەو ئاوەی کە بەنێو دۆڵەکان و بەنێوان گردۆڵکە پڕدارو بارەکانەوە دەهات کاری پێدەکرد. لێرەوە دەتتوانی چیاکانی ڕاکیز، هیمالایا و بەرزاییەکانی لیندز... بێنیە بەرچاوی خۆت. ئەمە بەستراوەتەوە بەحەز و ئارەزوی خۆتەوە. من حەزم لێبوو کە دنیای دەرەوە فەرامۆش بکەم. دوور لەماڵێ، لەسەر دیوارێك دانیشتم. هەر نیو کاتژمێر جارێك سەرێکم لەماڵەوە دەدا تا ئاگاداری تەندروستی دایکم بم و چی پێویست بێت، بۆی بکەم، هەر کەدنیا برێك تاریك داهات، چرای شەقامەکان داگیرسان، مناڵە ڕۆژنامەفرۆشەکە، بەدەم بانگ کردنی فرۆشتنی ڕۆژنامەکانیەوە، ئەمسەر ئەوسەری شەقامەکەی دەکرد، ڕۆژنامەیەکم کڕی. چرایەکم لەچێشتخانەکەو مۆمێکیشم لە ژوورەکەی دایکم داگیرساند هەوڵمدا ڕۆژنامەی بۆ بخوێنمەوە، بەڵام کارەکەم سەری نەگرت، تەنیا دەمتوانی وشە سادەکان بخوێنمەوە، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی هەوڵی دایکم کە دەیویست خۆشحاڵم بکات و هەوڵی منیش بۆ ئاسوودە کردنی ئەو، کێشەکە کۆتایی هات و بڕایەوە.

ئەوشەوە، جارێکی تر خاتوو ڕایان سەری لەدایکمدا لە کاتی ڕۆیشتنیدا ئەوساتەی کە بەڕێم دەکرد ڕووی تێکردم و گوتی: پێم باشە گەر تا سبەی تەندروستی باشتر نەبێت، دکتۆرێکی لێ ئاگاداربکەینەوە. بە ترسەوە پرسیم: بۆچی؟ تۆ هەستت پێ کردووە خراپتر بووبێت ؟ وەڵامی دایەوە و گوتی: ئۆو نا من وانالێم، بەڵام دەترسێم توشی (زات الریە) بووبێت. پرسیم: ئایا دکتۆر ڕەوانەی نەخۆشخانەی دەکات؟ خاتوو ڕایان لەکاتێکدا کە شاڵەکۆنەکەی لەخۆی وەردەپێچا، شانێکی هەڵتەکاندو گوتی: پێم وانیە، بەڵام ئەگەر واش بێت، لەوە باشترە نەخۆشیەکەی بە هەند نەگرین. ئەرێ دەبێ لە ماڵی ئێوەدا هێندێك ویسکیمان دەست نەکەوێت؟ ئەگەر بکرێ هێندێك ویسکی کوڵاوی بە ئاولیمۆ دەرخوارد بدەین، لەوانەیە زۆر یارمەتی چاکبوونەوەی بدات. پێم گوت هەرچۆنێك بێت پەیدای دەکەم. من دەمزانی (زات الریە) چ لە مرۆڤ دەکاو دواتریش چ پەندێك بەسەر منداڵەکانیاندا دێنێ. دایکم گوتی پێویست بە ویسکی ناکات. زانیم ئەم قسەیەی لەبەر گرانی نرخەکەیەتی. بەڵام هێند لەو قسەیە ترسا بووم نەمدەتوانی بە ئاسانی دەست لە پەیدا کردنی ویسکی هەڵگرم. کاتێ چوومە ژووری فرۆشگایەکی تایبەت بەخواردنەوە، بینیم پڕبوو لەخەڵك، کە بینییان دەمەوێ بچمە لای خاوەنەکەی،

ڕێگایـان بۆکردمــەوەو خۆیـان لادایــە لاوە. زۆر ترســام، چـونکە پێـشتر هــەرگیز ڕێـم نەکەوتبووە هیچ مەیخانەیەك. یەکێکیان زەردەخەنەیەکی تەوساوی کردو گـوتی: هـا! هاوڕێی دێرینە! دە ساڵ دەبێ یەکترمان نەدیوە. ئێستا پێم بڵێ کێشەت چیە؟

جارێکیـان بـاب کـانێڵی هـاوڕێم پێـی گوتبـووم ڕۆژێکیـان داوای نیـو کـراون پـارەی لەسەرخۆشێك کردووە کابراش یەکسەر پارەکەی دابـووە دەسـتی. لـەو ڕۆژەوە منـیش هیوایەتم بوو کارێکی لەو چەشنە بکەم. بەڵام لەم کاتەدا ئارەزووم لەوە نەبوو. گوتم نیو پەرداخ ویسکیم دەوێ بۆ دایکم. کـابرا هـاواری کـرد: ئـەی هـەرزەی درۆزن، سـەیرکە! دایکی دەکاتە بیانوو، ئەو ڕۆژە بینیم هێندەی خواردبۆوە ناچار بووم بە کۆڵ بیبەمـەوە ماڵێ. بەدڵێکی شکاوەوە هاوارم کرد: من نەبووم. بۆ خۆمم نیە، بۆ دایکمـم دەوێـت، زۆر نەخۆشە.

ژنێك کە دیاربوو کارمەندی بارەکەیە هات بۆ یارمەتی من. واز لەو منداڵە بێنـە جـانی. کاتێ کەپەرداخە ویسکیەکەی دایە دەستم، بە ترسەوە لەوێ دوورکەوتمەوە و بـەرەولای فرۆشگایەکی تر بۆ پەیداکردنی لیمۆ هەنگاوم هەڵێنا. دایکم دوای خواردنـەوەی ویـسکیە گەرمەکە یەکسەر خەوی لێ کەوت. منیش چراکانم کوژانـدەوەو چـوومە سـەر جێگاکـەم، بەڵام خەوم لێ نەدەکەوت. خەفەتم لەوە دەخـوارد نـەمتوانیبوو داوای پـارە لـەو پیـاوە سەرخۆشە بکەم. شەو چەندین جـار بـەدەنگی کۆخـەی دایکـم لەخـەو ڕاپـەڕیم، چـوومە ژوورەکـەی، دەسـتم خـستە سـەر نێوچـەوانی، سـەری زۆر گـەرم، قسەکانیـشی لێـڵ و ناڕۆشن بوون، کاتێ هەستم کرد نامناسێەوە، زۆر ترسام. خەوم لێ نەکەوتـەوەو کەوتمـە بیرکردنەوە لەوەی ئەگەر دایکم ( زات الريه)ی بێت ئـەمن چـیم بەسـەردێ؟ ڕۆژی دواتـر ئەو ترسەم زیاتر بوو کە بینیم چ ئـاڵو گـۆڕێکی ئـەوتۆ لـە تەندروسـتیدا پێکنـەهاتووە. ئەوەی کە لەدەستم هاتبوو، کردبووم، ئیدی زۆر ماندوو و شەکەت ببووم.

ئاوم گەرم کرد، نانی بەیانیم ئامادە کرد، بەڵام ئەمجارەیان حەوسەلەی ئـەوەم نـەبوو بچمە دەرێ بۆ سەیری منداڵەکان کەخەریکبون بەرەو قوتابخانە دەچـوون، ئـەمجارەیان مەیلی ئەوەم تیا نەمابوو بچمە دەرێ و سوێیان بدەمەوەو هەسـتی ئێرەییـان لا ببـزوێنم بەپێچەوانەوە چوومە لای خاتوو ڕایان تـا لەسـەرەنجامی تەندروسـتی دایکـم ئاگـاداری بکەمەوە. ئەو گوتی دەبێ دکتۆر ئاگادار بکەینەوە تا خـەیاڵمان ئاسـودە بێـت و پاشـان

نـەڵێین بۆچـی دکتۆرمـان ئاگـادار نـەکردەوەو ئـازاری پەشـیمانی نەچـێژین. ئـەمن دەبووپێشترچوبامەخانەی بێنەوایان تا پشتگیریەك لەوێوە بێنم، لەبەرئەوەی دەرۆستی کڕینـی دەرمـان نـەدەهاتین. بـەرەو ئـەو دەرمانخانـەی کـە لەبەشـی پێـشەوەی قوتابخانەکەوە بوو، وەڕێکەوتم. دەبوو دواتر بگەڕێمەوە تا ئامادەکاری بۆ هاتنی دکتـۆر بکەم،کە بڕیاربو بێتە ماڵێ. دەبوو تەشتێك ئـاوو سـابوون و خاولیـەکم دانابـاو هـەروەها خواردنیـشم ئامـادە کردبـا، دوای نـانخواردن دکتـۆر پەیـدا بووپیـاوێکی قەڵـەوی دەنـگ گەورە بو، وەك هەموو دکتۆرەکانی تر کـەزۆر شـانازی بەپیـشەکەی خۆیانـەوە دەکـەن وپێیەوە دەنازن. بۆخـۆی لـەوە بـەداخ بـو کـە قـەدری خـۆی نـەزانیوە و دەبـوو ئێـستا سەرکەوتووترین دکتۆری (کۆرك) بێت، دەتگوت تا ئەو بەیانیە بەخۆی نەزانیوە.

لەحاڵێکدا کە لەتەنیشت جێگـا خەوەکـەی دایکمـەوە دانیـشتبوو ڕەچێتەکەی لەسـەر ڕانی دانابوو، پرسیاری کرد: باشە ئێستا دەتەوێ ئەم شروبە لەکوێ پەیدا کەیت؟ تـەنیا جێگایەك کە ئێستا کراوەیە، دەرمانگای بـاکوورە. زۆر خۆشـحاڵ بـووم لـەوەی دایکمـی ڕەوانەی نەخۆشخانە نەکرد، گوتم: ئەوە دەڕۆم دکتۆر. بـە شـك و گومانـەوە سـەیرێکی کردم و گوتی: ڕێگەیەکی دوورە، دەزانی لەکوێیە؟ گوتم دەیدۆزمەوە دکتۆر...

ڕووی لە دایکم کـردو گـوتی: چـەندە منـداڵێکی میهرەبـان و ژیـرە. دایکـم لـە وەڵامـدا گوتی: ئا... باشترین منداڵە دکتۆر...باشترین منـداڵی دنیـا... ئەگـەر کچیـشم هەبووایـە پێم وانیە هێندەی ئەو چاك بووایە. دکتۆر گوتی: ڕاستە. دواتر ڕووی لە من کردو گوتی: جوان چاودێری دایکت بکە باشە! ئەو هەموو کاتێ پشت و پەنای تۆیـە. بەداخـەوە ! تا لەژیاندان بایەخی گـەورەییان نـازانین، بـەڵام کاتێـك جێیانهێـشتین، ئەوسـا تەمـەنێك خەفەتیان لێ دەخۆین. حەزم دەکرد ئەو ڕستەیەی نەگوتبا، بـارودۆخێکی خـراپم هـەبو، ئەویش بەو قسەیە، هێندەی تر پەرێشانی کردم.

لەهـەمووی خـراپتر ئـەو سـابوون و خـاولی و تەشـتەی کـە بـۆیم هێنـا بـوو کـەڵکی لێ وەرنەگرتبوون و دەستی لێ نـەدابوون. دایکـم دووبـارە ڕێگـەی دەرمانگاکـەی بـۆ ڕوون کردمەوە. بە بتڵێکەوە کە لەکاغەزێکی خۆڵەمێشییەوەم وەرپێچابوو لەبن هەنگڵم نابوو، وەڕێکەوتم.

ئەو جادەیەی بەرەو گردەکە دەچوو، بە نێوان گەڕەکە بەئاپۆڕەو هەژار نشینەکاندا تا نزیك سەربازگەکە، کە لەو بەرزاییەوە بەسەر شاردا دەیڕوانی، درێژ دەبۆوە. دوای شۆڕ بوونەوە بەو لێژاییەدا بە نێوان دیوارە بەرزەکاندا دەچوٚ پێش، کەلایەکی خانووی فەرمانگەو ڕێکخراوەکان بوو کە بەخشتی سوور دروست کرابوون و لەوێشڕا بە سەرەو لێژێکدا دەچۆوە سەر دەریاچە چکۆڵەکەی نێو دۆڵەکە. کارخانەی بیرە دروستکردن لەوێبوو، بەرامبەر بنارەکە. خانوو گەلێکی لەشێوەی شانەی هەنگوین دروستکراو، تا سەرگردەکە درێژ دەبوونەوە. لەو جێگایە، بوورجی بەردینی ڕەنگ ئەرخەوانی کڵێسا و ستونی ئاهەکی کڵێسای شاندۆن، دەهاتنە بەرچاوان. ئەم تابلۆیە هێندە جوان وبەرفراوان بوو کە نەدەکرا لەهەموو لایەکەوە ڕووناك بێت و تیشکی خۆر هەر وەك بەسەر دەشتێکدا بدرەوشێتەوە، بەسەریەوە سەرگەردان بوو. ڕووناکیی خۆر سەرتاپای ڕیزە مالێکی وەك بەفر سپی و ڕوون دەکردەوە، پاشان قولایی هێندێك لە گەڕەکە تاریکەکان، سێبەری بارکێشەکان و ئەو ئەسپانەی کە وەسەر هەورازەکان دەکەوتن، دەخستنە بەرچاو. پالم دابوو بەدیوارێکی نزمەوە، زۆر بەو دیمەنە سەر سام ببووم، بیرم لەوە دەکردەوە ئەگەر هاتباو مرۆڤ کێشەی نەبا، چەندە چێژی لەم دیمەنانە وەردەگرت! بەداخەوە لەو دیمەن و تابلۆ جوانانە وەدوورکەوتم، بێ ڕاوەستان وەسەر گردەکە کەوتم بەو پلیکانانەی کە دەچوونەوە سەر کۆلانە تاریکەکانی پشتی کلێساکە، وەسەرکەوتم لێرەوە کلیسایەکی بە شکۆ دەبینرا. تەنیا یەك پەنی پارەم پێبوو کە دایکم وەك دلخۆشیەك دابووی پێم. بڕیارمدا کاتێ کارەکەم تەواو کردو گەڕامەوە لادەمە کلیساکەو مۆمێك بکڕم و بۆ مریەمی پیرۆزی داگیرسێنم، تا زووتر دایکم لەم نەخۆشیە ڕزگار بکات و شیفای بۆ بنێرێ، چونکە دلنیا بووم لەوەی کە کلیسایەکی ئاوا بە شکۆو بلند، کە زۆر لەئاسمانەوە نزیکترە، نزاوپاڕانەوەم زووتر گیرا دەبێت. دەرمانگاکە ڕاڕەوێکی تەسك و تروسك و پیس بوو کە لەلایەکەوە نیمکێتێك و لە کۆتاییەکەشی پەنجەرەیەکی چکۆلە هەبوو وەك ئەوانەی لە وێستگەی شەمەندەفەر بۆ فرۆشتنی بلیت کەلکیان لێ وەردەگیرێ. کچوڵێك بە شالێکی سەوزەوە لەسەر نیمکێتەکە دانیشتبوو. بەدەست دەنگێکم لە پەنجەرەکەوە هێنا. پیاوێکی بودەلەی ناشیرین کە تووڕە دیاربوو هات وپەنجەرەکەی کردەوە. بەرلەوەی قسەکانم تەواوبکەم ڕەچێتەو بتلەکەی لەدەستم

ڕاپسکاندو پەنجەرەکەی بەتوندی داخستەوە. ماوەیەك چاوەڕوانم کردو دووبارە دەستم بە نیازی ئاگادارکردنەوە بۆ پەنجەرەکە بەرز کردەوە. دەنگی کچەکە لەوێڕا بەرز بۆوە: دەبێ ئارام بگری کاکە چکۆڵ.

پرسیم: لەبەرچی دەبێ ئارام بگرم؟

وەڵامی دایەوە: دەبێ بێیت و لێرە دانیشی تا شروبەکەت ئامادە دەبێ، خەڵکی کوێی؟ ئەم شروبەت بۆ کێیە؟ منیش پێم گوت لە (بلارنی لین) دەژیم و شروبەکەشم بۆ دایکمە.

– دایکت چیەتی؟

گوتم نەخۆشەو کۆخەیەکی قورسی هەیە. کچۆڵەکە لەکاتێدا کە ڕۆچووبووە نێو بیرکردنەوەو سەری بادەدا، گوتی: لەوانەیە توشی نەخۆشی سیل بووبێت، هەمان ئەو نەخۆشیەی پار دوچاری خوشکەکەم بوو سەرەنجام کوشتی.

منیش ئەم شروبەم بۆ خوشکێکی ترمە، شروبی وزەبەخشە، دەبێ بەردەوام لەو شروبە بخوات، باشە پێم بڵێ ئەوجێگایەی لێی دەژین خۆشە؟

منیش باسی گەڕەکەی خۆمانم بۆ کرد، ئەویش سەبارەت بەو دەریاچەیەی لەنزیك گەڕەکەکەیان بوو قسەی بۆ کردم. ڕاستی دەکرد پێدەچوو گەڕەکەکەی ئەوان لە وەی ئێمە خۆشتر بێت.

کچێکی شادو زۆرزان بوو من ماوەیەك ئاگام لێی بڕاو دواتر بە بتلێکی سوورەوە هاتە دەرێ و لەو ساتەدا دەنگی کابرای بەدفەساڵ بەرزبۆوە: بیگرە. دواتر پەنجەرەکەی داخستەوە. لە کاتێکدا کە هەڵدەستایە سەرپێیان گوتی: ئەوە هی منە و دواتر ڕووی کردە من و گوتی ئەوەی تۆ هێندێکی تری پێدەچێ، چاوەڕێت دەکەم تا شروبەکەی تۆش وەردەگرینەوە.

بە سینگ دەرپەڕاندنەوە گوتم: یەك پەنی پارەم پێیە. ئەو چاوەڕوان مایەوە تا شروبەکەی منیش تەواو بوو دواتر پێکەوە بە پلیکانەکاندا هاتینەخوارێ تا گەیشتینە ئەو کارگەیەی کە بیرەی لێ دروست دەکرا. لە سەر ڕێی خۆمان بایی یەك پەنی ئاو میوەم کڕی. دواتر لە نزیك فێرگەی پەرستیاری، لەسەر پلیکانەکان دانیشتین تا شرینیەکانمان بخۆین. زۆر خۆشمان دەگوزەراند، کلێسا بەو پایەو ستونە بەردینەیەوە

لەپـشتمانەوەو لەسـێبەری ئـەو درەختانـەی کـە سـەر دیوارەکـەیان داپۆشـیبوو خـۆرە تـاویش بـەو تیـشکە زێڕینـەوە سـێبەری تێـك ئاڵقـاوی ئێمـەی لەسـەر جادەکـەنمایش دەکردەوە. کچە گوتی: لێمگەڕێ هێندێك لەو شروبەی تۆ بخۆم ؟ منـیش گـوتم: باشـە ئەدی بۆ لەوەی خۆت ناخۆی؟ وەڵامـی دامـەوە: ئـەوەی مـن زۆر بـێ تامـە، شـروبە وزە بەخشەکان زۆر بەتام و خۆشن. ئەگەر حەزت لێیـە تـاقی بکـەرەوە؟ یـەك سـەرقاپم لـە شروبەکەی ئەو کردە دەممەوەو بێ دواکەوتن تفم کـردەوە، ڕاسـتی دەکـرد زۆر بـێ تـام بوو. بەڵام ئیدی هیچ چارم نەمابوو جگە لـەوەی منـیش لـە شـروبەکەی خـۆمی بـدەمێ. دوای ئەوەی کە سەرقاپێکی خوارد گـوتی: زۆر خۆشـە. شـروبی سـینگ هـەموویان ئـاوا خۆشن. ئەگەر باوەڕناکەی تاقی بکەرەوە. منیش بـە قـسەیم کـردو سـەرقاپێکم خـوارد. ڕاستی دەکرد زۆر شیرین وخۆش بوو. لە کاتێکدا کە بتڵەکەی لەدەسـتم ڕادەپـسکاند، بە شڵەژاوییەوە گوتی: لێم گەڕێ یەك سەر قاپی تر بخۆمەوە. گوتم: ئاخر تـەواو دەبـێ. بە پێکەنینەوە گوتی: نا نا تەواو نابێ ئەو هەمووە ماوە.

بەهـەرحاڵ نـەمتوانی پێـشی پێبگـرم. خـۆمم بیرچـوبۆوە، خـۆم لـە دوونیایـەکی تـر بینیبۆوە، فرینی پایەو ستوون و بوورجەکان، درەختـەکان، پلیکانـە درێـژەکان، کۆڵانـە نیمچە تاریکەکان و کچانی قژ سوور و چاوشین، هێندێکی ترم خواردەوەو بتڵەکەم دایـە دەستی ئەو. وردە وردە ترسم لێنیشت... ئـای خـوای گـەورە شـروبەکە خەریکـە تـەواو دەبـێ ! ئـەدی چ بکـەم ؟ کـچە وەڵامـی دامـەوەو گـوتی: تـەواوی بکـەو لـە مـاڵێ بڵـێ سـەرەکەی بـەربۆوەو ڕژا. لـەم سـاتە دا ئـاوازی دەنگـی گـۆڕانی بـە سـەردا هـات و زۆر دڵخۆشکەر بوو. شروبەکەمان پێکەوە تەواو کرد. کاتێ سەیری بتڵەکەم کرد بینیم هیچی تیا نەماوە، وەك ئەو ساتەی کە لە مـاڵێڕا هێنـام. بەڵێنەکـەی خـۆمم بیرهاتـەوە کـە بـە مریەمی پیرۆزم دابوو. سەیرمکرد بەو پارەیەی کە بڕیارم بوو مۆمی پێ بکڕم، ئاو میوەم کڕیبـوو، بـێ هێـزی و خـەم سـەراپای جەسـتەی داگـرتم. هـەموو شـتێکم لـەڕێی ئـەو کچۆڵەیەدا، لەدەسچو، لەحاڵێکدا ئەو هیچ گرینگی پێنەدەدام. ئەوە شوشـە شـروبەکەی مـن بـوو هەسـتی چڵێـسی ئـەوی بزوانـدبوو، بـەڵام بەداخـەوە زۆر درەنـگ هەسـتم بـەم مەبەستەی کـرد. سـەرم خـستە نێـو دەسـتانم، دەسـتم کـرد بـە گریـان ئـەویش بەسـەر سووڕمانەوە سەیری دەکردم و گوتی: ئەوە لەبەر چی دەگری؟

گوتم: چۆن نەگریم، دایکم نەخۆشەو ئێمەش هەموو شروبەکەیمان خوارد. نیگایەکی کردم و گوتی: ئەوەندە مشەمش مەکە، ئەوەندە بەسە کە بلێی سەر قەپاغەکەی بەربۆوەو ڕژا. ئەمەش لەوانەیە بۆ هەمووان بێتەپێش. گەڕامەوە لای و هاوارم کرد ئەمن بەڵێنم بە مریەمی پیرۆز دابوو مۆمی بۆ داگیرسێنم. کەچی پارەی مۆمەکەم دەرخواردی تۆدا.

لەکاتێکدا سەرقاپی بتڵەکەم توند دەبەستەوە، بەگریانەوە خۆمم لە دەست ڕزگار کردو بەرەو جادەکەپێم هەڵگرت. ئیدی تەنیا ئومێدم بەموعجیزەیەك بوو کەلەم کێشەیە ڕزگاری دەکردم. گەڕامەوە کڵێسا، لەکاتێکدا کە لەبەردەم میحرابی مریەمی پیرۆز چۆکم دادابوو، سەبارەت بەو مۆمەی، کە بەڵێنم پێدابوو، داوای لێبوردنم کرد، وە بەڵێنمدا هەر کاتێكٍ پارەم هاتەوە دەست، مۆمی بۆ بکڕم و ئەویش لە بەرامبەردا هەر کەگەیشتمەوە ماڵێ شیفای دایکم بدات. دواتر بە دوودڵیەکی زۆرەوە بەرەو ماڵێ گەڕامەوە.

وردە وردە دنیا تاریك دەبوو. تەواوی گردەکەو دەورووبەری نائاشنا دەهاتنە بەرچاوانم. وامدەزانی کە دوایین ساتەکانی ژیانم خەریکە دەگات. بیرم کردەوە مردنم خۆشترە.

کاتێ گەڕامەوە ماڵێ بینیم ماڵ بێ دەنگ و خامۆش و زۆپا دانەگیرساوە، زانیم کە مریەمی پیرۆز خواستەکانی جێبەجێ نەکردوم، هەواڵێك لە موعجیزە نەبوو، دایکم هێشتا لەجێدا کەوتبوو. کاتێ بەسەر ئەوحاڵەدا هاتمەوە، بەدەنگی بەرز دامە پرمەی گریان. دایکم کە لە ئاوازی دەنگی ڕا دیاربوو زۆر ترساوە لەسەرێرا بانگی کرد: چ بووە کوڕم ؟ دایە... شوشە شروبەکەم ونکرد. بە پلیکانەکاندا چوومە سەرێ، خۆم گەیاندە سەر جێگاکەی دایکم و ڕوخسارم لەنێو سەرچەفەکەی دا شاردەوە. لەکاتێکدا دەستی بەسەردا دێنام گوتی: چیە پێم بڵێ شتێکی تر هەیە کە پێویست بێ بیزانم ؟ چەندە گەرم داهاتووی ! بەگریانەوە گووتم: دایە خۆم شروبەکەم خوارد.

: ئای منالی بێچارە، چ بەڵایەکت بەسەرخۆتدا هێناوە ! کەمتەرخەمی خۆمبوو کە تۆم ڕەوانەی ئەو ڕێگا دوورە کردو ئەو هەموو هاتن و چونەش بێ سوود بوون ! جل و بەرگەکانت داکەنەو لێرە لای من ڕاکشێ.

ئەو هەستاو سۆلەکانی لەپێکردو چاکەتەکەی کردە بەرو دواتر کەوتە شلکردنەوەی قەیتانی پێڵاوەکەم هەروا کە لەتەنیشت جێخەوەکەی ئەوەوە دانیشتبووم هێشتا قەیتانەکەی نەکردبۆوە خەوم لێکەوت. نەمزانی کەی دایکم جل و بەرگەکانی لە بەرکردو کەی ڕۆیشت. تەنیا جارێك هەستمکرد یەکێك دەستی خستۆتە سەرتەوێڵم. چاوم کردەوە بینیم خاتوو ڕایانە بەسەرمدا نوشتابۆوەو سەیری دەکردم. شاڵەکەی لە خۆیەوە وەرپێچاو گوتی: هیچ نیە، لێی گەڕێ با بنوی٬، سبەی چاك دەبێتەوە. بەڵام ئەتۆ بڕۆرەوە سەرجێگاکەت خانم، ئەتۆی کە پێویستت بەپشودانە. بەم بڕیارەی خاتوو ڕایان زۆر نیگەران بووم، بەڵام هیچم لەدەست نەدەهات. دواتر دایکم بەمۆمێك و ڕۆژنامەیەکەوە هاتە لام، سەیرێکی ڕوخساریم کردو پێکەنیم. بەخەندەیەك وەڵامی پێکەنینەکەی منی داوە.

لێ گەڕێ لە خانمی ڕایان چۆنی دەوێ با ئاوا بڕیار لەبارەی منەوە بدات.بەڵام کەسانێکی تریش هەبوون کە بەشێوەیەکی تر بیریان دەکردەوە... سەرەنجام موعجیزەکە ڕووی دا...

سەرچاوە: نگاهی به گزشته و چند داستان دیگر .

# بزانە تەقە لە کێ دەکەی

هانس دومەنەگۆ

خەڵکی شاری (وێستشات)ی هەڵکەوتوو لە ڕۆژئاوا هەموویان لەو بارەوە کۆك و هـاوڕا بوون کە ئەو هەرگیز بە کەڵکی ئەوان نایەت. بە پێخواسی و کۆڵە پـشتێك و گیتارێکـەوە هاتبۆ ئەوێ، هەر بەم شێوەیەش هاتبووە کونسوڵخانە چۆڵەکە، کلیلەکەشی لابوو.

(لە کوێی هێنا بوو؟)

(کلیلی خانوی کونسوڵخانە؟)

(بەڵام، ناتوانێ....)

بەردەوام سەرگەرمی لێدانی گیتار بوو، لە گەڵ ئـەو منداڵانـەی کـە دەوریـان لێ دابـوو پێدەکـەنی و زەردەی دەهاتــێ. بــەڵام منداڵــەکان وەڵامــی زەردەخەنەکــەی ئــەویان نەدەداوە، گەنج بوو، ڕیشێکی ڕەشی هەبوو. ژنان بانگی منداڵەکانی خۆیـان دەکـردەوە کە لە دەوری وی کۆبببوونەوە.

(قەت مرۆڤتان نەدیوە؟)

(خۆ ئێمە نایناسین !)

(تۆش قسەت لە گەڵیا کرد؟)

جارێکیـان منـداڵێکی تەمـەن سـێ سـاڵ کـە دایکـی بـانگی نـەکردبۆوە، لای پیاوەکـە مایەوەو بوێری ئەوەی پەیدا کـرد دوو هـەنگاو زیـاتر بـچێتە پێـشێ و دەسـتی بـۆ تـەلی گیتارەکە درێژ بکات و زرینگەی لێوە بێنێت.

کابرا گوتی: بە هێزتر.

منداڵەکە تەلەکەی بەردا. دەنگێکی گـەورەو بـەهێزی لێوەهـات. هێـشتا دەنگـی تـەلی گیتارەکە نەبڕابۆوە دایکی بانگی کردەوەو گەڕایـەوە لای دایکـی و ئـەویش لـە باوەشـی کردو لەنێوان هەردوو دەرگای ماڵەکەیان کە هەر لەو نزیکانە بوو، ونبوون.

کابرا سەر لە بەیانی ڕۆژی دواتر لەماڵ هاتـە دەرێ، دەرگاکـەی داخـست و بـەرەو لای چیمەنەکە وەڕێکەوت. منداڵێکی تەمەن حـەوت سـاڵ کـە نێـوی دانێـل بـوو، بـە خـۆی و تفەنگەکەیەوە لەوێ بوو. تفەنگەکەی لـەو جۆرانـە بـوو کـە میلیـان هـەبوو ڕادەکێـشراو لەگەڵ دەستت بە پەلاپیتکەکەیەوە دەنا دەنگی تەقەی دروستدەکرد.

دانێڵ کەوتە بیر کردنەوە ((ئەوە کابراکەیە خەریکە دێت، ناتوانم قسەشی لەگەڵ بکەم. پیاوێکی خراپە، حەتمەن خراپە، پیاوێکی زۆرخراپە)).

تاوی دا تفەنگەکەی و ڕووی لە کابرا کردو تەقاندی...تراق....

کابرا زەردەیەکی کرد. ساتێك دواتر، دەستی بە سینگیەوە گرت و دوو سێ هەنگاو بەلارە لارە گەڕایەوە دواوە و کەوت و تەختی زەوی بوو، لە سەر زەویەکە پێچی داو کەوتە سەر پشت.

بێ دەنگی...

دانێڵ سەیرێکی کابرای کرد، تاوێك بێدەنگ بوو. کابراش هیچ جوڵەی نەبوو.

دانێڵ هێندێك هات و چوو، پاشان دەستی بە هاوار کردو ڕای کردە ماڵێ. دوو ژن لەوێ بوون، کە یەکێکیان دایکی دانێڵ بوو.

— چیە؟ چی بووە؟ سەیرێکی کابرای کرد.

— چیت لێکرد؟

— هەر ئێستا بە مێردەکەمم گووت کە...

— پێم بڵێ چیت کردووە...؟

— ئەوە مردووە. من... تەقەم لێکرد... من تەقەم... ئەویش مرد...

خەڵکی لە ماڵەکانیان هاتنە دەرێ و پیاوێك تفەنگەکەی لە دەستی دانێڵ وەرگرت و وەك ئەو کارانە پیشەی بن بەوردی سەرنجی داو دواتر دایەوە دەستی منداڵەکەو گووتی: گاڵتەجارییە تەنیا کەرەستەیەکی یاری کردنە تەنانەت ئەگەر دەست بە پەلاپیتکەکەشی دابێنی هیچ شتێك ناهاوێژێت.

کابرا خەڵکەکەی لادایە لاوەو خۆی گەیاندە کابراکە کە لەسەر چیمەنەکە کەوتبوو، بە ئاوازێکی ڕاستەقینەوە پرسی: چیتە، کاکە؟ ئەوە چیتە؟ بەڵام وەڵامێك نەبوو.

دانێڵ بە هۆڕە هۆڕی گریانەوە گوتی: ((ئەوە... مردووە... ئەوە... مردووە...))

دایکی خۆی لێ تووڕەکرد: بێدەنگ.

یەکێك لە وێستشاتیەکان گوتی: دە قسەیەك بکە؟ پاشان خۆی بەسەریا نوشتاندەوەو هەستی ڕاگرتو گوتی: هەناسە دەدا. دواتر بڵند بۆوەو لە دانێڵی پرسی: وەرە بۆم باس بکە بزانم چت لێی کردووە؟ لە سەرەتاوە تا کۆتایی بۆم بگێڕەوە!.

دایکی دانێڵ گوتی: وازی لێ بێنە! وەك هەمیشە ویستوویەتی یاری بکات. ئەو تفەنگە زۆر سادەو بێ مەترسییە.

کابرا لەسەر زەوییەکە کەوتبوو، جوڵەی نەبوو.

دانێڵ دەستی کردەوە بە هاوار: لێرە بوو...بە ڕێگادا دەڕۆیشت. ئەم کابرا خراپە لە...

دایکی پرسی: باشە، چت لێکرد؟

– دە قسە بکە دەی!

– هیچ! دەیویست بڕوا، منیش تەقەم لێکرد.

– لەمە؟

دانێڵ بە گریانەوە گوتی: بەڵێ.

کابرا وێستشاتیەکە گوتی: مرۆڤێکی لاوازە، لەوانەیە ترسابێ، یان دڵی لاوازە، کێشەکە هەر ئەمەیە! دایکی دانێڵ بە دەنگێکی بەرزەوە گوتی: دەتانەوێ بڵێن کوڕەکەم...

– باشە، ئەمە زۆر گرنگ نیە، ئەڵبەتە لەم نزیکانە حەتمەن دەبێ دکتۆرێك هەبێ.

خانمی دکتۆری دانیشتووی کۆمەڵگەکەی ئەولاتر، لەوکاتەدا خەریکبو ئۆتۆمبێلەکەی لە گەراجەکەیەوە دەهێنایە دەرێ و دەیویست بڕوات. خەڵکەکە بانگیان کرد. سەیرێکی کردن و هێندێك ڕاوەستاو چونکە لە نزیکەوە نەبوایە بینینی باش نەبوو، هەستی بە ڕووداوەکە نەکرد. هێندێکی تر هاتەپێشەوەو گوتی: ئەوە چی ڕوویداوە؟ ئەمە کێیە؟

– ئەو کابرایەی تازە هاتۆتە خانووەکەی کونسوڵخانە.

– ئەو پیاوەی تازە هاتووە! چییەتی؟

– دانێڵ تەقەی لێ کردووە!

دایکی دانێڵ بە توڕەییەوە هاواری کرد: تەقە! ئەو ویستوویەتی یاری بکات، هیچ کاری بە سەر ئەو کابرایەوە نەبووە.

خانمی دکتۆر کراسی کابراکەی هێندێك بۆ سەرێ هەڵکێشاو سەری بە سینگی کابراوە ناو هەستی ڕاگرت.

دانێڵ بە هۆڕ هۆڕ گوتی: ئەو... مردووە!

هەمووان هاواریان کرد ((بێدەنگ بە))

خانمی دکتۆر پاش ماوەیەك هەست ڕاگرتن هەڵسایەوەو گوتی: ئاسایيە ! دڵی زۆر ئاسایی کار دەکات! ئازارێکی وای پێ نەگەیشتووە.

لەو نێوەدا کابرا ڕاست بۆوەو وەقسە هات: هیچ گرفتم نیە !

چوار مشقی دانیشت و چاوێکی دۆستانەی بە دەوروبەری خۆیدا گێڕاو گوتی: تەندروستیم باشە زۆر زۆر باشم.

دایکی دانێڵ بە پەشۆکاوییەوە گوتی: سەیرە، پیاوێکی زۆر بێ چاوو ڕوویت!

کابرا وێستشاتیەکە هاواری کرد: نیازت چی بوو کاکی بەڕێز! دەتویست پێمان ڕابوێری؟ یان چ مەبەستێکی ترت هەبوو؟ خانمی دکتۆر بڵیند بۆوەو بە تووڕەییەوە چاوێکی لە کابرا کردوو پرسی: ئەم یاریانە چین؟

کابرا گوتی: بە داخەوەم، ئەم خەڵکە پەلەیان کردو زوو تۆیان ئاگادار کردەوە.

دایکی دانێڵ هاواری کرد: لەو ئابڕوچوونە ! ئەی ئەگەر منداڵەکەم زراوی ڕژابا ! تۆ ئاژەڵیت ! تۆ کەسێکی زۆر هیچ و پوچیت، نیشانت دەدەم !

کابرا کە هێشتا لە سەر زەویەکە بوو، گوتی: تێناگەم چ دەڵێن! منداڵەکەت بۆ خۆی دەیویست یاریم لە گەڵدا بکات.

دایکی دانێڵ هاواری کرد: نەخێر! تەقەی لێت کرد!.

بەڵام من ئومێدەوارم یاری بوبێت. ئەدی تفەنگێك دەدەنە دەستی منداڵێکەوە دەتانەوێ چ یاریەکی تری پێ بکات؟ ڕوونە بێ دواکەوتن ڕوی تفەنگەکەی دەکاتە کەسێك و تەقە لە یەکێك دەکات، ئەگەر کەسێکیش حەزی بە یاری بێت لە گەڵ منداڵاندا ئەوا بێ سێ و دوو وێنەی کوژراوان خۆ بەردەداتەوەو خۆی دەکاتە مردوو، منیش گوتم ئێستا کاتیەتی. با بە دڵی ئەو منداڵە ڕەفتار بکەم.

خانمی دکتۆر بێ ئەوەی یەك وشەی تر قسە بکات لەوێ دوورکەوتەوە، چەند کەسێك دوا بەدوای ئەو ڕۆیشتن. زۆربەیان لەگەڵ یەکتردا قسەیان دەکردو سەریان بادەدا زۆر تووڕە بوون، دەکرا زۆر بە ئاسانی ئەمە لە سیمایاندا بخوێنیتەوە.

کابرای سەر زەویەکە گوتی: من سەر لەکاری ئێوە دەرناکەم! کابرا وێستشاتیەکە گوتی: بە داخەوەم! هەڵبژاردنەکەت باش نەبوو، زۆر نابەجێ بوو، بەم کارانەت، هەرگیز

نـاتوانی لێـرە بـۆ خـۆت دۆسـتێك پەیـدا بكـەی! بـۆ چـی دەبـێ منـداڵێك بـەم شـێوەیە بترسێنـی؟

كابرا گوتی: مەبەستم ترساندنی نەبو.

: بەڵام خۆ دەكرێ بە شێوەیەكی تر یاری لەگەڵ منـداڵان بكـەیت، وەك ئـەو یاریانـەی كە بێ تفەنگ دەكرێن!.

كـابرا چـاوێكی لـە دایكـی دانێـڵ كـرد. دایكـی دانێڵـیش هێنـدێك چـاو قایمانـە گـوتی: ناماقوڵی دەكەیت منداڵەكەم حەزی لە هەر یاریەك بێت دەیكات تۆ بۆت نیە جۆری یـاری ئـەو دیـاری بكـەیت، دانێـڵ! تفەنگەكـەت هـەڵگرە بـابڕۆین.... دانێـڵ هـاواری كـردو تفەنگەكەی هەڵگرت و فڕێی دا. دایكی دانێـڵ گـوتی: دانێـل زووبـە خێراكـە تفەنگەكـەت هەڵگرەو بچینەوەماڵێ!

دانێڵ هاواری كرد: نا.

ژنە دراوسێكەیان هاواری كرد: ژیربە دانیڵ! خۆتۆ هێندە بێ چاوو ڕوو نـەبوویت، بـۆ وات لێهاتووە؟ دانێڵیش زمانێكی لێ دەرهێنا.

دواتر دایكی توند دەستی گرت و تفەنگەكەی هەڵگرتەوە و بەرەو ماڵێ وەڕێ كەوت.

– چاكە، بینیت كە ناكرێ لەگەڵ ئەم جۆرە، مرۆڤانەدا قسان بكەیت!

– من قسەم لە گەڵیا نەكرد تەنیا تەقەم لێكرد.

– ئیدی تەقەش لەم جۆرە مرۆڤانەمەكە! تەقە لە هاوڕێكانت بكە.

سەرچاوە/ ٤٣ داستان عاشقانە

ترجمەی: علی عبداللهی/نشر مرکز/چاپ اول ١٣٧٩

# فیشەك

ئەلیکساندەر پۆشکین

بنکەکـەمان کـەتبووە شـاری (ڕ) ەوە، ڕوونــە کــە ژیـانی ئەفـسەرێك لەناوەنـدێکی سـەربازیدا چـۆن دەگوزەرێـت، بـەیانیان گرفتـاری مەشـقی سـەربازی و فێربـوونی ئەسپسواری بووین. نانی نیوەڕۆمان لە ڕیستۆرانتێك کـە خاوەنەکـەی جولەکەیـەك بـوو، یـان لەخزمـەتی سەرلەشـکری فەرماندەدا دەخـوارد. دوای نیوەڕۆیـانیش یـەکترمان لەژوورەکانی خۆماندا بەسەر دەکردەوەو سەرگەرمی یاری کاغەزو (پانچ)* دەبووین. لەو شارەی ئێمە، شوێنێکی وای لێنەبوو کاتێکی خۆشی لێ بەسەر بەرین، تەنانەت کچێکی وای تێدا نەبوو شایستەی ژیانی ژنو مێردایـەتی بێـت، بـەکورتی لەبـەیانیڕا تـا ئێـواریێ سەروکارمان لەگەڵ کەسانێك بوو کە جلو بەرگی سەربازییان لەبەردا بوو.

تـەنیا یـەك کەسـی سـڤیلمان لـەنێودا دەژیـا، گەرچـی بـە دیمـەن بەتەمـەن دەهاتـە بەرچاوان، بەڵام ئەوپەڕی تەمەنی سیو پێنج ساڵێك دەبـوو، کەسـێکی گرژومـۆن بـوو، بـەلاّم بـە ئـەزموونێکی زۆرو زەوەنـدەوە، هەربۆیـەش توانیبـووی کاریگەریـەکی گـرینگ لەسەر بۆچون و تێڕوانینـەکانمان دابنێـت، خـەرمانێك لەقـسەو شـتی شـاراوە بـوو. وەك ڕووسێك دەهاتە بەرچاوان، بەلاّم ناوەکەی ڕووسی نەبوو.

ڕابردووی نیشانی دەداپێشتر لە لەشکری بەناوبانگی (هەوسار)* خاوەن پلەیەکی بەرز بـووە، بـەلاّم کـەس نەیـدەزانی بۆچـی وازی لەخزمـەت هێنـاوەو لـەم شارۆچکەیەدا – هەژارانە– بەلاّم ڕەندانـە و مەردانـە ژیـانی بەسـەر دەبـرد. بـەپێیان هاتوچـۆی دەکـردو باڵتۆیـەکی کۆنـەو پڕوکـاوی لەبـەردەکرد، بـەلاّم بەڕوویـەکی خۆشـەوە بانگهێـشتی ئەفسەرانی لەشکرەکەی بۆسەرخوانەکەی خۆی دەکـرد. خواردنەکانیـشی سـادە بـوون، لەلایەن سەربازێکی خانەنشینەوە ئامادە دەکران، بەلاّم شامپانیا وەك ئاو دەخورایـەوە، کەسیش نەیدەزانی سەرچاوەی دارایی چیەو چـەندە، وە کەسـیش بـوێری ئـەوەی تێـدا نەبوو پرسیارێکی لـەم چەشـنەی ئاڕاسـتە بکـات. کۆمـەڵێك کتێبـی هـەبوون دەربـارەی بـواری سـەربازی. جگـە لەمانـە هێنـدێك نۆڤلێتیـشیان تێـدا بـوون، بەحـەزێکی زۆرەوە

دەیخستنە بەردەستمان و بۆ وەرگتنەوەشیان هەرگیز شتێکی نەدەگوت. وەك چۆن بۆخۆی هەر کتێبێك وەری گرتبا، ئیدی هەرگیز نەیدەگێڕایەوە بۆخاوەنەکەی.

زۆربەی کاتەکانی بە نیشانەگرتن دەبردە سەر. دیوارەکانی ژوورەکەی لە ئەنجامی تەقەو نیشانگرتندا وەك بێژینگ کون کون کردبوون.

پێکهاتەی کوختە هەژارانەکەی بریتی بوون لەکۆمەڵە تفەنگێکی جۆراوجۆر. لێهاتوویی ئەو لە نیشانشکێنیدا، بێ هاوتا بوو، ئەگەر گوتبایان سێوێك لەسەر سەری کەسێك دادەنێین و با ئەو نیشانەی لێبگرێت لەو لەشکرەی ئێمەدا کەسێکت دەسنەدەکەوت بترسێت و ئەم پێشنیارە ڕەتکاتەوەو سەری خۆی لەبەرامبەر دەستو تفەنگی ئەودا ڕانەگرێت.

گفتوگۆکانمان زۆربەیان لەبارەی (دوئیل) ەوە بوون. _ سیلۆێڤ کەلێرە بەدواوە ئەم نێوەی بەسەر دادەبرم _ هەرگیز خۆی نەدەخزاندە نێو ئەم وتووێژانەوە، ئەگەر لێیان پرسیبا ئایا تا ئێستا کێشەی لەگەڵ کەسدا هەبووە یان نا، بەساردییەوە بە بەڵێ وەڵامی دەدایەوە، بەڵام هەرگیز نەدەچووە نێو درێژەی باسەکەوە، دیاربوو ئەم جۆرە پرسیارانەی پێ خۆش نیە، ئێمە وای بۆدەچووین کە بیرەوەری قوربانییەك کە گیرۆدەی لێهاتوویی بێوێنەی ئەو بووە، لەویژدانیدا وەك یادگارییەکی ناخۆش ماوەتەوە. گومان لەئازایی و بوێرییەکەی، بەمێشکی کەسماندا گوزەری نەدەکرد. تەنانەت ئەو کەسانەش کە دەکرێ بەیەك سەرنج مۆخی کەسانی تر بخوێننەوە، سەبارەت بەو لەشكو گومان دا دەمانەوە.

ڕۆژێك کارەساتێکی چاوەڕواننەکراو هاتەپێش کە هەمووانی توشی سەرسوڕمان کرد. نزیکەی دە کەس لە ئەفسەران کە سیلۆێڤیش یەکێك بوو لەنێویاندا، سەرگەرمی نان خواردن بووین، وەك جاران مەی زۆر خورایەوە، دوای نان خواردن داوامان لە خانەخوێ کرد لێپرسراوی دارایی یاریەکەبێت، سەرەتا زۆر بەسەختی پێشنیارەکەی ئێمەی ڕەتکردەوە، چونکە بەدەگمەن یاری دەکرد، دوای پێداگیرییەکی زۆری ئێمە، سەرەنجام ڕازی بوو، داوای کرد کاغەزەکان بێنن، لەحاڵێکدا پەنجا پارچە پارەی زێڕی دادەنا دانیشت، دەورەمان لێداو یاری دەستی پێکرد. سیلۆێڤ سروشتی وابوو کە لەکاتی یاریدا بێدەنگ بێت، هیچ کات کەسی نەدەڕەنجاندو نەدەچووە نێو گفتوگۆکانەوە،

ئەگـەر لەبردنـەوەو دۆڕانـدا هەڵەیـەك ڕوویـدابا، زۆری لەسـەرنەدەڕۆی. ئـەو ژمارەیـەی نـاكۆكی لەسـەربوو، دەی ژمـارد یـان جیاوازییەكـەی دەنوسـی، ئێمـە ئاگـاداری ئـەم خەسڵەتەی بووینو لێیگەڕابووین ڕەوشی سروشتیی خۆی بپارێزیـت، بـەڵام ئـەمجارەیان ئەفسەرێك كە تازە گوازرابۆوە لەشكرەكەی ئێمە، بیٚ ئەوەی مەبەسـتێكی هـەبێت بـووە هۆكاری هەڵەیەك لـە یارییەكـەدا، سـیلۆێڤ وەك جـاران كڵـۆ گەچـێكی هـەڵگرتو ژمـارە ڕاستەكەی یاداشت كـرد. ئـەو ئەفـسەرەش پێـی وابـوو سـیلۆێڤ هەڵەیـە، دەسـتی كـرد بەڕوونكردنەوە. سیلۆێڤ هـەروا بەبێـدەنگی درێـژەی بەیارییەكـەدا، ئەفـسەرەكەش تـا دەهات كۆنترۆڵی خۆی لەدەستدەداو ئەو ژمارەی كە سیلۆێڤ نووسیبووی —بەبۆچوونی ئەو ژمارەكە هەڵـە بـوو_ ڕەشـی كـردەوە. سـیلۆێڤ جـارێكی تـر گەچـەكەی هـەڵگرتو ژمارەكـــەی ڕاســـتكردەوە. ئەفـــسەرەكەش لـــەژێر كاریگـــەری شـــەڕابو یارییەكـــەدا بەپێكـەنینی هاوڕێكـانی كـە پێـی وابـوو سـووكایەتییان پێكـردووەو هەسـتیان برینـدار كردووە بەتوڕەییەكی زۆرەوە مۆمـدانی سـەرمێزەكەی هـەڵگرتو كێشای بـە سـیلۆێڤدا. سیلۆێڤ توانی بەجوڵەیەك خۆی لەمۆمدانەكە لابدات و خـۆی لیٚ بپارێزێـت، بـەم جوڵەیـە هـەمووانی بێـدەنگ كـرد لـەجێگای خـۆی بڵنـد بـوو لـەڕقان ڕەنگـی سـور هەڵگـەڕابوو، لەكاتێكدا چاوەكانی بریسكەیان دەدا ڕوویكردە ئەفسەرەكەو گوتی: كـاكی بـەڕێز تكایـە بەسـە، سوپاسـی خوابكـە كـە ئەمـە لـەماڵی خـۆم دا ڕوویـدا. هـیچ یـەك لەئێمـە شـكو گومانمان لەسـەرەنجامی كێـشەكە نـەبوو، وەك لاشـەی مردوویـەك دەمانڕوانییـە هـاوڕیٚ تازەكـەمان. ئەفـسەرەكە ئـارام بـۆوەو دەیگـوت: هەرچـۆنێك سـیلۆێڤ پێـی بـاش بێـت ئامادەیە قەرەبووی ئەم بێڕێزییەی خۆی بكاتەوە. یاریەكـە چـەند خولـەكی تـر درێـژەی كێشاو دیار بوو كەخانەخویٚ هیچ ئاگای لە یاریەكە نیەو لەناخەوە رقوقین باڵی بەسەردا كێشاوە، ئێمەش یەك بەدوای یەكدا یاریەكـەمان جێهێـشتو بـەرەو شـوێنی حەوانـەوەی خۆمان گەڕاینەوە، لەقسەكانمانڕا دەكرا هەست پێبكـریٚ كـە بەمزووانـە جێگـای یـەكێك لەنێومانـدا خـاڵی دەبێـت. سـبەی بـەیانی لەفێرگـەی ئەسپـسواری پرسـیارمان لەیـەكتر دەكـــرد: ئـــەو ئەفـــسەرە دامـــاوە هێـــشتا لەژیاندایـــە ؟ لـــەناكاو ســـەروكەللەی پەیدابوو،پرسیارمان لەخۆی كرد، وەڵامی دایەوە تا ئێستا هـیچ هـەواڵێكی لـە سـیلۆێڤ نیە، ئەمە هەمووانی توشـی سەرسـوڕمان كـرد. هـەمووان چـووینە لای سـیلۆێڤ، لـەنێو

حەوشـێ بـوو، نیـشانەی لەکاغـەزێکی ئـاس گرتبـوو، دابوویـە بـەر فیـشەکان، زۆر بەخۆشـحاڵییەوە پێـشوازی لێکـردین، بـەڵام دەربـارەی ڕووداوەکـەی دوێـنێ شـەوێ، بچوکترین قسەی نەکرد.

سـێ ڕۆژی تـریش بەسـەردا تێپـەڕی، ئەفسەرەکە هێـشتا زرپو زینـدوو بـوو. بەسـەر سوڕمانەوە لەیەکتریمان دەپرسی: ئایا دەکرێت سیلۆێڤ دەستبەرداری مـافێکی ڕەوای خۆی بێتو لێی خۆشبێت؟ بەڵام سیلۆێڤ ڕێگەی شەڕی هەڵنەبـژارد، هێنـدێك پاسـاوی نابەجێی هێنانەوەو لەگەڵ ڕکابەرەکەی ئاشت بۆوە.

ئـەم کـارەی، ئاسـتی کەسـێتی ئـەویان لای هـاوڕێو دۆسـتە لاوەکـانی بەڕێژەیـەکی بەرچاو هێنایە خوارێ، پێویستی بـەبوێری دەکـرد تـا گەنجـەکان بەسەرچاوەی شـیاوی بزانن، ئەم کردەوانە لەم قۆناغەی ژیاندا زۆر بەسەختی چاوپۆشییان لێدەکرێت. بـەڵام ئـەم قـسەیە، بـۆ سـیلۆێڤ وەڕاسـت نەگـەڕا. وردە وردە ئـەم ڕووداوەی لەبیرچـۆوە، سیلۆێڤ جارێکی تر پێگەی پێشووی خۆی وەدەسهێنایەوە، بەڵام ئەمن بۆخۆم هـەرگیز بەوچاوەی جاران سـەیرم نـەدەکرد. ژیـانیم بەنهێنییـەك دەزانـیو بەچـاوی پاڵـەوانێکی ئەفسانەیی لێم دەڕوانی، بەشێوەیەکی گشتی زیاد لەوانی تر وابەسـتەی ببـووم، ئـەویش پەیوەستی من ببوو، یـان لانیکـەم لەگـەڵ منـدا بەشـێوازە تایبەتییەکـەی خـۆی قـسەی نـەدەکرد، گفتوگۆکانمـان زیاترحاڵـەتی سـەلماندنو هـاوڕایی دەگرتـەخۆی. بـەڵام پـاش ڕووداوە ناخۆشەکەی ئەوشەوە، گومـانکردن لـە ئـازایی و بوێریەکـەی، کـە سـەرەنجامی ڕەفتاری خۆی بوو، هەرگیز مێشکی ڕەها نەدەکردم، ئەمە دەبووە بەربەستێك لەبەردەم ئەوەی بتوانم وەك جاران ڕەفتاری لەگەڵدا بکەم و بێ ئەوەی شەرمی لێبکەم چاو ببڕمـە ڕووخساری.

سیلۆێڤ زۆر لەوە زرینگتر بوو هەست بەمە نەکات و هۆکارەکەی نـەزانێت. پێدەچـوو ئـەم کـارەی مـن ئـازاری بـدات، یـەك دوو جـار هەوڵیـدا سـەری باسـەکە بگەیەنێتـە ڕووداوەکەی ئەوشەوە، بەڵام من خۆم لەم باسە لاداو ئەویش کاتێ هەوڵەکانی خۆی بـێ ئاکام بینی، بێدەنگەی لێکرد. ئەمن ئیدی ئەوم بەتەنیا نـەدەبینی، چـاوپێکەوتنەکانمان بەئامادەبوونی ئەوانی تریش بوو. لەبەر ئەمە قسەکانمان شـتی تایبـەتیو فـەردی لـەخۆ نەدەگرت.

ئەوانەی کە گرفتاری ژیانی پایتەختن‌و ئاگاداری کێشەکانی شارۆچکەو لادێکان نین بۆ نموونە چاوەڕوانی بۆ گەیشتنی پۆستە، ڕۆژانی سێشەممەو هەینی ئەو ژوورەی کە تایبەت بوو بەم جۆرە کارانە،پڕدەبوو لەئەفسەر، هێندێك چاوەڕوانی پارە بوون، هێندێك چاوەڕوانی نامەو هێندێکیش چاوەڕوانی ڕۆژنامە. بەستەکان هەروەك باوبوو هەرلەوێ دەکرانەوە، هەواڵی گرنگ دەماودەم دەگەڕا. بەکورتی ئەوڕۆژە ئەو ژوورە دەبووە پێشانگایەکی بە ئاپۆرا. نامەکانی سیلۆێڤیش بەناونیشانی لەشکر دەهاتن و ئەویش بۆ وەرگرتنی نامەکانی هەمیشە لەوێ ئامادەبوو، ڕۆژێك نامەیەکی پێگەیشت، زۆر بەبێ ئارامی هەڵی پچڕی، لەکاتی خوێندنەوەیدا چاوەکانی بریسکەیان دەدا، ئەفسەرەکان سەرگەرمی خوێندنەوەی نامەکانی خۆیان بوون، ئاگاداری گۆڕانی ڕووخساری ئەو نەبوون، سیلۆێڤیش سەری لەسەر نامەکە بەرز کردەوەو گوتی: شتێك هاتۆتە پێش ناچارم بەزووترین کات ئێرە جێبێڵم. ئەمن ئەمشەو دەڕۆم، ئومێدەوارم بانگهێشتی نانی ئێوارێ، لە لای من ڕەتنەکەنەوە، ئەمە دوایین نانی ئێوارە دەبێت کەپێکەوە دەیخۆین. دواتر ڕوویکردە منو درێژەی دایە: بەتایبەتی ئەتۆ، چاوەڕوانت دەبم، لەبیرت نەچێت.

دوای ئەم قسانە،جێیهێشتین، لەکاتێکدا کەخەریکبوین دەگەڕاینەوە ژوورەکانمان، بڕیارماندا ئێوارێ لای ئەو ئامادەبین. ئەمن لەکاتی خۆیدا گەیشتمە ئەوێ، زۆربەی ئەفسەرەکان لەوێ بوون. دیار بو کەلوپەلی گەشتەکەی ئامادەکردبوو، ژوورەکە چۆڵ بوو جگە لەدیواری کون کون، شتێکی ترت بەرچاو نەدەکەوت. لەبەردەم مێزەکە دانیشتین‌و خانەخوێش زۆر شادو بەکەیف بوو، خۆشحاڵییەکەی ئەوانی تریشی گرتبۆوە. سەری بتڵەکان بەدەنگەوە هەڵدەپچڕان. هەر پێك بوو پڕ دەکران، هەمومان لەناخی دڵەوە بۆ خانوخوێکەمان کەخەریکبو جێیدەهێشتین هیوای شادی و سەرکەوتنمان خواست، کاتێ سەر مێزەکەمان جێهێشت، تەواوێك بەسەر شەودا تێپەڕیبوو، سیلۆێڤ دوای ئەوەی تەوقەی لەگەڵ هەمووماندا کردو خواحافیزی لێکردن، دەستی منی لەنێو دەستی خۆیدا هێشتەوە، کاتێ ویستم بڕۆم دەستی بەرنەدام و لەسەرخۆ گوتی: دەمەوێ هێندێك قسەت لەگەڵدا بکەم. ئەمن خۆم لادایە لاوە تا هەموو هاوڕێیان ژوورەکەیان جێهێشت و بەتەنێماینەوە.

لەکاتێکدا کە پایپەکانمان دادەگیرساند، بەرامبەر یەکتر دانیشتبووین، سیلۆێڤ زۆر شێواو دەهاتە بەرچاوان. شوێنەواری ئەو خۆشیو شادییەی چەند ساتێك لەمەوبەری بەرووخسارەوە نەمابوو، ڕەنگی پەڕیبوو، چاوەکانی بریسکەیەکی سەیریان تێگەڕا، لەپشت تەمێك لەدوکەڵەوە، کە لە دەمیەوە فڕێی دەدا، وەك هیۆلایەك دەهاتە بەرچاوان. چەند خولەکی بەسەردا تێپەڕی، بێدەنگییەکەی شکاند: لەوانەیە ئێمە هەرگیز یەکتر نەبینینەوە بۆیە دەمەوێ بەرلەوەی لەیەکتر جیابینەوە شتێکت پێ بڵێم، تۆ لەوانەیە تا ئێستا ئەوەت بۆڕوون بووبێتەوە کەمن هیچ گرنگییەك بە قسەو قسەلۆکی خەڵکی نادەم، بەلأم تۆم خۆشدەوێو ناشمەوێ لەحاڵێکدا ئێرە جێبێڵم کەدەبینم بۆچوونێکی هەڵەو نادروست، سەبارەت بەمن، لەلات دروست بووە، بۆیە بەرلەوەی بڕۆم، دەبێ بۆت ڕوون بکەمەوە. مـن لەنێوەڕاستی ژوورەکە دانیشتبووم و بەبێدەنگییەوە تێمدەڕوانی. ساتێك بێدەنگ بوو تا پایپەکەی ئامادە کردو دواتر درێژەی دایە: دەزانم پێت سەیر بوو ئەوشەوە ڕەفتاری ئەو سەرخۆشەم بەهەند نەگرت، خۆت دەزانی دەمتوانی بەیەك فیشەك کێشەکەی لەگەڵدا یەکلایی بکەمەوە، لەحاڵێکدا کە مەترسی بۆسەر گیانی من نەدەبوو، دەتوانم بڵێم بەگەورەیی خۆم لەو گوناهەی خۆش بووم، بەلأم درۆ ناکەم ئەگەر توانیبام ژیانی خۆم نەخەمە مەترسییەوەو بیکوژم، ئەوا هەرگیز نەمدەبەخشیو دەمکوشت.

ئەمن هەروا بەسەر سوڕمانەوە لە سیلۆێڤم دەڕوانی، دانپیانانەکانی منیان شڵەژاند بوو، سیلۆێڤ درێژەی دایە: بەڵێ،خۆت دەزانی مافی ئەوەم نیە گیانی خۆم بخەمە مەترسییەوە، ئەمن شەش ساڵ لەمەوبەر کەسێك زللەیەکی لێداومو تا ئێستاش ئەو دوژمنەم لەژیاندایە.

لەحاڵێکدا کە زۆر پەلەی بیستنی بووم پرسیم: شەڕت لەگەڵ نەکرد؟ یان بەهۆیەکەوە لێك دوورکەوتنەوە؟

– نا بەپێچەوانەوە، شەڕم لەگەڵ کرد، ئەوەش یادگاری (دوئیل).سیلۆێڤ لەجێگای خۆی بڵندبوو، لەکارتۆنێکی بچوکدا کڵاوێکی بە گوڵێنگی گوڵدۆزیی کراوی، لەوجۆرانەی کە فەرەنسییەکان پێیدەڵێن کلأوی پۆلیسی، دەرهێناو کردیە سەری. فیشەکێك یەك ئینج سەرووی کلأوەکەی کون کردبوو. سیلۆێڤ درێژەی بەقسەکانیدا: لەوانەیەتائێستا

ئاشـنای ڕەفتـارم بـووبی، خـۆت دەزانـی کـاتی خـۆی لـە لەشـکری هەوسـاردا خزمـەتم کردووە، من ڕاهاتووم هەمیشە پێشڕەو بم. تەنانەت لەسەردەمی لاویەتیشمدا ئەم حـەزو ئارەزووەم هەبوو، ئەوسـەردەمە سەرکێـشیو شـەڕانگێزی بـاوبوون، مـن شـەڕانگێزترین کەسی سوپا بووم. خۆمان بەشەڕاب خواردنەوەوە هەڵدەناو لافو گەزافمان لێدەدا، مـن لـەو نێـوەدا بـە (بۆتـۆرزۆف) * ی بـەنێوبانگ دۆڕام، ئـەویش بـەنۆرەی خـۆی توانیبـووی شکست بە (دنیس داڤیدۆڤ)* بێنیٚ.

لەو لەشکرەی ئێمـە، بـەردەوام لەکێـشەدا بـووم، جـا یـان شـاهید بـووم یـان ڕکابـەر، هاوڕێکانم دەیانپەرستم، فەرماندەکانی لەشکریش —کە هەمیشە لە حاڵی گۆڕاندا بـوون— وەك شەیتان سەیریان دەکردم، چێژم لەناوبانگی خۆم وەردەگـرت. تـا کاتێـك پیـاوێکی لاو کە ئەندامی یەکێك لەخێزانە ناسراوو دەوڵەمەندەکان بوو، کـە نامـەویٚ لێـرەدا نێـوی بەرم، هاتە لەشکرەکەی ئێمە هەرگیز لەژیانمدا پیـاوی ئـاوا خۆشـبەختم نـەدیوە، بـیری لێبکەوە ! لاوی، قسەخۆشی، جۆرەها خۆشگوزەرانی، ئـازاییو بـیٚ پـەروایی، ناوبـانگو سەروەتو سامانی لەبن نەهاتوو، بیر لەهەموو ئـەم شـتانە بکـەرەوە ! ئەوسـا دەتـوانی لەمێشکی خۆتدا بەرجەسـتەی بکـەیت، کـە وەهـا پیاوێـك، چ شـوێنەوارێك لەسـەر ڕووی خەڵکی جێدێڵێت.

سەروەریم هاتبووە لەرزە. ئەو لەژێر کاریگەری ناوبانگمدا ویستی ئاشـنایەتیم لەگەڵـدا دروست بکات، بەڵام من بەساردییەوە وەرمگرت. سەرو گەردنێکی لەمن بەرزتری هەبوو. هەستم بـەڕقو نـەفرەت دەکـرد بەرامبـەری، سـەرکەوتنی ئـەو چ لـە لەشـکرو، چ لـەنێو کۆبوونەوەی خانمان دا، تا سنوری نائومێدیان دەبردم. بۆ خۆ یەکلاییکردنـەوە لەگـەڵی بــەدوای بەهانەیەکـدا دەگــەڕام. پلارەکــانی منــی بەهــەمان ئــاواز وەڵام دەدایــەوەو وەڵامەکانیــشی رووشــێنەرتر لــەپلارەکانی مــنو دەبــوە هــۆی ســەرگەرمی هــەمووان. لەئاهەنگێکدا، کە یەکێك لە ئاغەوەتە پۆڵەندییەکانـەوە ڕێکخستبوو، کـاتیٚ بینـیم بۆتـە ئەستێرەی ئاهەنگەکەو جێگای سەرنجی خانمانو بەتایبەت خانمی خاوەن مـاڵ —کـەمن خۆم چاوم تـیٚ بڕیبـوو— چـاوم پەڕییـە پـشتی سـەرمو لەپەنایەکـەوە قـسەیەکی سـوکم پێگوت. تورە بوو و زللەیەکی سراواندە بناگوێم. دەستمان دایە شمـشێر لەیـەکتری...

ژنان کردیانە زیرو هۆڕ، بەناوبژیکردن لێکیان جیاکردینەوەو هەر هەمان شەو بڕیاری ڕووبەڕووبوونەوەماندا.

خەریکبوو تازە دنیا ڕوون دەبۆوە من بەسێ شاهیدەکەی خۆمەوە لەجێگای دیاریکراو ئامادەبوومو بەبێ ئارامییەکی لەتوانا بەدەر چاوەڕوانی هاتنی ڕکابەرەکەمم دەکرد، خۆری بەهاری سەری دەرێناو وردە وردە دنیا گەرم داهات، لەدوورەوە بینیم، وردە وردە خەریکبو دەهات، بەپێیانو بەجلو بەرگی سەربازییەوە، شمشێرێك بەکەمەرییەوەو شاهیدێکیشی لەگەڵ بوو. ئەمنیش لێی چومە پێشێ، ئەویش وەنزیك کەوت، کڵاوەکەی پڕ لەگێلاس کردبوو بەدەستییەوە گرتبوو. شاهیدەکان دوانزە هەنگاو نێوانیان بۆدیاری کردین. یەکەمجار دەبا من تەقەم لێکردبا، بەڵام لەدڵەڕاوکێدا بووم، نەمدەتوانی بەسەر دەروونی خۆمدا زاڵ بمو دەستم نەلەرزێت، پێمگوت ئەو فیشەکی یەکەم بتەقێنێ، بەڵام ڕازی نەبوو. تیرو پشکمان کرد، بە نێوی ئەو دەرچوو. ئەمەش خۆشبەختییەکی تر بوو بۆ ئەو، نیشانەی لێگرتم و فیشەکەکە بەنێو کڵاوەکەی سەرمدا تێپەڕی. ئێستا ئیدی نۆرەی من بوو. ژیانو مردنی لەدەستی مندابوو. بەشاگەشکەییەوە تێم دەڕوانی. هەوڵمدەدا بچوکترین سێبەری ترسو لاوازی لەجەستەیدا بەدی بکەم. بەڵام ئەو، بێدەنگو ئارام، لەبەرامبەر سێرەی تفەنگی من دا ڕاوەستابوو. گەیووترین گێلاسی لەنێو کڵاوەکەی دەستی دێنا دەرێو دەیخواردو ناوکەکەی تف دەکردەوە بەرپێی من. بیرمکردەوە سودی کوشتنی ئەم کابرایە لەچیدایە؟ ئەمن خەریکم ئەو لەشتێك بێبەش دەکەم، کە هیچ بایەخێکی لای ئەو نیەو بچوکترین نرخی بۆدانانێ. بەم لێکدانەوەیەم هەستی تۆڵە سەندنەوەم لەناخدا مرد، تفەنگەکەم هێناخوارێو گوتم: پێناچێ ئەمڕۆ ئامادەی مەرگ بیت ! گەر دەتەوێ بڕۆی دەتوانی نانی بەیانی بخۆی، ئەمن ڕێگرت نیم. زۆر بەخوێنساردییەوە وەڵامی داوە: نا هەرگیز، تۆ هۆی نیگەرانی نیت... بیتەقێنە... یان دڵت چی دەوێ ئەنجامی بدە. بەهەرحاڵ فیشەکێکت قەرزارم، هەرکاتێك دڵت ویستی، ئامادەم.

گەڕاینەوە لای شاهیدەکانوپێم گوتن ئەمڕۆ نیازی ئەم کارەم نیە. بەوشێوەیە ڕوبەڕووبوونەوەکەی ئەوڕۆژەمان کۆتایی پێهات. ئیدی منیش دوای ماوەیەك خزمەتی سەربازیم تەواو کردو بۆ بەسەربردنی ژیانی خانەنشینی هاتمە ئەم ناوچە چکۆڵەیە.

لەوساوە تائێستا ڕۆژێك نەبووە بیر لەتۆڵەی خۆم نەکەمەوە، ئێستاش ئەوکاتەی بیرم لێدەکردەوە، گەیشت.

ئەو نامەیەی کە ئەوڕۆژە گەیشتبووە دەستی، لەباخەڵی دەرێناو دایە دەستم بیخوێنمەوە.دیاربو نامەکە لەکەسێکەوە کە گوایا کاتی خۆی خزمەتکاری بووە لەمۆسکۆوە بۆی نووسیبوو، لەنامەکەدا هاتبوو: کەسی جێی مەبەست بەمزووانە لەگەڵ کچێکی گەنجو جواندا زەماوەند دەکات. سیلۆێڤ لەحاڵێکدا کەسەیری منی دەکرد گوتی: خۆ دەزانی کابرای جێی مەبەست کێیە؟ دەبێ بەرەو مۆسکۆ بڕۆم، بابزانم ئەمجارەش وەك جاری پێشوو گێلاس دەخواو لەشەوی زەماوەندی خۆیدا پێشوازی لەمەرگ دەکات؟ دوای ئەم قسانە، هەستا سەرپێیان، کلاّوەکەی فڕێدایە سەرزەوی ژوورەکەو دواتر وەك پلّینگێك کە خستبێتیانە نێو قەفەسەوە، دەهاتو دەچوو. بەبێدەنگییەوە گوێم دابووە قسەکانی. کێشمەکێشێکی سەیر لە دەرونمدا دروست ببوو. خزمەتکارەکە هاتە ژووری‌و گوتی : گالیسکەکە ئامادەیە. سیلۆێڤ دەستی منی لەنێو دەستی خۆیدا گوشی‌و بەگەرمی یەکترمان لەباوەش گرت. ئەو لەجێگای خۆی لەنێو گالیسکەکە دانیشت، دوو جانتا لەسەر گالیسکەکە بوون، یەکیان دەمانچەو تفەنگ، ئەویتریان شتومەك، خواحافیزیمان کرد، دواتر ئەسپەکان تێیان تەقاندو دوورکەوتنەوە.

* * *

چەندین ساڵ دوای ئەمە، هەلومەرجی سەختی ژیان وای لێکردم لەلادێیەکی ناوچەی ( ن) ژیان بەسەربەرم، لەکاتێکدا سەرگەرمی کاری کشتوکاڵ بووم، بەتایبەت ئەو کاتانەی تەنیا بووم خۆزگەم بە ژیانی ڕابردوو دەخواست، لەهەمووان ناخۆشتر شەوانی درێژی پایزو زستان بوون، کەناچار بووم بە تەنێ بەڕێیان بکەم. چەند کاتژمێرێك بەر لە نانخواردن هەوڵمدەدا خۆم بەشتێکەوە سەرگەرم بکەم، گفتوگۆ لەگەڵ کارمەندی جێبەجێکاری شارەدێکە، لایەنی چاودێری لەکارە پەیوەندیدارەکان‌و سەردانی باڵەخانە نوێیەکان، تا تاریکایی شەوێ درێژەیان دەبوو، ئیدی لەوەبەدوا بێکار دەبووم و لەڕاستیدا نەمدەزانی چ بکەم. ئەو چەند کتێبەی کە لەکۆگایەکدا دۆزیبوومنەوە

چـەندینجار پێیانـدا چـووبوومەوەو خوێندبوومنـەوە. تـەواوی بەسـەرهاتەکانی خـاوەن ماڵەکـەمم چـەندین جـار گـوێ لـێ ببـوو. ئـاوازی ژنـانی لادێیـی دەیـان هەژانـدم. پـەنام بۆخواردنەوە دەبرد ئەویش دووچاری ژانەسەری دەکـردم. لەهـەمووی خـراپتر دەترسـام ئەم دڵتەنگییە ببێتە هۆکاری ئـەوەی گـیرۆدەی خواردنـەوە بمو ئـالوودەم بکـات. ئەمـە خراپترین جۆری خواردنەوە بوو، کە نموونەکەی لەدەورووبەری خۆم هەبوو، لەو نزیکانـە هاوسێیەکم نەبوو جگە لە دوو سێ کەسی مەیخۆر کە هاوڕێیەتییان، جگـە لـەگوێ گـرتن لە ساکسیفۆنو ئاهو ناڵەیان، شتێکی تر نەبوو. لەبەر ئەمە، ئامادەنەبووم تەنیاییەکـەی خۆم بەهاونشینی لەگەڵ ئەواندا بگۆڕمەوە.

لەدووری چوار ( ڤرسـت) لـە ماڵەکـەی منـەوە موڵـكو سـامانی کەسـێك بـوو بـەنێوی کۆنتێس (ن) بەلاّم جگە لەخزمەتکارێك، کەسی تر لەو ماڵەدا نەدەژیا.

کۆنتێس لەدوای زەماوەندەکەیەوە تەنیا جارێك ئـەویش بۆمـاوەی تـەنیا مانگێـك لـەو خانووەدا مابووەوە. لەدووەمین بەهاری ژیانی گۆشەگیری من لـەو دێیـەدا قـسەو هـەواڵ بلاّوبۆوە کە کۆنتێسو مێردەکەی بۆ بەسـەربردنی هـاوین دێنـەوە خانووەکـەی خۆیـان. هەرواش دەرچوو، لە یەکی مانگی ژوئن هاتنە ئەوێ، بوونی دراوسێیەکی دەوڵەمەنـد بـۆ لادێ نشینێك بەڕووداوێکی گـرنگ دێتـە ئـەژمار. دەنگوباسـی پـەیوەندیـدار بـەم ڕووداوە چەندین مانگ پێشترو ساڵەها دواتر درێژەیان دەبێت.

بەلاّم لەبارەی خۆمەوە دەبێ دانی پێدا بنـێم کـە هـاتنی دراوسـێیەکی گـەنج وجـوانو کاریگـەری لەسـەر منـیش دانـابوو، لەحەسـرەتی بینینیـدا دەسـوتام. لەیەکـەمین یـەك شەممەی دوای هاتنیان دوای نیوەڕۆکەی وەك نزیکترین دراوسێو خزمەتگوزارێکی باوەڕ بـەخۆ، بـەرەو کـوێرە دێـی ( أ) وەڕێکـەوتم تـا ڕێـزو خۆشەویـستی خـۆم بـۆ کـۆنتێسو هاوسەرەکەی نیشان بدەمو بـەخێر هاتنیـان بکـەم. خزمـەتکارێك بـەرەو کتێبخانەکـەی کۆنتێس ڕێنمایی کردم و بۆخۆشی ڕۆیـشت تـا هـاتنی منیـان پـێ رابگەیـەنێ. ژوورێکـی بەرین، بەباشترین کەرەستەو کەلوپەل ڕازێنرابۆوە، دیوارەکان بە ڕەفتـەی پـڕ لـەکتێب داپۆشـرابوون. لەسـەر یـەکێك لەڕەفتـەکان پەیکـەرێکی نیوجەسـتەی برۆنـزی دانرابـوو، لەسەر دەلاقەیەکی لەبەردی مەڕمەڕ دروستکراوی سەرووی زۆپاکـە، ئاوێنەیـەکی گـەورە دانرابوو، فەرشێك ژوورەکەی داپۆشـیبوو، لـەژیانی دابـڕاوو تـەریکی خۆمـدا سـەروکارم

لەگـەڵ جوانكـاریو ڕازانـەوەدا نـەبووەو چـەندین سـاڵ بـوو لـەم شـتانە بـەدووربووم. بەكەسێك دەچووم بۆ دەربڕینی نـاخی خـۆیو دان پیانـان بـە تاوانەكانیـدا چـاوەڕوانی كەشیشێك بكات. هێشتا كۆنت نەهاتبوو ئەمن دڵەڕاوكێو ترس باڵی بەسەردا كێشابووم. دەرگا كرایەوەو پیاوێكی قۆز كە تەمەنی هـەر سـیو دوو سـاڵێك دەبـوو وەژوور كـەوت. كۆنـت زۆر دۆسـتانەو خۆمانـە بـەرەو لای مـن هـات، لەحاڵێكـدا كـە هەوڵمـدەدا بەسـەر دەروونـی خۆمـدا زاڵ بم، خـۆم پـێ ناسـاند. هـەردووكمان دانیـشتین. قـسە بـەجێو دۆسـتانەكانی وایـان لێكـردم لەشـەرمو دڵـەڕاوكێ ڕزگـارم بـێو وردە وردە بێمـەوە سەرخۆم، لەم نێوەدا، لەناكاو دەرگـا كرایـەوەو كـۆنتێس وەژوور كـەوت. لەیەكـەم جـار خراپترم بەسەرهات، بەڕاستی نـازدار بـوو، كۆنـت منـی پێناسـاند، هەوڵمـدا خـۆم ئـارام نیشان بدەم، بەڵام سات بەسات دەروونم زیاتر دەشڵەژا.

ئەوان، دەتگوت هەلێكیان داوەتە من تا لەو بارودۆخەی تێی كـەوتبووم ڕزگـارم بێـت، بۆخۆیان لەگەڵ یەكتردا دەستیان كردە قسەكردن. ڕەفتاریان دۆستانەو بێ ئارایش بوو، منیش لەونێوەدا كەوتمـە پیاسـەكردن بەژوورەكـەداو سـەرنجی كتێـبو تابلۆكـانی سـەر دیوارەكـەم دەدا، مـن هـیچ شـارەزاییەكم لـەبواری وێنەكێـشاندا نیـە، بـەڵام یـەكێك لـە تابلۆكان هۆشی بردم كە سروشـتی جـوانی وڵاتـی سویـسرای نیـشاندەدا، بـەڵام ئـەوەی هۆشی بردبووم، تابلۆكە نەبوو، بەڵكو جێگەی دوو فیشەك بوون، لەتەنیشت یەكتر، بـەر تابلۆكە كەوتبوون.

گەڕامەوە لای كۆنتو گوتم: جوانی پێكاوە ! وانیە؟

– بەڵێ ڕاستە، نیشان شكاندنێكی دەگمەنە، ئایا تۆ لەنیشان گرتندا دەستو تفەنگت باشە؟

زۆر خۆشحاڵبووم بەوەی كە سەری باسێكمان كردۆتەوە. وەڵامم دایەوە: ئای... باشم خراپ نیم... دەتوانم لەدووری سی هەنگاوەوە كاغەزێكی یـاریكردن بپـێكم، ئەڵبەتـە بـە تفەنگێك كە پێشتر كارم پێكردبێ.

كۆنتێس نیگایەكی پڕ لە ئافـەرینی لێكـردمو گـوتی: بەڕاسـت؟ دەتـوانی نیـشانەكە بپێكی؟ دواتر ڕووی بەرەو لای مێردەكەی وەرچـەرخاندو درێـژەی دایـە: ئـازیزم ئـەدی ئـەتۆ؟ دەتـوانی لـەدووری سـی هـەنگاوەوە كاغـەزێكی یـاری بەفیـشەك بپێكـی؟ كۆنـت

وەڵامی دایەوە: ڕۆژێك تاقی دەکەمەوە، سەردەمانێك دەستو تفەنگم خراپ نەبوو، بەڵام ئەوە چوار ساڵ دەبێ دەستم بۆ تفەنگ نەبردووە، منیش گوتم: کەوایە ئەمن گرەوت لەگەڵ دەکەم، ئێستا لەدووری بیست هەنگاویشەوە ناتوانی نیشان بشکێنی، نیشان شکاندن بەدەمانچە پێویستی بەمەشقی ڕۆژانە هەیە، ئەمەم بەتاقیکردنەوە بۆ ڕوون بۆتەوە، لەو لەشکرەی خزمەتم تێدا دەکرد، یەکێك لەباشترین نیشانشکێنەکان بووم، بەڵام جارێك کە تفەنگەکەم ناردبوو بۆ چاك کردنەوە مانگێك بێ تفەنگ مامەوەو مەشقم نەکرد، باوەڕبکە بۆ ئەنگاوتنی گۆزەیەك کە لەدووری بیست هەنگاوەوە دانرابوو چوار فیشەکم تێگرت لێمنەدا، ئەفسەری سەرووی خۆم کەلەوێ ڕاوەستابوو ئەمەی بینی، پێیگوتم: هەتا لەژیاندا ماوی شورەییە دەستت لەئاستی گۆزە بەرز بکەیتەوە. بۆیە ئەمن پێموایە نابێ پشت لە مەشقو ڕاهێنان بکرێ، گەرنا تواناو لێهاتوویی خۆت لەدەست دەدەیت، ئەمن کەسێکم دەناسی باشترین نیشانشکێن بوو، تا نیوەڕۆ لانی کەم سێجار مەشقی دەکرد، ئەمەی لێ ببووە خوو، وەك خواردنەوەی ڕۆژانەی.

کۆنتو خانمەکەی کە بینیان وەقسە هاتووم، زۆر خۆشحاڵبوون، کۆنت پرسی: ئەو نیشانشکێنە کێ بوو؟

– لێگەڕێ پێتبڵێم چ مرۆڤێك بوو ! ئەگەر مێشێکی بەدیوارەکەیەوە بینیبا... لەوانەیە پێکەنینتان پێم بێت، بەڵام ئەوەی دەیڵێم ڕاستییەکە... بەڵێ ئەگەر مێشێکی بەدیوارەوە بینیبا، یەکسەر بانگی دەکرد: کۆشکا حەفتیرەکەم بۆبێنە... کاتێ دەمانچەکەی بۆدەهێنا... بێ دواکەوتن فیشەکێکی پێوە دەنا.

کۆنت گوتی: باشە، ئەوکابرایە ناوی چ بوو ؟

– سیلۆێڤ.

کۆنت لەکاتێکدا کە دەیویست لەجێگای خۆی هەستێ گوتی: ئەها، کەوایە سیلۆێڤ دەناسی؟

– نەك هەرناسین بگرە دوو هاوڕێی زۆر دڵسۆز بووین. ئەو لە لەشکرەکەی ئێمەدا وەك ئەفسەرێکی برا وەرگیرابوو، بەڵام ئێستا ئەوە پێنج ساڵ دەبێ هیچ هەواڵێکی نازانم. ئەرێ بەڕاست تۆش دەیناسی؟

– ئەڵبەتە چاك دەمناسی. هیچ باسی ڕووداوێکی سەیری لای تۆ نەکردووە؟

– باسـی ئـەو زللەیـە دەکـەیت کەکەسـێکی تـوڕە لەمیوانییەکـدا کێـشابووی بـە بناگوێیدا؟

– ئەدی ناوی ئەو کەسە توڕەیەی پێنەگوتی؟

– نا، ناوەکەی پێنەگوتم...

لەحاڵێکدا کە وردە وردە هەستم دەکرد چ هەڵەیەکم کردووە، درێژەم دایە:... ئەها... بەڕێز ببورە... ئەمن نەمدەزانی... خۆ ئەوکەسە تۆ نەبووی؟

– بەڵێ خۆم بووم، ئـەو تابلۆیـەش بـەو شـوێن فیـشەکانەوە یادگـاری دوایـن دیـداری نێوان منو ئـەوە. کـۆنتێس گـوتی: ئازیزەکـەم تکایـە چـیتر باسـی ئـەو ڕووداوە مەکـە، بیرەوەرییەکی ناخۆشو ترسناکە.

کۆنت وەڵامی دایەوە: وەڵا باسـی هـەمووی دەکـەم، ئـەو دەزانـێ چ سـوکایەتیم بـە دۆستەکەی کردووە، مافی خۆشیەتی بزانێ سیلۆێڤ چۆن تۆڵەی خۆی لێکردمەوە.

کۆنت کورسییەکەی ڕاکێشایە تەنیشت منو زۆر بەئیشتیاو بەوردی کەوتە گێڕانەوەی: پێنج ساڵ لەمەوبەر زەماوەندم کرد، مانگی یەکەم، مانگی هـەنگوینی زەماوەندەکـەمان لێرە لەم دێیە بەسەربرد. گەرچی شادترین ساتەکانی ژیـانم لێـرە بەسـەربردووەو بـەهی ئێرەی دەزانم، بەڵام لەهەمانکاتیشدا بیرهێنەرەوەی یـەکێك لـەتاڵترین یادەوەرییـەکانی ژیانمە.

ڕۆژێکیان دوای نیوەڕۆ لەگەڵ کۆنتێس بەسوارییی چووینە دەرێ، ئەسپی هاوسەرەکەم دایـە چەموشـیو ئـەویش کـە زۆر ترسـابوو ڕەشمـەی ئەسـپەکەی دایـە دەسـتی مـن، بۆخۆشی بەپێیان بەرەو ماڵێ گەڕاوە، ئەمن زووتر گەیشتمەوە ماڵێ، گالیسکەیەك لەنێو حەوشەکەدا ڕاوەستابوو. پێیان گوتم پیاوێك لـە کتێبخانەکـە چـاوەڕوانمەو ئامـادە نیـە نێوی خۆی بڵێت، تەنیا دەڵێ کاری بەمن هەیە. چوومە ژوورێ، لەو تاریکییـەدا پیـاوێکم بینی سەرتاپای لەشـی تـۆزو خـۆڵ بـوو، بەڕیـشێکی چـەند ڕۆژ نەتاشـراوەوە، ئالـەوێ، لـەنزیك زۆپاکـە ڕاوەسـتابوو، لەحاڵێکـدا هـەوڵم دەدا بیناسمـەوە لێـی نزیـك بوومـەوە. بەدەنگێکی لەرزۆکەوە گوتی: کۆنت! ئەوە چیە! نامناسیتەوە؟

هاوارم کرد: سیلۆێڤ. دانی پێدا دەنێم کە مووی لەشم هـەموو گـرژ بوونـەوە. وەڵامـی داوە: تەواوە، ڕاستە... سیلۆێڤم... فیشەکێکم قەرزاریت... هاتوم دەمانچەکەم خـاڵی بکەم، ئایا ئامادەی؟

دەمانـچەکە لەگیرفانیـەوە دیـاربوو، دوانـزە هـەنگاوم پێـواو ئالـەوێ، لـەو گۆشـەیە، ڕاوەستام و داوام لێکرد هەرچی زووە بەر لەگەڕانەوەی ژنەکەم فیـشەکەکەی بتـەقێنێ. ئەو بێدەنگ بوو داوای چرای کرد، مۆمیان هێنـا. دەرگاکـەی داخـستو فەرمانمـدا هـیچ کەس نەیەتە ژووری. دواتر داوام لێکرد تەقەم لێبکا.

حەفتیرەکەی ڕاکێشاو سێرەی لێگرتم... چـرکەکانم دەژمـارد... بـیرم لەهاوسـەرەکەم دەکـردەوە، خولـەکێکی ترسـناك تێپـەڕی، سـیلۆێڤ دەسـتی داگرتـە خـواری و گـوتی: بەداخەوەم دەمانچەکەم بەناوکە گێلاس پڕنـەکردووە... فیـشەکەکانیش قورسـن، بۆیـە پێموایە ئەمە روبەڕووبوونەوە نیە، بـەڵکو قەتڵـەو ئـەمنیش فێـرنیم ڕووی چـەکم بکەمـە کەسێکی بێ چەك. چۆنە لەسەرەتاوە دەست پێبکەینەوە؟ تیروپشك دەکەین و بابزانین کاممان سەرەتا تەقە لەوی ترمان بکەین؟

سەرم بەگێژەوە هات... ئـەمجار مـن نـاڕازی بـووم... سـەرەنجام حـەفتیرێکی ترمـان پڕکرد. دوو پارچە کاغەز لول درا، ئەو هەردووکیانی خستە نێو کلاوەکەی، ئـەو کـلاوەی کە ڕۆژێك ئەمن بەفیشەك کونم کردبوو، جارێکی تر تیروپـشکەکە بـەنێوی مـن دەرچـوو. سیلۆێڤ بەزەردەخەنەیەکەوە، کە هەرگیز بیرم ناچێ گوتی: کۆنت سەیرە ! بـەختێکی باشت هەیە !.

ئێستاش نازانم چۆن ئەوڕۆژە دووچاری ئەو حاڵەتە بووم! خستمیە بارێکـەوە ناچـاری کردم تەقەی لێبکەم... بـەڵام نـەمپێکاو فیـشەکەکە بەرئـەو تابلۆیـە کـەوت. بەپەنجـەی ئاماژەی بۆ تابلۆ کونبووەکە کرد... ڕوخساری سور هەڵگەڕابوو، کۆنتێسیش ڕەنگـی لـە دەسەسرەکەی دەستی سپی تر هەڵگەڕابوو، خۆشم بەشـێوەیەك وڕببـووم نەمـدەتوانی زار هەڵێنمەوە.

کۆنت بەردەوام بوو لە قسەکانی: من تەقەم لێکرد، زۆر سـوپاس بۆخـوا نەمئـەنگاوت. ئێـستا نـۆرەی سـیلۆێڤ بـوو، لەوسـاتەدا زۆر ترسـناك هاتـە بەرچـاوانم... دەسـتی بەرزکردەوە سێرەم لێ بگرێ، دروست لەوساتەدا دەرگـا کرایـەوەو (ماشـا) ی هاوسـەرم

بەڕاکردن خۆی بە ژوورێدا کرد و لەحاڵێکدا کەزیرەوهۆڕی گریانی ژوورەکەی پڕکردبوو، خۆی بەگەردنمەوە هەڵواسی. بەهاتنی ئەو، بڕێك ورەم هێنایە بەرخۆم و دەستیم گرتو گوتم: ئازیزم ئەمە چ کارێکە؟ مەگەر نابینی گاڵتە دەکەین، لەچی ترساوی ؟ بڕۆ هێندێك ئاو بخۆوەو وەرەوە لای ئێمە، پاشان دۆستێکی دێرینی خۆمت پێدەناسێنم.

(ماشا) هێشتا لەگوماندا بوو، لەحاڵێکدا کە بەرەو لای سیلۆێڤی ترسناك دەچوو لێی پرسی: پێم بڵێ، ئایا مێردەکەم بەڕاستییەتی؟ بەگاڵتە ئەم کارانە دەکەن؟ سیلۆێڤ وەڵامی دایەوە: کۆنتێس مێردەکەت هەمیشە هەر گاڵتە دەکات. سەردەمانێك بەگاڵتە زللەیەکی لێدام، جارێکی تریش بەفیشەکێك کڵاوەکەی سەرمی کونکرد، ئەڵبەتە گاڵتەبوو... ئێستاش فیشەکێکی پێوەنام، بەڵام بەرم نەکەوت، هەموو ئەمانە گاڵتەبوون. ئێستاش ئەمن هەستدەکەم کاتی ئەوە هاتووە منیش گاڵتەیەك لەگەڵ ئەو بکەم. دوای ئەم قسانە دەمانچەکەی بەرزکردەوە سێرەم لێ بگرێ، لەبەر چاوی هاوسەرەکەم... (ماشا)ش خۆی خستە بەرپێیانیو تکای لێکرد.

بەرقەوە هاوارم کرد: هەستە ماشا، خەجاڵەتی ناکێشی؟ ئەدی تۆ کاکی بەرێز! دەکرێ دەست لەیاریکردن بەم ژنە بێچارەیە هەڵگریت؟ تەقە دەکەیت یان نا؟

سیلۆێڤ وەڵامی دایەوە: شتی واناکەم، تەواو،ئیدی گەیشتمە ئاکام، ترسو تۆقینی تۆم بینی،جگەلەوە ناچارمکردی تەقەم لێبکەیت، ئەمەش بۆمن بەسە، ئیدی تاماوی هەرگیز لەبیرم ناکەیت، بەویژدانی خۆتت دەسپێرم. وەرسوڕا بڕوات، بەڵام کاتێ خەریك بوو لەدەرگاوە بچێتە دەرێ، بێدەنگ سەرنجی ئەو تابلۆیەی دەدا، کە فیشەکەکەی منی بەرکەوتبوو، ئەویش بەخێراییو بێ نیشانەگرتن فیشەکێکی بەتابلۆکەوە ناو ونبوو... هاوسەرەکەم بورایەوە، خزمەتکارەکانی ماڵ لەبەرامبەر نیگا پڕ لە سوکایەتییەکانی سیلۆێڤ، بەپێویستیان نەزانی گیانی خۆیان بخەنە مەترسییەوەو پێشی لێبگرن. بەپلیکانەکانداچوەخوارێ و گالیسکەچییەکەی خۆی بانگکردو بەرلەوەی بێمەوە سەرخۆم، لەبەرچاوان ونبوو.

کۆنت بێدەنگ بوو.

منیش زانیم گەیشتوومە کۆتایی ڕووداوەکە، ڕووداوێك کە سەرەتاکەی کاریگەرییەکی قوڵی لەسەر دانام، کە قارەمانەکەیم هەرگیز نەبینییەوە. گوایا دەڵێن سیلۆێڤ

لەسەردەمانی شۆڕشدا فەرماندەیی دەستەیەکی (هیتاریست)* ەکانی لەژێر سەرپەرشتی (ئەلیکساندەر بیلاسێنتیٚ)* دا کردووەو لەشەڕێکدا کە بەشەڕی سکولیانی ناسراوە، کوژراوە.

* تێبینی /ئەم چیرۆکە لە دەقە فارسیەکەدا بەناوی (تیرانداز) وە کراوەتە فارسی بەلاّم من ناوە ڕاستەقینەکەی خۆی (تیر) واتا فیشەکم بۆدانایەوە.

(پانچ) جۆره یاریەکە.

(هەوسار) لەشکری بەنێوبانگی سوارەی مەجەرستان کە سەربازەکانیان جل وبەرگی جوانیان لە بەردەکرد.

(بۆتۆزۆف) یەکێك بو لە ئەفسەرانی لەشکری هەوسار کە بە مەی خۆرێکی ئالودە نێوبانگی دەرکردبوو تەواوی یاسا ئەخلاقیەکانی خستبووە ژێر پێ.

(هیتاریست) لە شۆڕشی یۆنانیەکاندا بە سەربازانێك دەگوترا بێ هیچ جۆرە وابەستەییەکی حیزبیی ودەستەیی، تەنیا لەپێناوی پارەدا شەڕیان دەکرد.

(ئەلیکساندەر بیلاسێنتێ)لە بنەماڵەی ناسراوی فاناریۆتی یۆنانی بو،کە بۆسەربەخۆیی یۆنان لە دژی تورکەکان دەجەنگا.

. سەرچاوە: نگاهی به گزشته وچند داستان دیگر/ ترجمه/ پرویز ختایی/ نشر سهند١٣٧٠

# کورتەیەك دەربارەی ژیانو بەرهەمی نوسەرانی ئەم کتێبە

زۆربەی نوسەرانی نێو ئەم کتێبە زۆر لەوە ناسراوترن تا ئێمە بمانەوێت بیان ناسێنین، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، خراپ نیەکورتەیەك دەبارەی ژیانو بەرهەمەکانیان بخەینە روو.

پراسپەر مرێمێ (١٨٠٣- ١٨٧٠)

پراسپەر مرێمێ لەساڵی (١٨٠٣) لە پاریس لەدایك بووە، زۆربەی ڕۆژانی ژیانی خۆی لەگەشتو گەڕانو خزمەتی دەوڵەتدا بەسەر بردووە، لەدوایین ساڵەکانی تەمەنیدا، بەسیناتۆر هەڵبژێردرا، یەکێك لەگرنگترین بەرهەمەکانی چیرۆکی (کارمەن)ە، کورتە چیرۆکی ماتیۆ فالکۆن بەیەکێك لە شاکارەکانی ئەو دێتە ئەژمار.

**گی دو مۆپاسان (١٨٣٣- ١٨٩١)**

گی دو مۆپاسان لە کۆشکی دەوڵەمەندانەی (دوو میرو مسنێل) لە فەرەنسا هاتۆتە دنیاوە،لور دو مۆپاسان دایکێکە کە دەیەوێ کوڕەکەی لە سەر بناغەی ئاکاری ئەشراف و دەوڵەمەندانەی خۆی پەروەردە بکا، بەم هۆیەوە دایك و باوکی بەردەوام لە کێشەدابون. ڕونە کە لە نێو ئەم جۆرە ژیانەدا کەشوهەوایەکی گونجاوو ئارام بۆ منداڵێك دەستەبەر ناکرێ، بۆیە کەگەورەش دەبێت شوێنەواری ئەم کێشمەکێشانە بە سەر ژیان و دەرونیەوە دەبینرێت. چوار ساڵ بەر لە نوسینی (هورلا) واتا ساڵی ١٨٩١ وردە وردە نیشانەکانی نەخۆشی دەرونی لێ بەدی دەکرێ. تا سەرەنجام لە ساڵی (١٨٩٢) دەیەوێ خۆی بکوژێ بەڵام سەرکەوتو نابێ و دەگوازرێتەوە بۆ ئارامگای دەرونی دکتۆر بلانش. ئەو ئیدی هەرگیز نەیتوانی لەوێ بێتە دەرێ و سەرەنجام لە ساڵی (١٨٩٣) لە تەمەنی چل و سێ ساڵیدا دنیای جێهێشت. سەرەنجام گوتەی مامۆستاکەی خوی واتا (گۆستاف فلۆبێر)ی هێنایەدی کە گە دەیگوت : نوسەر جگە لە بەرهەمەکانی نابێ هیچ شتێکی تر دوای خۆی جێبێڵێ. مۆپاسانیش نزیك بە سێسەد چیرۆك و رۆمان دوای خۆی جێدێڵێ، کە نێوبانگێکی جیهانییان هەیە، بێگومان مۆپاسان یەکێکە لە نوسەرە هەرە بلیمەتەکانی نێو دنیای کورتە چیرۆك.

**ئەلیکساندەر سێرگیێڤیچ پۆشکین (١٧٩٩–١٨٣٧)**

پۆشکین لەمۆسکۆ هاتۆتە دنیاوە، گەرچی لێهاتوویی ئەو لەبواری شیعردایە، بەلاّم بەیەکێك لەباشترین نوسەرانی کورتە چیرۆك دێتە ئەژمار. لەساڵی ١٨٢٠ بەهۆی نوسینی کتێبی (شەقامی ئازادی) یەوە دووردەخرێتەوە بۆ باشوری ڕووسیا، زۆر لەژێر کاریگەری (بایرۆن)دا بووە، ساڵی (١٨٣٧) لەگەڵ دۆقێکی فەرەنسی بەگژ یەکتردا دەچنو لەئەنجامی شەرە شیرێکدا بەسەختی بریندار دەبێتو پاشان هەر لەئاکامی ئەمەدا کۆتایی بەژیانی دێت. ڕۆمانەکانی بریتین لە (کیژی کاپیتان) و (یەڤگینی ئۆنێگین). لە بواری نوسینی شانۆنامەشدا جێگا دەستی دیاربوە کە هێندێکیان بریتین لە (میوانە بەردینە، پەری دەریا، مۆتزارت و سالێری). پۆشکین چیرۆکی زۆری لەدوا جێماون، بۆ وێنە (بی بی پیك، قەرەج، خانچی، فوارەی باخچە سەرای)، فیشەك بەیەکێك لەشاکارەکانی پۆشکین دێتە ئەژمار.

**کارۆلی کیسفالۆدی (١٨٣٠–١٨٧٧)**

کارۆلیو برایەکەی ئەلیکساندەر بەیەکێك لەپێشڕەوانی ئەدەبیاتی نوێی بولگاریا دێنە ئەژمار، گەرچی کارۆلی زیاتر وەك نوسەری شانۆنامە ناوبانگی هەیەو دەناسرێت، بەلاّم توانی بەدرێژایی تەمەنی کورتی خۆی ژمارەیەك کورتە چیرۆك بنوسێت. یەکێك لەڕەخنەگرە ناسراوەکان لەبارەی ئەوەوە دەڵێت: بەجۆرێك کەشو هەوای ڕاستەقینە بەسەر چیرۆکەکانیدا زاڵ دەکا، کە مرۆڤ وا هەستدەکات ئەو چیرۆکە بۆ هەمیشەو تاهەتایی نوسراوە.

**ڤ. ئۆسیپۆف (١٩٣٠–)**

ساڵی (١٩٣٠) لە ڕوسیا لە دایك بوە، لەڕشتەی ڕۆژنامەنوسیدا خوێندوویەتیو دواتر هاتۆتە نێو دنیای ئەدەبیاتەوە، وەك نوسەری چەند ڕۆمانو شانۆنامەی سینەمایی ناوبانگی دەرکردووە. چیرۆکی بەڵگەنامەیی (نامەیەکی نەنێردراو) یەکێکە لەبەرهەمەکانی ئەم نوسەرە، کە دواتر کرا بەفیلمی سینەماییو لەلایەن خەڵکییەوە پێشوازییەکی بێوێنەی لێکرا. نوسەر بۆخۆی لەبارەی ئەم چیرۆکەیەوە دەڵێت: پایزی

ساڵی (١٩٥٦) وەك پەیامنێری ڕۆژنامەی (كۆمسۆمۆ لسكایا پراڤدا) چووەیە یاكۆتستان، لەوێ داستانی زۆرم لەبارەی قارەمانیو ئازایەتی كانزاناسانو دۆزەرەوەكانی كانە ئەڵماسەكان بیست، یەكێك لەم ڕووداوانە بووە هەوێنی ئەم چیرۆكە.

**ئارسكین كالدویل (١٩٠٣ –١٩٨٧)**

نوسەرێكی ڕەشپێستی خەڵكی ئەمریكایە، بە هۆی ئەو هەلاوردن و جیاوازیانەی لە ئەمریكادا بەرامبەر ڕەشپێستەكان ئەنجام دەدرێ تا ڕادەیەكی باش توانیویەتی لە بەرهەمەكانیدا ڕەنج و كوێرەوەری و مەینەتیەكانیان نیشان بدات. هێندێك لە بەرهەمەكانی دەكری ئاماژەیان پێ بكەین بریتین لە (باكوری دانوب)، (سەرزەمینی ئەمریكا)، (ڕێگاكانی باشور)،(چیروكەكانی باوكم). بەلام كاتێك كە ڕۆمانی (جادەی تەنباكۆ)ی نووسی ڕەنگدانەوەیەكی زۆری هەبوو و ناوبانگێكی باشی پێ دەركرد. ئەم ڕۆمانە بە بالآترین شاكاری ئەو دەژمێردرێ.

**ویلیام شكسپیر (١٥٦٤–١٦١٦)**

شكسپیر لە ساڵی ١٥٦٤ لە سترافۆرد لەنێو بنەماڵەیەكی هەژار و دەستكورت هاتۆتە دنیاوە. یەكێكە لە بلیمەتەكانی نوسینی شانۆنامە. كە تاكو ئێستاش بەرهەمەكانی لە برەودان و كەم وێنەن و بە نەمری ماونەتەوە و لە داهاتوشدا گرینگی خۆیان لە دەست نادەن. زۆربەی زۆری ڕوداوەكانی نێو شانۆنامەكانی لەنێو كۆشك و تەلاری پاشا و بەگزادانداية و زۆر بە جوانی توانیویەتی كەش و هەوای نێو كۆشك و سەرسەرایان وێنا بكات و لە هەمان كاتیشدا خوێنەر بە توندی ڕا بكێشێ كە وە دوای ڕوداوەكانی نێو شانۆنامەكانی بكەون لە هەمان كاتیشدا شیعری نوسیوە و توانیویەتی لەو بوارەشدا سەركەوتو بێت. بەشێك لە شانۆنامەكانی بریتین لە: ڕۆمیۆ و جولێت، هاملێت، ئۆتێللۆ، بازرگانی ڤینیسیا.

### فرانك ئۆ كانەر (١٩٠٣–١٩٦٦)

فرانـك ئـۆ كانـەر (مايكـل ئـا دونوڤـان) لـە ئیرلەنـدا هاتۆتـە دنیـاوە، خوێنـدنی لـە قوتابخانەی مەسیحییەکان بووە، وەك كتێبدار لە دبلن سـەرگەرمی كـاربووە. لەڕاسـتای نوسـینی كورتـە چـیرۆكدا بەنوسـەرێكی لێهـاتوو دێتـە ئـەژمار، شـارەزایان بەیـەكێك لـە پەیڕەوانی شێوازی نوسینی (چیخۆف) ی دەزانن، لـەنێو كۆمەڵـە چـیرۆكەكانیدا دەكـرێ ئاماژە بدەین بە (میوانی میللەت)، ( ناڕەزایی پیاوانە)، (دەنگی تەنیا) كە زۆر ناسراون. لـەبواری لێكۆڵینەوەشـدا نوسـیویەتی، وەك (هونـەری تیئـاتر) ١٩٤٧، (دەنگـی دەریـا) ١٩٦٢ وە لــەبواری شیعریــشدا توانیویــەتی جــێ پەنجــەی دیاربێــت، وەك (شــاكانو دەوڵەمەندانو خەڵكانی ئاسایی) ئـەم نوسـەرە مەزنـە لەسـاڵی (١٩٦٦) چـاوی لێـك نـاو دنیای جێهێشت.

### تۆماس هاردی (١٨٤٠–١٩٢٨)

تۆماس هاردی نوسـەری ناسـراوی ئینگلیـزی، بەرلـەوەی سـەروكاری لەگـەڵ نوسـیندا هەبێت لەڕشتەی ئەندازیاری بینا دەیخوێنـد، هەمیـشە لـە نـاخی خۆیـدا بـۆ خۆیـەكلایی كردنەوە لەنێوان نوسینی چـیرۆك و شـیعردا، لـە كێشمەكێـشدا بـوە یەكـەمین چـیرۆكی لەساڵی (١٨٧١) لـە لەنـدەن چاپكراو ناوبـانگێكی زۆری بـۆ بەدەسـتهێنا. دواتـر چـووە (دوور چستەر) و نزیكەی پەنجا ساڵ لەوێ ژیا، ئەو لە دروستكردنی كەسایەتیو كـەشو هەوای چیرۆكدا بێوێنە بووە،هەروەها ڕۆمانی نوسیوە. كە لـە یەكـەمین ڕۆمانیـدا لەگـەڵ ڕەخنەیــەكی زۆری ڕەخنــەگران ڕوبــەڕوو بــۆوە. كــە دواتــر رۆمــانی (چارەســەرێكی نائومێدانە)ی بەدوادا هات. دواتر ڕۆمـانی (لـەژێر درەخـتی جەنگـەڵی سـەوزدا)ی نوسـی ئیدی ڕۆمان نوسینی كردە پیشەی سەرەكی خۆی و پیـشەی ئەنـدازیاری بینـای وەلانـا. تــا ســەروەختی بــڵاو بونــەوەی ڕۆمــانی (جــودی تاریــك) كەلەگــەڵ هێرشــێكی زور بێبەزەییانەی ڕەخنەگران بەرەو ڕو بۆوە. ناچار جارێكی تر پەنای بـۆ شـیعر هێنایـەوە. بەتایبەت لەساڵەكانی كۆتاییدا پێگەی شیعرەكانی هاردی هەڵدەكشێ. كە ئەمڕۆ هـاردی نـەك تـەنیا وەك نوسـەری چـیرۆك و ڕۆمـان، بـەڵكو وەك شـاعیرێكی سـەركەوتوو سـەیر

دەکـرێ. لـەنێو نوسـینە زۆرو زەوەندەکانیـدا سـێ کۆمەڵـە چـیرۆك دەبینرێـت، کـە لەسەرووی کارەکانی تریەوە د ێنە ئەژمار.

**هێرمان سۆدێرمان (١٨٥٧–١٩٢٨)**

هێرمان سۆدێرمان لە پروسیای ڕۆژهەڵات هاتۆتە دنیاوە، خوێندنی لە کـونیکز بێـرگو بەرلین تەواو کردووە، یەکێکە لەپـەیڕەوانی بزووتنـەوەی شـانۆنامە نوسـی سـەرەتاکانی سەدەی بیستەم، گەرچی ماوەیەکی زۆر بەسەر مردنیدا تێپەڕیوە، بەڵام چیرۆکەکانی کە دەربـارەی ژیـانی خـەڵکانی لیتوانیـاو پروسـیای ڕۆژهەڵاتـەوە نوسـیونی تـا ئـەمڕۆش بەنەمری ماونەتەوە، لەنێو خەڵکانی ئـەڵمانی زمـانو وڵاتـانی تریـشدا ناوبـانگێکی زۆری هەیە.

**هانس دۆمەنەگۆ (١٩٢٦–)**

هـانس دۆمەنـەگۆ لەسـاڵی (١٩٢٦) لـە ڤیـەننا هاتۆتـە دنیـاوە، یەکێکـە لـەو نوسـەرە بەناوبانگانەی کە لەبواری ئەدەبیاتی منداڵانو تازە لاواندا ناوێکی دیاری نـاو ئـەدەبیاتی هاوچـــەرخی ئـــەڵمانی زمانـــە. تـــەنزێکی شـــاراوەو لەهەمانکاتیـــشدا ڕوونو دیـــار لەنوسـینەکانیدا بـەدی دەکـرێو وەبیرهێنـەرەوەی نوسـینە دڵگیرەکـانی (ئـاریش کۆسـتنەر)ە، زۆر سـادەو سەرڕاسـت دەنوسـێتو لەشـتە لاوەکـیو بەڕووکـەش بێسوودەکاندا تەنزێکی تاڵو ڕووشێنەر دەردەهێنێت.

**فرانسیس ئاستیگمۆلەر (–)**

بەداخەوە دەربارەی ژیانی ئەم نوسەرە هیچم دەسنەکەوت

تێبینی /بۆ زیاتر کردنی زانیاری لەسەر ژیانی نوسەرەکان،سودم لە چەند سـایتێکی ئینتـەرنێت بـە زمانی فارسی وەرگرتووە.

## زنجیره چاپکراوەکانی ساڵی ٢٠١٠
## بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆژنامەنووسی و چاپ و بلاوکردنەوە
## بەڕێوەبەرایەتی بلاوکردنەوەی هەولێر

| ژ | ناوی کتێب | ناوی نووسەر | بابەت | نرخ | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|
| ٤٣٩ | شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی لێکۆڵینەوەیەکی شێوازگەریی پراکتیکیە | هێمن عومەر خۆشناو | لێکۆڵینەوە | ٢٠٠٠ | ٣٨٤ |
| ٤٤٠ | پەروەردەی جەستەو لەش جوانی | باقی ئاهی | مەشقی وەرزشی | ٦٠٠٠ | ١٢٤ |
| ٤٤١ | رۆشنبیری و زانست لە خزمەت کۆمەڵگەدا | مونا گلیانا مەنسوور | کۆمەلآیەتی | ٢٠٠٠ | ١٢٨ |
| ٤٤٢ | سنة في الجحيم | ترجمة: جلال زنكابادي | یادەوەری | ٢٠٠٠ | ٢١٦ |
| ٤٤٣ | مدن عراقية عبر التاريخ | فؤاد قزانجي | مێژوویی | ٢٠٠٠ | ١٢٠ |
| ٤٤٤ | ترنيمة النهر الازلي | نوئيل جميل | شیعر | ١٠٠٠ | ٦٤ |
| ٤٤٥ | ئەفسانەی رەنگستان یان رەنگستانی ئەفسانە | عەبدوڵلاّ سەراج | رۆمان | ٢٠٠٠ | ١٦٠ |
| ٤٤٦ | پەیامێك لە ئایندەوە | بەهزاد حەوێزی | دەروونی | ٢٠٠٠ | ١٦٠ |
| ٤٤٧ | بە شێوازی خۆم بمدوێنە | و: ئاشنا عومەر | دەروونی | دیاری | ٤٨ |
| ٤٤٨ | فەرهەنگی شیلانە (کوردی – فەرەنسی) (فەرەنسی – کوردی) | برایمی مەلا | فەرهەنگ | ٨٠٠٠ | ٧٨٤ |
| ٤٤٩ | گوێڕایەڵی کاربەدەستان | عبدولجەلیل ئیسماعیل | ئاینی | ٢٠٠٠ | ١٤٤ |
| ٤٥٠ | السايكولوجية الجماعية للدين عبر التاريخ | د. وهبية شوكت محمد | تێزی دکتۆرا | ٥٠٠٠ | ٥٦٤ |
| ٤٥١ | رێبەری چاپکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆژنامەنووسی و چاپ و بلاّوکردنەوە | ئا: ماجید نووری | بیبلۆگرافیا | - | ١٦٠ |
| ٤٥٢ | جاهید یگەرێ | محمود زامدار | کۆمەلایەتی | ١٥٠٠ | ١٢٠ |
| ٤٥٣ | پەرەسەندنی رۆشنبیریی کوردی | هەیاس کاکەیی | رۆشنبیری | ٢٠٠٠ | ١٨٤ |
| ٤٥٤ | بێ سرمیچ | شیلان گەیلانی | شیعر | ١٠٠٠ | ٨٨ |
| ٤٥٥ | نامەی مەسعود محەمەد بۆ سەعدون حەمادی | ئا: محەمەد مەسعود | سیاسی | ٢٠٠٠ | ٢٠٠ |
| ٤٥٦ | رامانێك بۆ جیهانی موزیك | نایف شێخانی | هونەری | ٢٠٠٠ | ١٤٤ |
| ٤٥٧ | عبدالله گۆران رائداً لحركه تجديد الشعر الكوردي | كمال غمبار | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | ٣٠٠٠ | ٣٧٠ |
| ٤٥٨ | پیشەگەری و تەکنیکەکانی بەرهەم لە شاشەی تەلەفزیۆن | برزۆ ئیسماعیل مەنسوور | زانستی | ٧٠٠٠ | ٦٤٠ |
| ٤٥٩ | سیڤییەکان | شێرزاد هەینی | گشتی | ٣٠٠٠ | ٢٨٠ |
| ٤٦٠ | هزرکرن د پرسێن رەخنێ دا | محسن ئوسمان | رەخنە | ٣٠٠٠ | ٣٢٨ |
| ٤٦١ | کورتە ئینسکلۆپیدیای جوگرافیای ولاّتانی جیهان/ بەرگی یەکەم | و-ئا: کەریم ئەحمەد | فەرهەنگ | ٥٠٠٠ | ٤٦٤ |
| ٤٦٢ | کورتە ئینسکلۆپیدیای جوگرافیای ولاّتانی جیهان/ بەرگی دووەم | و-ئا: کەریم ئەحمەد | فەرهەنگ | ٥٠٠٠ | ٤٤٨ |
| ٤٦٣ | عملية الانفال وآثارها على الشباب دراسة اجتماعية نفسية | فاتح محمد سليمان | دراسة سياسية | ٤٠٠٠ | ٥٤٤ |
| ٤٦٤ | کتێبی رێزمانی کوردی | دانییل ه. کیم | زمانەوانی | ٢٠٠٠ | ١٠٤ |
| ٤٦٥ | دائیرەتولمەعاریف بەرگی ٥ مێژوی هونەر بەشی ١ | خوسرەو جاف | هونەری | چوار بەرگ ٣٠٠٠٠ دینار | ٤٠٨ |
| ٤٦٦ | دائیرەتولمەعاریف بەرگی ٦ مێژوی هونەر بەشی ٢ | خوسرەو جاف | هونەری | چوار بەرگ ٣٠٠٠٠ دینار | ٣٣٦ |
| ٤٦٧ | دائیرەتولمەعاریف بەرگی ٧ مێژوی هونەر بەشی ٣ | خوسرەو جاف | هونەری | چوار بەرگ ٣٠٠٠٠ دینار | ٣٨٨ |
| ٤٦٨ | دائیرەتولمەعاریف بەرگی ٨ مێژوی هونەر بەشی ٤ | خوسرەو جاف | هونەری | چوار بەرگ ٣٠٠٠٠ دینار | ٣٤٠ |
| ٤٦٩ | جووتێك چاوی سەوز | غەریب پشدەری | وەرگێڕانی ئەدەبی | ٣٠٠٠ | ٣١٢ |
| ٤٧٠ | ئیلشا | دیدار مەسیفی | رۆمان | ٢٠٠٠ | ٣٠٤ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٤٧١ | گرێ ی دەنگسازی | د. شێرکۆ بابان | زمانەوانی | ٥٠٠٠ | ٢١٤ |
| ٤٧٢ | مێری مەیدان | جەمال گردەسۆری | داستان | ١٥٠٠ | ١٣٦ |
| ٤٧٣ | تروسکەی ئەستێرەیەکی دوور | و. سالح محەمەد ئەمین | رۆمان | ٤٠٠٠ | ٤٢٤ |
| ٤٧٤ | المسافر | دلزار اسماعیل رسول | مجموعه القصصیه | ١٠٠٠ | ٤٨ |
| ٤٧٥ | جێژوان | شنۆ محمد | شعر | ١٠٠٠ | ٨٧ |
| ٤٧٦ | السادن في الرحاب المغامره | بوتان جلال | شعر | ١٠٠٠ | ١٠٤ |
| ٤٧٧ | توونازکی | سەباح بابێزینی | شیعر | ١٠٠٠ | ١٢٨ |
| ٤٧٨ | کۆمەڵەی ئیخوان ئەلسەفا | ئەبو بەکر شوان | گشتی | ٢٠٠٠ | ١٣٦ |
| ٤٧٩ | شاعیرانی نوێخوازی سویدی | د. کومال معرووف | | | ٨٠ |
| ٤٨٠ | نامەیەکی نەنێردراو | ئازاد نجم | کۆمەڵە چیرۆک | | ١٤٤ |